# بنەما و ئادابەکانی دانوستاندن

ئەم کتێبە پێشکێشە بە...

* ئەوانەی بڕوایان بە پرەنسیپی دانوستاندن هەیە.
* ئەوانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە وتەنگژەکانیان لە جیاتیی بەکارهێنانی توندوتیژی و شەڕ و جەنگ و تۆقاندن و خوێن ڕشتن و کوشتن و قڕکردن و لەناوبردن، پەنا بۆ زمانی دانوستاندن و لێکگەیشتن دەبەن.
* ئەوانەی لە ڕێگەی زمانەوە پردێکی پتەوی خۆشەویستی لە نێوان خۆیان و ئەوانەی جیاواز لە خۆیان دروست دەکەن.
* ئەوانەی بە کردەوە ڕێز لە ئاشتی و ئازادی و دادپەروەری دەگرن.

# بنەما و ئادابەکانی دانوستاندن

محەمەدسالح پێندرۆیی "جگەرسۆز"

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەدساڵح پێندرۆیی "جگەرسۆز"
بنەما و ئادابەکانی دانوستاندن
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٧٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠١٩ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

## پێشەکی

حیوار یان دیالۆگ کە بە دانوستاندن لەم کتێبەدا تیشکی خراوەتە سەر، مێژوویەکی یەکجار دوور و درێژی هەیە، کە هێندەی مێژووی بوونی مرۆڤایەتی درێژ دەبێتەوە.

حیوار پێداویستییەکی مەعریفییانەی مرۆڤەکانە و، لە ئەنجامی حیواردا زانیارییەکان دێنە گۆڕینەوە و، هەر لە ئەنجامی حیوار و دانوستاندنیشدا بیر و بۆچوونە جیاوازەکان بەیەکتری ئاشنا دەبن و، زۆرجاریش ئاوێتەی یەکتری دەبن و، لە ئەنجامی موتوربەکردنی ڕا جیاوازەکاندا ڕایەکی سێیەم یان ڕایەکی نوێ دێتە ئاراوە.

حیوار و گفتوگۆ و دانوستاندن، ڕێگەیەکی بازنەییە، واتە بەردەوام بیر و بۆچوونەکان لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە هەتا دەگەنە بەرەنجام و کۆتاییەکی پەسندکراو، بۆیە حیوار پێویستی بە ژینگە و کەش و زەوینەی ئازادانە هەیە و، پێویستی بە ئازادی ڕادەربڕین و مافی ئاخاوتن و ڕا و ڕای جیاواز هەیە، چونکە (حیوار) فرمانی سەربازی نییە و، فرمانێکی ئیداریش نییە کە کەسی یەکەم بەسەر کەسی دووەم و ئەوانی تردا بیسەپێنێت.

لە حیواردا زانیاریی باش و، بیستنی باش و، ڕێگەی سەلماندن هەیە، نەک سەپاندن، دەربڕینی ڕوون و ڕێزگرتن لە بەرامبەر پێویستە نەک شکاندن و بەکەمزانین.

حیوار و دانوستاندن لە ڕووی فیکر و هزرەوە، کەڵەکەبوون و زیادبوونی خەرمانی مەعریفە بەرهەم دەهێنێت و، لە ڕووی سیاسیشەوە کەڵەکەبوون و کۆکردنەوەی ئەزموون و گۆڕینەوەی ئەزموونەکانە.

حیوار و دانوستاندن، سنگفراوانی و گیانی لێبووردەیی و بوارپێدان

دەخوازێت، بەتایبەت لە سەردەمی کرانەوەی سنوورەکان و شۆڕشی گەیاندن و زیادبوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و، زیادبوونی ڕێژەی گەشتوگوزار و سەفەرکردن و، بینینی ئەزموونی وڵاتان.

حیوار هەر وەکو ڕۆژانە لەنێو هەردوو کەسێکدا پێویستە، ئاواش لەنێو حزبەکان و ژیارەکان و ئاینەکان و ئاینزاکان و کولتوورە جیاوازەکاندا پێویستە، بۆیە زۆر گرینگە پردێکی پێوەندی دروست بکەین لە نێوان جیاوازەکاندا بەمەبەستی بەیەکگەیشتن، لەبەرئەوەی زۆربەی کات بەیەکگەیشتن هۆکارێکی کاریگەرە بۆ لەگەکگەیشتن.

لە حیوار و دانوستاندندا فێر دەبین کە شتێک نییە بەناوی کۆتایی مێژوو، یان ململانێی ژیارەکان، ئەوەش فێر دەبین کە هیچ کەسێک، کولتوورێک، حزبێک، وڵاتێک، خراپی ڕەها نییە و، باشی ڕەهاش نییە. بۆ حیوار و دانوستاندن پێویستە نەک دەرگەکان بە تەنیا، بگرە دەرگە و پەنجەرەکان بخەینە سەرپشت و کراوە بن، پێویستە وا لە حیوار و دانوستاندن بگەین کە پرۆسەیەکی تەواوکارییە و، خۆمانی پێ دەوڵەمەند دەبین.

ئەم کتێبەش کە لە بەردەستی تۆی خوێنەردایە و، مامۆستای بەڕێز (محەمەدساڵح پێندرۆیی) نووسیویەتی و، لە نووسینیدا پشتی بە زۆر سەرچاوەی جیاجیا بەستووە، دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو دنیای دانوستاندن و، هەوڵێکیشە بۆ ڕەخساندنی کەشوهەوای حیوار و، سەکۆیەکە بۆ بەیەکگەیشتن لە پێناوی لەیەکگەیشتن و، برەودان بە کولتووری حیوار و کرانەوە و گفتوگۆی هێمنانە و گۆڕینەوەی زانیاری و ئەزمونەکان.

دەستخۆشی لە برای نووسەر دەکەم بۆ ماندووبوون و نووسین لەسەر ئەم چەمکە و، دەستخۆشی لە تۆی خوێنەریش دەکەم کە خوێندنەوەی ئەم کتێبەت بەپێویست زانیوە.

عەبدوڕەحمان سدیق

هەولێر ٥/ ١/ ٢٠١١

## پەیڤی "دانوستاندن"

## لە زمان و فەرهەنگە جیاجیاکانی جیهاندا

پەیڤی (دانوستاندن) لە فەرهەنگی هەر زمانێکدا بەجۆرێک هاتووە، بۆیە جێی خۆیەتی بزانین وشەی (دانوستاندن) لە فەرهەنگی زمانەکانی: (کوردی، ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی، تورکی)دا، چۆن و بە چ ناوێک هاتووە.

* بە کوردی پێی دەڵێن: (دانوستان، گفتوگۆ، مفاوەزات، وتوویژ، دانوستاندن، هەڤپەیڤین، گوتوبێژ، قسەوباس، مچلگە).

* بە ئینگلیزی پێیَ دەڵێن: negotiation، talk، dialog.

* بە فارسی پێی دەڵێن: (مذاکرة).

* بە عەرەبی پێی دەڵێن: (مذاکرات، مفاوضات، محادثات، مباحثات، حوار).

* بە تورکی پێی دەڵێن: (دایلۆغ).[1]

### دانوستاندن چییە؟

پەیڤی دانوستاندن یاخۆ دانوستاندن لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

پەیڤی دانوستاندن: پەیڤێکی پەتی و رەسەنی لێکدراوی کوردییە، لە دوو برگە پێک هاتووە: یەکەمیان: دان، دووەمیان: ستاندن. واتە "بەخشینی شتێک بەرانبەر وەرگرتنی شتێکی تر". ئەمەش کاتێ قابیلی جێبەجێکردنە کە زەوینەیەکی لەبار و گونجاو بۆ ئەنجامدانی دانوستاندن رەخسابێ و لایەنەکانی دانوستانکار بەو قەناعەتەوە بچنە سەر مێزی دانوستاندن و وتوویژەوە.

بابەتی دانوستاندن، هەویرێکە زۆر ئاو هەڵدەگرێ، چونکە بابەتێکی فرە ڕەهەند و گرینگ و چڕوپڕە، هەروەها چەندان شێواز و ئاداب و میکانیزم و پاڵنەر و جۆر و مەرج و ئامانجگەلی خۆی هەیە، لەم سۆنگەیەوە پێویستە لە سەرەتاوە بزانین دانوستاندن چییە و چۆن پێناسە کراوە؟

د.أمیمە عبود: کۆمەڵێک پێناسە بۆ دانوستاندن دەکات، لەوانە:

* "دانوستاندن یەکێکە لە میکانیزمەکانی هزرکردنەوەی مرۆڤی پێشکەوتوو".[٢]
* "دانوستاندن لە راستیدا فاکتەرێکە بۆ تێگەیشتن لە جیهانی هاوچەرخ و تێڕوانین و ڕووە هاودژەکانی، هەروەها دانوستاندن فاکتەرێکە، یان پرەنسیپێکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی وا لە مرۆڤ بکات تا ئەوپەڕی سنوور هزر بکاتەوە و وای لێ بکات کە زیاتر کراوە و لیبراڵ بێت".[٣]
* :"دانوستاندن بریتییە لە بنیاتنانی دەقێکی دیاریکراو، بناغەی بنیاتی ئەو دەقەش گفتوگۆکردنە".[٤]
* نەوشیروان مستەفا دەڵێت:" گفتوگۆ، هونەرێکی بەرزی دپلۆماسی و بەڕێوەبردنی ململانێیە، بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکی لە نێوان کەسانی ناتەبا، دامەزراوی ئابووری، ڕێکخراوی سیاسی، گەلان، دەوڵەتاندا، هەروەها هەموو پرۆسەیەکی گفتوگۆ بریتییە لەوەی هەر لایەک دەست لە هەندێ شتی خۆی هەڵدەگرێ بۆ لایەنەکەی تر، بەرانبەر بەوەی هەندێ شتی تر لە لایەنەکەی تر بەدەس دەهێنێ".[٥]
* غسان بن عبدالعزیز القین، بەم شێوەیە دەڕوانێتە دانوستاندن:" دانوستاندن ئاڵوگۆڕکردنی قسە و ئاخاوتنە لە نێوان دانوستانکاران، تا دەگەن بەئەنجامێک."[٦]
* د. صالح بن حمد دەڵێت:" دانوستاندن و گفتوگۆ لە نێوان دوو لایەن یان چەند لایەنێک بۆ ئەوەیە: ئاخاوتنەکان راست بکرێنەوە، بەڵگەکان بەرجەستە بکرێن، راستی و هەقی بسەلمێندرێ، گومانەکان وەلا بنرێن و

قسه و ڕای پووچیش رەت بکرێنەوە.[٧]

* لە ڕوانگەی (حمدی شفیق)ی سەرنووسیاری گۆواری (النور الاسلامیة المصریة)ەوە، دانوستاندن:" شێوازێکە لە شێوازەکانی لێک تێگەیشتن لە نێوان کەسەکان، کۆمەڵەکان، دەوڵەت و شارستانییەتەکان، بەمەبەستی یەکترناسین و پێکەوەژیان و هەبوونی هاوکاری لە نێوان خەڵکدا، لەسەر بناغەی بیروڕای ئازاد و ڕێزگرتن لە ئەوانی تر و گۆڕینەوەی بەهرە و سوودەکان".[٨]
* محمد السماک دەڵێت:"دانوستاندن گەڕانە بەدوای ڕاستیدا، بەڵام لە دید و ڕوانگەیەکی جیاوازەوە، واتە ڕاستی مافی کەسێک نییە بەرەهایی، هەروەها دانوستاندن فەرامۆشنەکردن یان پشتگوێنەخستن یان کەمنەکردنەوەیە لە گرینگیی دید و بۆچوونەکانی ئەوانی تر."[٩]
* لە فەرهەنگی (لارووس)ی فرەنساییشدا دانوستاندن ئاوا پێناسە کراوە: "بریتییە لە گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوان دوو کەس یان چەند کەسێکدا".[١٠]
* "دانوستاندن ڕێگەیەکە بۆ دروستکرنی پێوەندی لە نێوان تاکەکان، کە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی بەڵگە و چەمکەکان، بەبێ پەنا بردنەبەر هێز و توندوتیژی و بەبێ دوورکەوتنەوە لە چوارچێوەی دانوستاندن".[١١]
* "دانوستاندن تاکە دیمەنی پێوەندیکردنە، کە تەنیا بە خودی مرۆڤەکانەوە پێوەست بێت و، لە نێوانیاندا چەسپاو بێت".[١٢]
* "دانوستاندن یەکێکە لە دینامیکییەکانی هزرکردنەوە و هەنگاوێکە بۆ تێگەیشتن لە وی تر و، هاوبەشیکردنیەتی لە قەناعەتە جۆرەوجۆرەکاندا، بەشێوەیەکی بابەتیانە و، نزیک لە دانپێدانان و درک بەیەکترکردن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی زیادکردنی جیهانییەتی مەعریفە".[١٣]
* دانوستاندن بناغەی شارستانییەت و فاکتەری گۆڕینی مرۆڤە لە کەسێکی سروشتییەوە بۆ کەسێکی سیاسی، یان شارستانی.[١٤]
* گادمیر دەڵێت: "دانوستاندن بریتییە لە هەڤپەیڤینی دوو کەس، کە هانی

جۆرێکی تایبەت دەدات لە پێوەندییەکان و کارلێککردن و، تەنیا پێوەست نییە بەپرسیار و وەڵامەوە، بگرە جۆرێکە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشداران پێکەوە دەبەستێتەوە".[١٥]

* هابرماس دەڵێت: " دانوستاندن جۆرە ئاڵوگۆڕکردن و نواندنێکە لە پێوەندییەکان، هەر تەنیا جۆرێک نییە لە پێوەندییە بەرابەرەکان".[١٦]

* Bohm دەڵێت:" دانوستاندن بریتییە لە دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی گشت تەنگژەکان، کە لە کاتی دروستبوونی پێوەندییەکی ڕاستەقینەدا ڕووبەڕووی تاکەکان و نەتەوەکان دەبێتەوە".[١٧]

* بەڵام بە هزر و تێڕوانینی (بۆن):" دانوستاندن بریتییە لە دۆزینەوە، یان دووبارە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی جۆرێک لە هۆشیاری (وعي)ی کۆمەڵایەتیی رەسەن و داهێنەرانە، لە دیدی (بۆن)ەوە دانوستاندن لێرەدا چەشنی جۆرێکە لە هۆشیاربوونەوە، کە دوا بەدوای ئەمە کۆمەڵێک چەمک و واتای هاوبەش لە نێوان دانوستکاراندا دێتە ئاراوە، هەروەها (بۆن) دەڵێت: " دانوستاندن جەدەڵ و دەمەتەقێ نییە، چونکە جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوکاری و یارمەتی".[١٨]

* : "طارق بن علی الحبیب دەڵێت: "دانوستاندن گەڕانەوەیە بۆ پەیڤین و ئاخاوتن لە نێوان دوو لایەندا، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی دیار هەبێت لە نێوانیاندا، لەسەر دوژمنایەتیکردنی یەکتر".[١٩]

## مێژووی پەیدابوونی دانوستاندن بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

ئاخۆ مێژووی دانوستاندن بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە، یاخۆ بەر لە ئەفراندنی مرۆڤیش هەبووە و بوونەوەرانی تر، پەنایان بۆ بردووە؟ ئەڵبەتە بەهێزترین و باشترین بەڵگە بۆ زانینی سەرەتای دانوستاندن، لە مێژووی بوونەوەر و جیهانی هەستیدا، قورئانی پیرۆزە: خوای مەزن لە چەندان شوێنی قورئانی پیرۆزدا باس لەوە دەکات کە بەر لە پەیدابوونی ئادەمیزاد، دانوستاندن هەبووە، بۆ نموونە خوای مەزن بۆ ئێمە باس لە

هەبوونی جۆرە دانوستاندنێک دەکات کە بەر لە دروستکردنی ئادەم پەیامبەر، سەلاوی لەسەر بێت ڕووی داوە، ئەویش دانوستاندنی نێوان (خوا و فریشتەکان)ە، لەمەڕ دروستبوونی ئادەم پەیامبەرەوە، هەروەک خوا لە سورەتی (البقرة)دا لە ئایەتی (٣٠) دەفەرمووێت: "بسم الله الرحمن الرحيم × واذ قال ربك للملائكة اني جاعل في الارض خليفة × قالوا اتجعل فيها من يفسيد فيها ويسفيك الدماء و نحن نسبح بحمدك ونقدس لك × قال اني اعلم مالا تعلمون × صدق الله العظيم[٢٠].

واتە" ئەی محەمەد (د.خ)، بیریان بێنەوە کە پەروەردگاری تۆ بەفریشتەکانی وت بە ڕاستی من جێنشینێک دروست دەکەم لەسەر زەوی، فریشتەکان وتیان ئاخۆ کەسێکی وای تێدا دروست دەکەیت کە خراپە و بەدیی تێدا بکات و، خوێنی تێدا بڕێژێ؟ لە کاتێکدا کە ئێمە یادت دەکەین بەستایشکردنت و، بە پاک ڕات دەگرین، خوا فەرمووی بێگومان ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن"[٢١]. بەڵام کۆنترین دانوستاندن لە نێوان خودی مرۆڤەکاندا کرابێت، بۆ سەردەمی کوڕەکانی بابە ئادەم، (قابیل و هابیل) دەگەڕێتەوە، کە قورئانی پیرۆز لە سورەتی مائیدەدا لە ئایەتی (٢٧-٣٠) ئاماژەی پێ دەکات و دەفەرمووێت:"واتل عليهم نبأ ابني ادم بالحق اذ قربا قربانا فتقبل من احدهما ولم يتقبل من الاخر قال لاقتلنك قال انما يتقبل الله من المتقين لئن بسطت الى يدك لتقتلني ما انا بباسط يدي لأقتلك اني اخاف الله رب العالمين". صدق الله العظيم[٢٢].

واتە" ئەی محەمەد (د.خ) بخوێنەرەوە بەسەریاندا هەواڵی دوو کوڕەکەی ئادەم (قابیل و هابیل)، کە هەق و ڕاستە، کاتێ هەردوویان دوو جۆرە قوربانییان کرد، ئینجا لە یەکێکیان وەرگیرا و لەوی تریان وەرنەگیرا، (ئەوەیان لێی گیرا نەکرا) وتی بێگومان دەبێ هەر بتکوژم، ئەویش وتی خوا (قوربانی) تەنیا لە پارێزکاران گیرا دەکات، سوێند بە خوا ئەگەر تۆ دەستم بۆ درێژ بکەی بۆ ئەوەی بمکوژی، من دەست درێژ ناکەم بۆ ئەوەی بتکوژم، بەڕاستی من لە خوا دەترسم"[٢٣].

## مرۆڤ بۆچی پەنا بۆ دانوستاندن دەبات؟

ئەمە پرسیارێکی گرینگە بزانین بۆچی مرۆڤ لە هەموو کات و سات و لە گشت دەور و زەمانێکدا پەنا بۆ دانوستاندن دەبات و پێویستی پێیەتی؟ ئەڵبەتە، مرۆڤ بیست سەدەی زاینی بەڕێ کرد و، پێی نایە سەدەی بیست و یەکەوە، راستە نکوولّی لەو هەقیقەتە حاشاهەڵنەگرە ناکرێت کەوا مرۆڤایەتی لە حاڵی حازردا لە ترۆپکی پێشکەوتنی هزری و مەعریفی و زانستی و تەکنەلۆجی و پیشەسازی و لۆجستی و هونەری و ئەدەبی و... تاددا، ژیان دەگوزەرێنێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ کەموکووڕی و دەرد و نەخۆشییەکمان نەبێ و دنیا شامی شەریف بێت، بە پێچەوانەوە رەنگە جیهان هیچ سەدەیەک بەقەدەر ئەم سەدەیە بێ تەنگژە و ئاریشە نەبێت، چونکە جیهانی ئێستامان پڕە لە کێشە و تەنگژەی جۆرەوجۆری نەتەوایەتی و سیاسی و ئابووری و ئیتنی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و مەزهەبی و خێزانی و رۆشنبیری و هەژاری و نایەکسانی و نادادپەروەری و برسییەتی و قاتی و قڕی و تاڵان و کوشتن و برین و ئەتککردن و سەربڕین و... تاد، تەنانەت ئێستایشی لەگەڵدا بێت رۆژ نییە بەدەیان و سەدان کەس لێرە و لەوێ نەکوژرێن، یان بریندار نەکرێن، یان پەککەوتە نەکرێن یان شوێنبزر نەکرێن، یان ئاوارە و دەربەدەر نەکرێن، رۆژ نییە، لێرە و لەوێ هێرشی سەربازی نەکرێتە سەر خەڵکی سڤیل و بێ دەستەڵات، تا ئیمڕۆش لە سەرتاسەری جیهاندا بەدەیان ملیۆن کەس بێ ماڵ و حاڵن، بە ملیۆنان کەس بە دەست برسییەتی و قاتی و قڕییەوە دەناڵێنن، دەوڵەمەندەکان خەریکە سامانی هەژارەکان قووت دەدەن و هەڵدەلوشن. خاوەن هێزەکان لاواز و بێ دەستەڵاتەکان دەچەوسێننەوە، بە دەیان و سەدان ملیۆن مرۆڤ بەدەست مادە هۆشبەرەکان و نەخۆشییە کوشندەکانەوە گیرۆدە بوون و دەناڵێنن، رۆژانە رێژەی منداڵە بێ باوکەکان لە زیادبووندایە، رێژەی تەڵاق گشت سنوورەکانی بەزاندووە، باندەکانی مافیا هەڕەشە لە ئاسایشی جیهان دەکەن، زیادبوونی چەکە کۆمەڵکوژ و قەدەغەکان مەترسییەکی ڕژدیان لەسەر ژیانی گشت

مرۆڤایەتی بەتێکڕایی دروست کردووە، هەموو ئەم دیمەنە سامناکانەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە ئێمەی مرۆڤ لە ڕووی هەبوونی هەستێکی مرۆڤانەی هاوبەشەوە، هێشتا لە تەنگژەیەکی قووڵ و بێ بندا دەژین، چونکە نەمانتوانیوە درک بە کێشە و تەنگژە ئاڵۆزەکانمان بکەین و پەی بەمرۆڤبوونی خۆمان ببەین، دەست لەسەر ئارێشەکان دابنێین، دەردە درم و کوشندەکان بدۆزینەوە، بەدوای چارەسەرەکاندا بگەڕێین، بە بەڵگەی مێژووییش ئەوە سەلمێندراوە کە مرۆڤەکان، چەندە بەهێزیش بن و باشترین تەکنەلۆجیای پێشکەوتووشیان لە بەردەستدا بێت، هیچ کات و ساتێ لە ڕێگەی شەڕ و جەنگ و کوشتن و توندوتیژییەوە ناتوانن کێشەکانیان لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەر بکەین و کۆتای بە نەهامەتی و مەینەتی و کارەسات و مەرگەساتەکانی خۆیان بێنن، پێویست ناکات لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە، چونکە هەروەک پێشینان گوتوویانە "ئەو کەسەی کەسە ئەلفێکی بەسە"، بەڵام تەنیا قوربانییانی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بە یادی خوێنەران دێنینەوە، کە لەو دوو شەڕە ماڵوێرانکەرەدا، بە دەیان ملیۆن کوژران و بریندار کران و پەککەوتە و ئاوارە و دەربەدەر کران و بوونە قوربانیی هزری ڕەگەزپەرستی و خۆپەرستیی مرۆڤە هۆڤ و دڕندەکان!، هەروەها فەرە بزانین ئەو دوو شەڕە نەک تەنیا مرۆڤ، بگرە بەزەییی بە ئاژەڵ و گیانلەبەرانی تریشدا نەهاتەوە، هەروەها ژێرخانی ئابووریی جیهانیش بەگشتی و ئەورووپای بە تایبەتی نابوود کرد و هێنایە ژێر سفرەوە و جیهانی کردە کەلاوەیەکی وێران و لەناو ئاشی خۆیدا هاڕی.

بۆیە ئیمڕۆ لە دوێنێ باشتر ئەو هەقیقەتە بۆ گشت کەس و لایەک ڕوون بووەتەوە کەوا پێویستە لەمڕۆ بە دواوە پەنا بۆ هێزی ئەقڵ و لۆجیکی زمان ببەین، چونکە تاکە هۆکار و فاکتەری لەیەکگەیشتنی گشت گەل و نەتەوەکان زمانە، لەم سۆنگەیەوە گرینگیی زمان و بەکارهێنانی زمان وەک ئامرازێک بۆ نەهێشتنی کێشەکان و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش لە سەرتاسەری جیهان، بایەخێکی ستراتیجیی گەورەی هەیە، بەڵام زمانێک، دوور بێ لە

هەڕەشـە و گـوڕەشـە و گـەف و تـرسـاندن و تۆقـاندن و سـووكـایەتـی پێكردن و چاوسووركردنەوە و یەكترسڕینەوە.

كـاریگەرترین و بەهێزترین مـیكانیـزمـی دانوسـتـاندنیش زمـانە، ئەگەر بێـتـو بەشـێـوازێكی بابـەتـیـانە و راسـت و دروست مـامـەڵەی لـەگـەڵدا بكـەین و بە جوانی بەكاری بێنین و بیكەینە پردی لەیەكگەیشتنمان و لێك نزیكبوونەوەمان و بنبڕكردنی ناكۆكییەكانمان.

نابێ ئەو راستییەش بشارینەوە كەوا خوا ئادەمیزادی بەشێوەیەک دروست كـردووە، هیچ كـەسـێـک چ لە رەنگ و ڕووی، چ لە هزر و بیـركـردنەوەی، چ لە رووی كورتی و درێژی و بەژن و باڵاوە، لە ١٠٠٪ بە كەسێكی تری هاوڕەگەزی خۆی نەچێ، ئەم راسـتـییـە زانسـتـییـە نەگۆڕەش بـەڵگەیە لەسـەر ئەوەی كەوا مـادەم مـرۆڤـەكـان لە ڕووی بیـركـردنەوە و هزرینەوە لـە یەكـتـر جـیـاواز بن، شتێكی سروشتییە، كە لە بڕیار و كار و كردەوەكانیشیاندا جیاوازی دروست ببێ و هەبێ، ئەم جـیـاوازییـەش رەنگدانەوەی لەسـەر گشت ئـاسـتـەكـانی ژیانی رۆژنەی ئەوان هـەبێ، بەڵام گـرینگ ئەوەیە مـرۆڤـەكـان بتـوانن لە جـیـاتـیی لۆجیكی چەک، پەنا بۆ لۆجیكی ئەقڵ و زمان ببەن، بەمەبەستی پێوەستكردنی دڵەكـان بە یەكـتـری و ئاشـتكردن و حـەسـانەوەیان لەژێر سـایە و سـێـبـەری ئاشتی و ئازادی و برایەتی و دادپەروەری و خۆشەویستیدا.

## مرۆڤەكان بۆچی و لە چیدا جیاوازن؟

جیاوازی چییە؟

سـەرەتا بـا لە چەمكی جـیـاوازییـەوە دەست پێ بكەین و بزانین پێناسـەی جیاوازی چییە؟ جیاوازی واتە: " هەبوونی راجیایی و بیرورِا و دەنگ و رەنگی جیاوازە لەمەڕ بابەتێک یان كارێک یان بوارێک یان هزرێک یان بیروباوەرێک لە نێوان تاكەكاندا، یاخۆ لە نێوان گەلان و دەوڵەتان و شارستانییەتەكاندا".

(فـیـروز ئاباد)یش بەم شـێـوەیە چەمكی جـیـاوازی پێناسـە دەكـات: "هەر كەسێک لە حاڵەتێک لە حاڵەتەكاندا یان لە كردارێک لە كردارەكاندا رێگەیەک

بگرێته بەر، جیاواز بێت لەگەڵ ئەو ڕێگەیەی کە ئەوی تر گرتوویەتییە بەر". [٢٤]

زۆربەی زاناکانیش زاراوەی (جیاوازی)یان بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە کردووە:

١- "هەر زانایەک بۆ حاڵەتێک بڕوانێت، لەگەڵ تێڕوانینی ئەوی تر پێچەوانە بێت".

٢- "هەر کەسێک بە وتە یان بە کردار ڕێڕەوێک بگرێتە بەر، لەگەڵ ڕێڕەوی ئەوی تر پێچەوانە بێت". [٢٥]

پێش ئەوەی باسی بنەما و ئادابەکانی دانوستاندن بکەین و بە تێروتەسەلی شەنوکەوی بکەین، پێویستە هەموومان بزانین کە مرۆڤەکان بۆچی و لە چیدا جیاوازن؟ لەبەرئەوەی ئەم بابەتە پێوەندییەکی توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆی بە دانوستاندنەوە هەیە، چونکە ئەنجامدانی هەر جۆرە دانوستاندنێک لە هەر کات و ساتێکدا، بەهۆی جیاوازییەوە دێتە کایەوە، کە جیاوازییەکان نەبن، دانوستاندنیش هیچ واتایەکی نابێت، چونکە جیاوازیی پێچەوانەی یەکدەنگی و کۆکی و تەبابوونە، بۆیە تیشک خستنەسەر ئەو بابەتە یارمەتیمان دەدا کە باشتر خۆمان بناسین و پەی بەجیاوازییەکانمان ببەین، ئەڵبەتە زۆربەی ئەو جیاوازی و ڕاجیایانەی کە لە نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان و دەوڵەتەکان و شارستانییەکان هەبووە و هەیە، یان لەسەر بیروباوەڕە، یان بابەتەکان هزرین و مرۆڤەکان بیرکردنەوەی جیاواز و بۆچوون و تێڕوانینی دژبەیەک و ناکۆکیان هەیە لەمەڕ چەمک و واتا و شتەکان، یان زەوینەی لەیەکتر گەیشتن و یەکتر درککردنیان بۆ نەڕەخساوە، یاخۆ جیاوازییەکان لەسەر بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە جۆرەوجۆرە مادی و مەعنەوییەکانیانە.

## مرۆڤ و جیاوازییە فرە ڕەهەندەکان

ئەڵبەتە هەبوونی جیاوازی شتێکی سروشتی و سوننەتێکی خواییە، بۆیە دەبینین دنیای مرۆڤەکان بە تایبەتی و، مرۆڤەکان و گیانەوەران و مرۆڤەکان و بوونەوەر بەگشتی، لە زۆر رووە لە یەکتر جیاوازن و ئەو جیاوازییانەش فرە

ڕەهەند و فرە لایەن و گشتگیرن و، لە گشت ڕوویەکەوە دەبینرێن و هەستیان پێ دەکرێت، بۆیە پێم وایە هەر کەسێک تۆزقاڵێک ئەقڵ و هۆشی هەبێت ناتوانێ نکوڵیی لێ بکات.

ئەڵبەتە گشت جیاوازییەکان سەرەتا لە خودی مرۆڤەوە وەک تاک دەست پێ دەکات، ئینجا بەسەر نەتەوەکان و رەگەزەکان دەگشتێندرێت، چونکە سروشتی مرۆڤەکان وایە، لە رووی جەستەیی، سایکۆلۆجی، بایۆلۆجی، هزری، ئەقائیدی، ئەقڵی و... تاد لێک جیاوازن، ئەم جیاوازییانەش لە ژیانی رۆژانەیاندا رەگی داکوتاوە و رەنگی داوەتەوە، بۆیە مادەم جیاوازی هەیە، راجیاییش شتێکی حەتمی و مسۆگەرە، لەم سۆنگەیەوە کوفی ئەنانی سکرتێری پێشووتری (نەتەوە یەکگرتووەکان)، لە وتەیەکیدا کە لە ساڵی ١٩٩٩ز، لە ناوەندی ئۆکسفۆرد پێشکێشی کرد، لە برگەیەکیدا ئاماژە بەگرینگیی دانوستاندن لە نێوان شارستانییەکاندا دەکات، لەگەڵ هەبوونی جیاوازییەکان و پاراستنی ئەو جیاوازییانەش، ئەنان دەڵێت: " دانوستاندن پێویستە لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی بەرانبەر بێتە ئاراوە نەک لەسەر بنچینەی داخستنی جیاوازییەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا، بگرە پێویستە پارێزگاری لەو جیاوازییانە بکرێت".[٢٦]

گرینگترین ئەو جیاوازییانەش بە ڕای بەندە ئەمانەن:

١- جیاوازییە فرە بیر و ئایدیاکان: هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە تاکو ئیمڕۆ، جیاوازیی هزرکردنەوە و بیروڕا لە نێوان مرۆڤەکان لەسەر گشت ئاستێک هەبووە و تا ئەبەدیش ئەم جیاوازییە هەر دەمێنێ، بۆیە باشتر وایە زانایانە و دانایانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردە سروشتییە بکەین، بەڵام بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکانمان دەستەوەستان نەوەستین، تاکو درەختی بەرخودان و تێکۆشانمان دێتە بەر.

٢- جیاوازییە فرە باوەڕەکان: ڕاستە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لە زۆر ڕووەوە پێک دەچن و خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام خاڵی جیاوازیشیان زۆرە.

یەکێک لە ئەدگار و نیشانەکانی سیمای جیاوازیی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی لە یەکتری، هەبوونی بیروباوەڕی جیاوازە لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگەکان، بەڵگەش هەبوونی ئەم هەموو ئایدیا و بیروباوەڕی فەلسەفی و هزری و ئاینی جیاجیایە لە سەرتاسەری گێتیدا، بۆیە دەگەینە ئەو قەناعەتە کە ناکرێ هەر هەموو مرۆڤەکان هەڵگری یەک بیروباوەڕ بن و شێواز و تەرزی بیرکردنەوەیان وەک یەک بێت و بە یەک گەز و مقەس کاڵا بۆ باڵاکان ببڕن .

٣- جیاوازییە فرە زمان و دیالێکتەکان: حاڵی حازر بە سەدان و هەزاران گەل و نەتەوە، لە سەرتاسەری جیهاندا بوونیان هەیە، هەر گەلێکیش زمانی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر زمانێکیش چەندان زار و بن زار و شێوەزار و لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، هەموو ئەمانەش بەڵگەن لەسەر دیاردەی فرە نەتەوەیی و رەگەزی، فرە نەتەوەش بەڵگەیە لەسەر هەبوونی جیهانێکی فرە کولتوور و فرە بیروباوەڕ و فرە هزرین و تێڕامانی لێک جیاواز.

٤- جیاوازییە فرە ڕەگەزەکان: راستە گشت مرۆڤەکان لە باب ئادەم و دایکە حەوا پەیدا بوون، بەڵام نابێ نکوڵی لەو راستییە بکەین کە گەلانی ئێستای جیهان بە هۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانەوە کە زیاتر لە شەش ملیار کەس دەبن، بەسەر چەندان توخم و رەگەزی جیاجیای نەتەوەیی و ئیتنی دابەش بوون، بەڵام لە جیاتیی ئەوەی پەیامی شاعیری گەورەی ئێرانی شێخ (سەعدی شیرازی)، بیکەنە دروشم و هەوێنی ژیانسازی و پێکەوە کارکردن و پێکەوەسازان، کە دەڵێت: (بني ييدم اعضاى يكديگرند.. كه در آفرينش ز يك گوهرند)، واتە: (هەموو مرۆڤەکان ئەندامانی یەکترن، چونکە لە ئافەرینشدا لە یەک گەوهەرن). مخابن هەر نەتەوەیەک شانازی بە رەگەزی خۆیەوە دەکات و رەگەزی خۆی دەخاتە سەرەوەی رەگەزەکانی تر، تەشەنەکردنی هزری نەگریسی رەگەزپەرستی وای کردووە بە سەدان ملیۆن مرۆڤ خەڵتانی خوێن بکرێن و، لەناو دۆزەخی ڕەگەزپەرستی و رەگەزپەسندیدا بسووتێنرێن و مرۆڤەکان لەسەر

بناغە و بنچینەی ڕەگەزی پۆلێن بکرێن و ڕێزبەندی بکرێن بۆ پلەی یەک و دوو و سێ و چوار و... تاد، بەڵگەش لەسەر ئەم بابەتە زۆرن، ئەگەر وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا بە نموونە بێنینەوە، کە چۆن کاتی خۆی هیتلەری ڕەگەزپەرست بە پاساوی باشتربوونی ڕەگەزی نازی لە باقیی ڕەگەزەکانی تری ئەوروپایی و جیهانی، گەورەترین کارەسات و مەرگەساتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ گەلانی ئەڵمانی بەتایبەتی و جیهانی بە گشتی خوڵقاند، کە تا ئێستاش شوێنەوارە نەرێنییەکانی هەر ماون. هەروەها ئەمەریکا کە حاڵی حازر گەورەترین وڵاتی زلهێزە لە سەرتاسەری جیهاندا و، خۆی بە لانکی دیموکراتی دەزانێت و، بانگەشەی یەکسانی و ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ دەکات، کەچی هێشتا هەستی توندیی ڕەگەزپەرستی لەو وڵاتەدا لە ترۆپکی بەهێزیدایە، هەرچەندە دانیشتوانی ئەمەریکا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گشتییان ئەمەریکایین و بەرانبەر یاسا یەکسانن، بەڵام ڕۆژانە ڕەشپێستەکان بەدەست سپیپێستەکانەوە دەچەوسێندرێنەوە و لە مافی خۆیان بێبەش دەکرێن و ریسوا و سەرکۆنە دەکرێن و بە هاووڵاتیی پلە دوو هەژمار دەکرێن و دەرفێندرێن و دارکاری دەکرێن و دەکوژرێن.

بۆیە دەبێ زیاتر پەلە بکەین بۆ دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش و خەباتی هاوبەش لە نێوان گشت توخم و ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی.

٥- جیاوازییە فرە ئاین و مەزهەبییەکان : بێجگە لە ئاینە ئاسمانییەکان، ئێستا بە سەدان و هەزاران ئاینی تری دەستکرد و مرۆڤکرد لە سەرتاسەری جیهاندا بوونیان هەیە، زۆرێک لەو ئاینانەش چەندان ڕێباز و مەزهەبی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە ناکرێت گشت مرۆڤەکان لەسەر یەک ئاین کۆ بکەینەوە، بۆیە باشتر وایە خاڵە هاوبەشەکان بدۆزینەوە و تەفاعول لەگەڵ یەکتر بکەین و پەیامی ئازادی و برایەتی و تەبایی و یەکسانی و دادپەروەری بەرز کەینەوە و بە لای هزری یەکترسڕینەوەدا نەچین.

٦- جیاوازییە فرە شارستانییەتەکان: بە درێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی شارستانییەتەکان هەر وجوودیان هەبووە، چونکە مرۆڤ شارستانییەتی بەرهەم هێناوە و دروست کردووە، بەڵام ئەگەر لاپەڕەکانی ئەو شارستانییەتانە هەڵدەینەوە هەر لە شارستانییەتییەکانی فیرعەونییەکان و بابلییەکان و ئەکەدییەکان و یۆنانییەکان و سۆمەرییەکان و میدییەکان و ئاشوورییەکانەوە بگرە، تا دەگاتە شارستانییەتی رومانییەکان و شارستانییەتی ئیسلامی و رۆئاواییەکان و... تاد، هەموو ئەو شارستانییەتانە خاوەن ئەدگار و سیمای تایبەت و جیاواز بە خۆیان بوون، دەکرێ خاڵی هاوبەشیان هەبووبێ، بەڵام خاڵی هاودژ و پێچەوانە و جیاوازیشیان زۆر بووە و ئەو جیاوازییانەش هەر دەمێنێ، چونکە هەر شارستانییەتێک لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک پرەنسیپ و بیروباوەڕ و ئایدیا و تێڕوانین دامەزراوە و رێباز و ئەدگاری تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە باشتر وایە لە جیاتیی بەریەککەوتنی شارستانییەتەکان، کە بیرۆکەی ئەم بەریەککەوتنە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٩٣) لەلایەن (صامۆئیل هنتنگتۆن)ەوە خرایە ڕوو و لە گۆواری (فورین ئەفیرز)دا، بڵاوکرایەوە، پەنا بۆ دانوستاندنی شارستانییەتەکان ببەین، کە دوای بڵاوبوونەوەی بیرۆکەی بەریەککەوتنی شارستانییەتەکان، سەرۆکی پێشووتری ئێران (محەمەد خاتەمی)، پێشنیازی دانوستاندنی شارستانییەتەکانی خستە ڕوو، بۆیە پێویستە کار بۆ ئەمە بکرێ و لە جیاتیی بەریەککەوتنی شارستانییەتەکان، دانوستاندنی شارستانییەتەکان بێتە کایەوە، چونکە تەنیا ئەمە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات.

٧- جیاوازییە فرە کولتوورەکان: هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەن کولتوور و داوونەریتی تایبەت بە خۆیە و کولتووری هیچ نەتەوەیەکیش کۆپیی نەتەوەیەکی تر نییە، چونکە هەڵقووڵاوی ناخی کۆمەڵگەیە، بۆیە دەبێ ئەم هەقیقەتە لە بەرچاو بگرین و ئەم دیاردەیە بەسروشتی بزانین.

٨- جیاوازییە فرە ژینگەکان: ژینگەی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی و

پەروەردەیی و شارستانی و سیاسیی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک جیاوازە لە کــۆمــەڵگە و نـەتەوەیەکی تر، چونکە ژینگە رۆڵێکی ریشـــەیی و چارەنووســسـازی هەیە لە دیاریکردنی رێڕەوی ژیانی مـرۆڤـەکـانی هەر کـۆمــەڵگەیەک، بۆیە دەبێ ئەم جـیـاوازیـیـە بە هەند وەربگرین و بتـوانین مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵدا بکەین و لە جیاتیی شێوازی توندوتیژی و هەڵشاخان، شێوازی دانوستاندن و لێک تێگەیشتن بگرینە بەر.

(سـیف الدین حـسین شـاهـین)یش، لە کـتـێـبی (أدب الحوار في الاسلام)دا باس لە کاریگەریی ژینگە لەسـەر مرۆڤ دەکات و، پێی وایە مرۆڤ رۆڵەی ئەو ژینگەیەیە کە تێیدا دەژیت و گەورە دەبێت، سیف الدین دەڵێت: " مرۆڤ لە کام ژینگەدا بژیت هەر لەو ژینگەیەشدا دروست دەبێت و بۆشـاییەکانی خـۆی پڕ دەکاتەوە و پێی کاریگەر(مـؤثر) دەبێ و کاریگـەریشی لەسـەر دەبێ، بەتایبـەتی ژینگەی دەوروبەری، هەر لە مــاڵەوە بگرە تـا دەگـاتە قـوتـابخـانە و شــەقـام و گەڕەک و شار و... تاد.[٢٧]

٩- جیاوازییە فرە ستراتیجییەکان : هەر تاک و نەتەوەیەک بـۆ هەموو بوار و بیاڤـەکانی ژیان، بەرنامە و پلان و ستراتیجییەتەکی تایبـەت بەخۆی هەیە و، ئەم ستراتیجییەتەش کاریگەریی لەسەر رەوتی رووداوەکان و پێشـهات و پاشـهـاتەکـان هەیە، بۆیە نـاکرێ هـەمـوو مـرۆڤـەکـان یان نەتەوەکـان و دەوڵەتان، خاوەن یەک ستراتیژی بن یان لەسەر یەک ستراتیجی کار بکەن و رێک بکەون، بەڵام دەتوانن سـتـراتـیـجـیـەتەکـانـی خـۆیان بەشـێـوەیەک دابڕێژن کـە بەرژەوەندیی مـرۆڤـایەتی بخـرێتـە سـەرووی بەرژەوەندییـە مـادییـەکان و، بەهـا مـرۆڤـیـیـەکان و رەوشـتـە بەرزەکـان نەکرێنە کـۆچی قوربانیی تەکنەلۆجیا و سەرمایەداری و... تاد.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەلی کەمکردنەوەی مـەودای جیاوازییـەکانمان نەدەین، یاخۆ ئەو هێڵانە هەڵنەگرین کە بە هێڵە یەکتربڕەکانمان دەناسرێن و هەژمار دەکرێن، بەپێچەوانەوە، هیچ کاتێک بەقەدەر ئێستا مرۆڤایەتی لە توانا مــادی و مــەعنەوییــەکــان بەهرەمــەند نەبووە، بۆیە دەبێ ئەم بەهرە مــادی و

مەعنەوییانە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و ئاسایش و بەختەوەری و ئاسوودەییی گشت مرۆڤەکانی سەر رووی زەوی بەبێ جیاوازی و جیاکاری بخەینە گەڕ و، کۆتای بە مەینەتی و نەهامەتییەکانمان بێنین و هەنگئاسا پێکەوە کار بکەین و هەنگوینی بەتام و شیرین بە ژیان بدەین.

(عبدالله علی العلیان)یش جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بۆ چەند هۆکار دەگێڕێتەوە، کە گرینگترینیان ئەمانەن:

١- دوورکەوتنەوە و حاڵینەبوون لە چەمکی فرەیی.

٢- خەلەل خستنە نێو پرەنسیپی پێکەوەژیان.

٣- نەبوونی لێبووردەیی.

٤- بڵاوبوونەوەی دەمارگیری.[٢٨]

لە دید و بۆچوونی (محمد طنطاوی)یش، هۆکارەکانی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بریتین لە:

* نیازخراپی.
* خودپەسندی و خۆپەرستی و خۆویستی.
* لووتبەرزی و خۆبەزلزانین.
* نەبوونی تێڕوانینێکی ڕۆشن بۆ بابەتەکان.
* دەمارگیری بۆ بیروڕا .
* ئیرەیی و حەسادەت.
* پەرۆشبوون بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تایبەت.[٢٩]

## جیاوازییە ئەرێنی و نەرێنییەکان

مرۆڤەکان لە زۆر شت لێک جیاوازن، هەندێک لەو جیاوازییانە ڕێ پێدراوە، بەمەرجێک ئەو جیاوازییانە لە سنووری یاسا و شەرعدا بن، هەروەها فاکتەرێک نەبن بۆ وروژاندنی هەستی خودپەرستی و نەژادپەرستی و ڕەگەزپەرستی و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و دەمارگیری و لاساییکردنەوەیەکی

کـوێرانه، هـەروەها ئەو جـیـاوازییـانه لەسـەر حـیـسـابی هەق و راسـتی و دادپەروەری و ئازادی و یەکسـانی و... تاد نەبێت و، پەیڕەوی لە حـەز و ئارەزوو و هەوا و هەوەسێک نەکرێت ئەگەر پێچەوانەی راستی و هەقیقەت و لۆجیک و خووڕەوشتە پەسندەکان و بەها بەرزە مرۆڤایەتییەکان و ئاینە ئاسمانییەکان بێت.

بەڵام ئەگەر جیاوازییەکان ئەم سنوورانەیان بەزاند و پێوەرەکانی ئەم جیاوازییانە، ئاوەژوو بوونەوە و هیچ رێز و حورمەتێک بۆ ئەقڵ و لۆجیک و زانست و بەها بەرز و پیرۆزەکان و ئاینە ئاسمانییەکان و خووڕەوشتە پەسندەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان نەکرا، ئەو کاتە نەک جیاوازییەکان هیچ سوودێکیان نابێت، بگرە ئەم جیهانەمان لێ دەکەن بەدۆزەخێکی سووتێنەر و تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێت.

لەم سۆنگەیەوە دەبێت بە لۆجیکی ئەقڵ و زانست و حیکمەت و دووربینی و وردبینی و واقیعبینییەوە سەیری جیاوازییەکانمان بکەین و جیاوازییە ئەرێنی و نەرێنییەکان پۆلێن بکەین و لێکیان جیا بکەینەوە و، خۆمان لە جیاوازییەک بپارێزین کە ببێتە مایەی ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتیمان نەکەین بەرانبەر پرسە زیندووەکانی مرۆڤایەتی بەتایبەتی و، بوونەوەر بەگشتی، هەروەها ببێتە هۆی کوشتنی بەها مرۆڤایەتییەکانمان و لەباربردنی هەل و دەرفەتی پێکەوەکارکردن و پێکەوەژیانمان، بەتەبایی و برایەتی و یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری.

## کۆسپەکانی دانوستاندن

هەر کردار و پرۆسەیەکی چاکسازی و خێرخوازی و بنیاتنەرانە، لەسەر هەر ئاستێکی ژیانی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی یان فێرکاری و... تاد، ئەنجام بدرێ، بێ کۆسپە و ئاستەنگ نییە، کرداری دانوستاندنیش لەو بنەمایە بەدەر نییە، بۆیە جێی خۆیەتی ئەو کۆسپ و تەگەرانە بخەینە ڕوو، کە

دەبنە هۆی لەکەدارکردنی دانوستاندن و ئەو پرۆسەیە بەرەو هەڵدێر دەبەن.

بەدید و هزری بەندە، گرینگترین ئەو کۆسپ و تەگەرانە ئەمانەن:

١- دەمارگیری: دەمارگیری بە گشت جۆر و رەنگەکانیەوە، پەتایەکی کوشندە و مەترسیدارە، دووچاری هزر و بیروباوەڕی هەر کەس و لایەنێک ببێ، نەک هەر ئیفلیجی دەکات، بگرە نابوود و تەفروتوونای دەکات، بەتایبەتی ئەگەر دەمارگیرییەکە، کاری توندوتیژیی بەدواوە بێ و شەڕ و ئاژاوەی لێ بکەوێتەوە.

کەشوهەوای هەر دانوستاندنێکیش ئەگەر دەمارگیریی بەسەردا زاڵ بێ، بە بونبەست دەگا و دەرگە بەسەر کێشەکان دادەخا، بەبێ ئەوەی چارەسەر بکرێن و گرێکوێرەکان بکرێنەوە.

٢- لووتبەرزی: ئەڵبەتە شتێکی بەڵگەنەویستە، کە لووتبەرزی لە گشت کات و ساتەکانی ژیاندا خەسڵەتێکی ناپەسند و قێزەون و ڕووخێنەرە، چونکە وا لە کەسانی لووتبەرز و دفن بڵند دەکات، کە هەرگیز دان بەهەڵەکانیان دانەنێن و، تەنانەت ئەگەر بەڵگەی راست و دروستیش بۆ سەلماندنی راستییەکان بێنینەوە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە وەک ئەو کەسانە وان کە لەسەر شاخێکی هەرە بەرزەوە برواننە ئەو کەسانەی کە لەژێر شاخەکەدان، جا ئەمان، ئەو جۆرە کەسانەیان زۆر بچووک دێتە بەرچاو، نازانن، هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە و خۆشیان لای ئەوانی تر بەبچووکی دەبینرێن. بەراستی ئەم جۆرە کەسانە، تەنیا خۆیان دەبینن و هەر خۆشیان شایستەی ئەوە دەزانن هەموو شتێک ببێتە کاڵا بۆ بالایان.

بۆیە پێویستە مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی دانوستانکار بەتایبەتی، خۆی لەم تەلەزگەیە رزگار بکات و خۆی بەزۆر نەزانێ و کرۆکی بابەتەکی لا گرینگ بێ، نەک کەسایەتیی خۆی.

٣- بیرتەسکی: لە قاڵبدانی بیر و هزر لە چوارچێوەیەکی تەسکدا، مرۆڤ بچووک دەکاتەوە، چونکە مرۆڤی ژیر و مەزن خاوەن ئاسۆ و بیرکردنەوەیەکی فراوان و پان و بەرینە، هەرگیز لە قاڵبێکی تەسکدا بیر

ناکاتەوە و دەزانێ دنیا هەر ئەوەندە نییە کە ئەو دەیبینێ، بگرە زۆر لەوە گەورەترە و ئاسۆیەکی ئێجگار فراوانی هەس، بۆیە کەسانی بیرتەسک و داخراو، ناتوانن بە بیر و هزرێکی کراوە بیر بکەنە و دانوستاندنێکی بنیاتنەر بەرهەم بێنن و، ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەست بێنن و قەناعەت بەکەسانی تر بکەن.

٤- ناهاوسەنگی: هەر کاتێک هاوکێشەی دانوستاندن لە نێوان لایەنەکانی دانوستانکاردا، ناهاوسەنگ و نابەرابەر بێت، ئەو دانوستاندنە، ڕووبەڕووی شکست و هەرەسهێنان دەبێتەوە و ناتوانێ ئەنجامێکی دڵخواز (مطلوب) بەدەست بێنێ، زۆربەی جارەکان ناهاوسەنگی لە بیر و هزر یان لە ژمارەی بەشداران، یان لە ئاستی تێگەیشتن پەیدا دەبێ، بۆیە پێویستە ئەم خاڵە بەهەند وەربگرین و بەر لەوەی بچینە ناو هەر جۆرە دانوستاندنێکەوە هاوکێشەکە هاوسەنگ بکەینەوە و باڵانسەکە رابگرین.

٥- نادادپەروەری: هەبوونی نادادپەروەری لەنێو کۆمەڵگە مرۆڤییەکاندا لە هەر ئاستێکدا بێ، گورزێکی کوشندە دەسرەوێنتە پرەنسیپی پێکەوەژیان و، وا لەو کەسانە دەکات کە نادادپەروەرییان بەرانبەر کراوە کە هەست بە مافخوراوی و نامۆیی و بێبەشی بکەن و، دووچاری نیگەرانی و دڵتەنگی و بێ ئومێدی بن و ژیان بۆ خۆیان بە زیندانێکی تەنگ و تاریک بزانن، بۆیە نەبوونی خەسڵەتی دادپەروەری لەنێو کەشوهەوای دانوستاندندا، هۆکارێکە بۆ نەگەیشتن بە خاڵی هاوبەش و چەوساندنەوەی لایەنێک لەسەر حیسابی لایەنێکی تر، لەم سۆنگەیەوە دەبێ لە گشت ڕوویێکەوە ڕەچاوی دادپەروەری بکرێ و فەرامۆش نەکرێ و هەردوو لایەنی دانوستانکار بەچاوێکی یەکسان سەیر بکرێن و لە مافدا یەکسان بن، مافی هیچ کەسێک پایەماڵ نەکرێ.

٦- لێک نەگەیشتن: نەبوونی یەکئاستی ژیری و هۆشیاری بۆ تێگەیشتن لە هزر و بیروباوەڕی یەکتر، فاکتەرێکە بۆ بەبوونبەست گەیشتنی دانوستاندن و لێک دوورکەوتنەوە و بەدحاڵیبوون و بەدگومانی، چونکە

بینای دانوستاندن لەسەر بناغەی لێک گەیشتن دروست دەکرێت، هەر کاتێ لێک گەیشتن نەبێ یاخۆ نەما، مسۆگەر رەوتی دانوستاندن بەرەو هەڵدێر دەچێ و مەودای جیاوازییەکان فراوانتر دەبێ و ئەو بینایە دەرمێت، بۆیە پێویستە لایەنە دانوستانکارەکان درک بەو راستییە بکەن و خۆیان فێری زمانی لێک گەیشتن بکەن و بەو ئامرازە پردێکی پتەوی پێوەندی لە نێوان خۆیان و ئەوانی تردا دروست بکەن.

٧- بێ متمانەیی: باوەڕ بەیەکترکردن و هەبوونی متمانە بەردی بناغەی گشت پرۆسەیەکی بنیاتنەرانەیە، چونکە تا بڕوا و متمانە دروست نەبێ، زەوینە و بوار بۆ چین و توێژە جیاجیاکانی جڤاک و کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان، بۆ بەهرەمەندبوون لە توانا زانستی و هزرییەکانی یەکتر و شۆڕکردنەوەی ئەو زانیارییانە بۆ گشت ئاستەکان نارەخسێ، بۆیە هیچ پرۆسەیەکی دانوستاندن سەرکەوتوو نابێ ئەگەر لایەنە دانوستانکارەکان بڕوا و متمانەیەکی تەواویان بە یەکتر نەبێ، شکستهێنان و هەرەسهێنانی زۆرێک لە دانوستاندنەکان بۆ ئەم خاڵە گەوهەرییە دەگەڕێتە

گشت ئاینە ئاسمانییەکان و بەها بەرزە پەسندەکان، توندوتیژی بەگشت جۆرەکانیەوە رەت دەکەنەوە و بەخەسڵەتێکی نارەوا و ناپەسند و ناشایستە و ئاژەڵانە لە قەڵەمی دەدەن و، بە توندی رووبەرووی دەبنەوە، چونکە هەبوونی توندوتیژی ترس و بیم و دڵەڕاوکێ و کاولکاری و بێزاری و جیاکاری بەرهەم دەهێنێ و درز دەخاتە نێوان ریزەکانی چین و توێژەکانی مرۆڤایەتییەوە و وایان لێ دەکات بەگژ یەکدا بچنەوە، بۆیە بەکارهێنانی توندوتیژی چ بە زمان بێ، یان بە جەستە و هزر و کردار بێ، دەبێتە هۆی لەباربردنی زەوینەی دانوستاندن و لەیەکتر گەیشتن و لێک نزیکبوونەوە و پێکەوەژیان.

٩- نەزانین و نەفامی: پێشەوا شافعی دەڵێت: " گفتوگۆم لەگەڵ هەر کەسێکی نەزان و نەفامدا ئەنجام دابێ مسۆگەر بەسەرمدا زاڵ بووە، بەڵام گفتوگۆم لەگەڵ هەر کەسێکی زانادا کردبێ، مسۆگەر بەسەریدا زاڵ بووم". رەنگە هیچ شتێک بەقەدەر نەفامی و نەزانین بۆ مرۆڤ نەگبەتی و

مـاڵوێرانـی و کـارەسـات و مـەرگـەسـات بـەرهـەم نەهێنێ، چونکە نەزانین و نەفـامـی چاوگ و سـەرچـاوەی گـشت نـاخـۆشـی و بەڵا و مـوسـیـبـەتـێکە، پێوەری بەرزبوونـەوە و نزمـبـوونـەوەی مـرۆڤ پێوەسـتـە بـەزانینەوە، مرۆڤ بەهۆی زانست و زانیاری و زانینەوە گەیشتووەتە چڵەپۆپەی پێشکەوتن و توانیویەتی پەی بە زۆر نـهێنیی ژیان ببات و چەندان ڕێگەی بەختـەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ خودی خۆی بدۆزێتەوە و دەستەبەر بکات.

بێگومان کەسـانـی نەزان، ناتوانن بەشدارییەکی ڕژد و گەرمـوگوڕ و بەننا لە پرۆسـەی دانوسـتـاندندا بکەن، پـەندێکی عـەرەبیش هـەیە ئـەمـە پشـتـڕاست دەکاتەوە کـە دەڵێت: " کەسـێک هیچی نەبێ، ناتوانێ هیچ بدا"، بـۆیە ئەو جۆرە کەسـانـە زیاتر کەشوهـەوای دانوسـتاندن دەشێوێنن و ئاڵۆز دەکەن، چونکە تەڕ و وشک پێکەوە دەسـووتێنن و لـە جـیـاتیی سـاڕێژکـردن، خـوێ دەکـەنـە برینەکانەوە.

١٠- نیازپیسی: دانوستانـدن پردێکە بۆ پەڕینەوە لە بەدحاڵیبوون بەرەو لێک حـاڵیبوون، لە گومـانـەوە بەرەو قـەناعەت پێکردن، لە لێک دوورکـەوتنەوەوە بەرەو لێک نزیکبوونەوە، لە پاوانخوازی و داخراوەییەوە بەرەو کرانەوە و ئاسـۆڕوونی، لە دوودڵـییـەوە بەرەو خـاترجـەمی و پشـتـڕاسـتی، بەڵام هـەر کـات و سـاتێک دانوسـتـانکارەکان بەژەهـری نیـازپیـسـیـیـەوە چوونە سـەر مێزی دانوستاندنەوە، ئەوە بێگومـان و دوودڵی، مەرگی دانوستـاندنەکەیە، چونکە بەژەهری نیـازپیـسی هیچ بەهیـچ ناکرێ، بگرە کـێشـەکـان زیاتر ئاڵۆز دەبن و مـەودای نێـوانیـان زیـاتر دەبـێ و تۆوی بـێ بڕوایی و بێ مـتـمـانـەیی و بێ بـاوەڕی لەناو کـێـڵگەی دانوسـتـاندندا شـین دەبێ و بەروبوومێکی دڕکاوی بەرهـەم دەهێنێ.

(عـبـدالـلـە علی العلیـان)یش لە کـتـێـبی (حـوار الحـضـارات)دا، کـۆسپ و بەربەستەکانی دانوستاندنی بەم شێوەیە خستووەتە ڕوو:

* جیـاوازیی ئاسـتی دانوسـتانکارەکان لە ڕووی توانا و ئیمکاناتەوە، واتە لە نەبوونی یەکئاستی.

* جیاوازیی چەمکەکان بۆ هزر و بیروباوەڕەکان.

* دەمارگیریی کوێرانە.

* ئەحکامە ڕابردووەکان و دوژمنکارییە کۆنەکان.

* کەمیی زانیاری لەسەر ئەوی تر.

* داگیرکاری و خۆسەپاندن.

* جیاوازیی بەرژەوەندییەکان.[٣٠]

جیاوازیی نێوان دانوستاندن (الحوار) و دەمەقاڵێ (الجدال) چییە؟

ئەڵبەتە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دانوستاندن (الحوار) و دەمەقاڵێ (الجدال)دا هەیە، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەدا چڕ کەینەوە:

سەرەتا لە دانوستاندن (الحوار)ەوە دەست پێ دەکەین:

## تایبەتمەندییەکانی دانوستاندن

١. گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕکردنی ئایدیا و بیرورِا و هزر و باوەڕەکان، بەشێوەیەکی هێمن و ئارام و ئاشتییانە و دوور لە زمانی زبر و توندوتیژی.

٢. نەهێشتن یان کەمکردنەوەی مەودای جیاوازییەکان لە نێوان لایەنە دانوستکارەکان.

٣. دروستکردنی زەوینەیەکی لەبار، بۆ زیاتر لەیەک گەیشتن و پێکهاتن.

٤. دۆزینەوەی خاڵە جیاوازەکان و داکۆکیکردن لەسەر خاڵە هاوبەشەکان.

٥. خستنە ڕووی کێشە و ئاریشەکان بەشێوەیەکی بابەتییانە.

٦. بەدیهێنانی زەوینەیەکی گونجاو بۆ پێکەوەژیان.

٧. دانانان بەئەوی تر.

٨. لە پرۆسەی دانوستانددا ئەقڵ و لۆجیک بەسەر هەست و سۆزدا زاڵە.

٩. پەی بردنە بە ڕێگەچارەکان لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی بیرورِاکانەوە.

١٠. خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی راستی و هەقیقەتەکان.

١١. لە نێوان لایەنە دانوستانکارەکاندا بەرژەوەندییەکان رەچاودەکرێن.

١٢. رێگەیەکە بۆ سەلماندنی بەڵگە و دیکیۆمێنتەکان لە کەشوهەوایەکی ئازادانەدا.

١٣. فاکتەرێکە بۆ قەناعەت بە بەرانبەر هێنان یان قەناعەت پێکردنی.

١٤. پرۆسەکە بەرهەمدار و سوودگەیێنە.

بەڵام دەمەقاڵێ (الجدال): هەندێ تایبەتمەندیی خۆی هەیە، جیاوازترە لە تایبەتمەندییەکانی دانوستاندن، کە گرینگترینیان ئەمانەن:

١. رێگەیەکە بۆ شکاندن و وردوخاشکردنی یەکتر .

٢. هۆکارێکە بۆ خۆبەهەقزانین و بە ناهەق لە قەڵەمدانی بەرانبەر و نیشاندانی ماسوولکەکان.

٣. پێداگرتنە لەسەر بیر و بۆچوونەکان، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی راستی و هەقیقەتیش بێت.

٤. لەسەر بناغەی ڕکابەرایەتییەکی ناڕەوا دامەزراوە.

٥. گفتوگۆیەکی دڕکاوییە و دوورە لە گیانی وەرزشییەوە.

٦. هەوا و هەوەس بەسەر ئەقڵ و لۆجیکدا زاڵە.

٧. زیاتر درز دەخاتە نێوان هزر و بیروباوەڕە جیاوازەکانەوە.

٨. هۆکارێکە بۆ وروژاندنی هەستە نەرێنییەکان و دەمارگیری.

٩. شێوازێکە بۆ بەکارهێنانی وشە و پەیڤی زبر و نابەجێ و ناشایستە.

١٠. دوورکەوتنەوەیە لە گیانی یەکترقبووڵکردن و یەکترنەسڕینەوە.

١١. کردارەکە نەزۆکە، واتە کێڵگەیەکە تۆوێکی سوودگەیێنی لێ ناڕوێ.

١٢. کردارێکە زیاتر دوژمنایەتی بەرهەم دەهێنێ لە دۆستایەتی.

هەروەها سێ جۆرە دەمەقاڵێ و جەدەلی نەرێنی (نێگەتیڤ)مان هەیە کە ئەمانەن:

١. دەمەقاڵێی دوژمنکارانە.

٢. دەمەقاڵێی مشتومڕانە.

٣. دەمەقاڵێی بەربەرەکانێ.[٣١]

جۆرە جەدەلێکی ئەرێنی (پۆزەتیڤ)یشمان هەیە، لە ڕووی کرۆک و مەبەستەوە نزیکە لە (دانوستاندن)ەوە، چونکە ئامانج لە گرتنەبەری ئەم جەدەلە تەنیا سەرخستنی راستییە و، دوورکەوتنەوەیە لە گومڕایی و گومان و سەرەڕوویی و ناڕەوایی و سەرخستنی خود (الذات)... تاد.

(د. أميمە عبود)یش بەم شێوەیە جیاوازیی نێوان دانوستاندن و مشتومڕ و دەمەقاڵێ (الجدال) دەخاتە ڕوو:

دانوستاندن:

* دانوستاندن جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوکاری و هەرەوەزی لە نێوان دوو لایەندا، یان زیاتر، بە ئاراستەی ئامانجێکی دیاریکراو.
* ئامانجی سەرەکی لە دانوستاندندا، دروستکردنی زەوینەیەکی هاوبەشە.
* لە دانوستاندندا هەر لایەنەک هەوڵ دەدا گوێ بۆ بەرانبەرەکەی بگرێت، بەمەبەستی گەیشتن بە رێککەوتن و لێکگەیشتنێکی هاوبەش.
* لە دانوستاندندا بوار ڕەخساوە و دەرفەتی ئەوە هەیە لایەنەک بیروڕای خۆی بگۆڕێت.
* لە دانوستاندندا زۆرێک لە گریمانەکان دەدۆزرێنەوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ هەڵبسەنگێندرێن.
* لە دانوستاندندا جۆرێک لە پەیداکردنی لایەنە شاراوەکان و بەخۆداچوونەوە و پشکنین هەیە بۆ پاڵنەر و هەستەکان.
* لە دانوستاندندا شیمانەی ئەوە هەیە بگەن بە ڕێگەچارەیەکی شیاوتر لەو ڕێگەچارەیەی کە پێشتر هەبوو.
* دانوستاندن دەبێتە هۆی ئاسۆفراوانی و زەینکراوەیی، هەروەها

دانوستاندن وا دەکات کە لایەنەکان دان بەهەڵەی خۆیاندا بنێن و ویستی ئەوەیان هەبێت هەڵوێست و بۆچوونەکانیان بگۆڕن.

* لە دانوستاندندا کۆتاییەکان بەکراوەیی دەمێننەوە.

بەڵام مشتومڕ و دەمەقاڵێ (الجدال) پێچەوانەی دانوستاندنە و، ئەنجامەکانی بەم شێوەیەن:

* دەمەقاڵێ جۆرێکە لە جۆرەکانی گوزارشتکردن لە بەربەرەکانێ.
* ئامانجی سەرەکیی دەمەقاڵێ بەدەستهێنانی سەرکەوتنە.
* لە کاتی دەمەقاڵێ و مشتومڕدا، هەر لایەنەک خەوش و کەموکووڕییەکانی لایەنی بەرانبەر دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی پەلاماری بەڵگە و بیروڕاکانی بدات.
* لە کاتی ئەنجامدانی دەمەقاڵێ و مشتومڕدا، هەر لایەنەک جەخت لەسەر بیروڕاکانی خۆی دەکاتەوە.
* لە دەمەقاڵێدا وەک ڕاستییە رەها (الحقائق مطلقە)کان، بەرگری لە گریمانەکان دەکرێت.
* لە دەمەقاڵێدا تەنیا رەخنەگرتنە لە ئەوانی تر.
* لە دەمەقاڵێدا تەنیا بەرگریکردنێکی کوێرانەیە لە بیروڕاکان.
* لە دەمەقاڵێدا بیر و هزرەکان بەداخراوەیی دەمێننەوە و هەر کەسە و خۆی پێ ڕاستە.
* لە دەمەقاڵێدا کۆتا هەیە.[٣٢]

## چەند جۆرە دانوستاندن هەیە؟

ئاخۆ ئەو کەس و لایەنانەی پەنا بۆ دانوستاندن دەبەن، تەنیا سیاسەتوان و دیپلۆماتکار و پیاوانی سەر بەدەوڵەتن، یاخۆ کەسانی تریش مافی ئەوەیان هەیە لەم پرۆسەیەدا بەشدار بن و لەم بەهرەیە سوودمەند بن؟

ئەڵبەتە دانوستاندن تەنیا تایبەت نییە بە کەسێک یان لایەنێک یان بوارێکەوە، بگرە گشت کایەکانی ژیانی گرتووەتەوە و بەشێکی دانەبڕاوە لە

ژیانی رۆژانەمان، بۆیە نابێ جۆرەکانی دانوستاندن فەرامۆش و نادیدە بگرین، لەم سۆنگەیەوە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەجۆرەکانی دانوستاندن بکەم و بۆ خوێنەرانی خۆشەویست بیانخەمە ڕوو:

* – دانوستاندنی خێزانی: وەک دانوستاندنی: (ژن و مێرد (هاوسەران)، دایک و باوک، دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان، خوشک و براکان و ئەندامانی خێزان پێکەوە و... تاد).

* – دانوستاندنە کۆمەڵایەتییەکان: وەک دانوستاندنی: (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ناوەندەکانی هزری و توێژینەوە، دانوستاندنەکانی چین و توێژە پیشەیی و جۆرەوجۆرەکانی کۆمەڵگە).

* – دانوستاندنە سیاسییەکان: وەک دانوستاندنی: (پارتە سیاسییەکان و حکوومەتەکان و دەوڵەتان و وڵاتان و پارزەوینەکان. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەهەندێک لە سوودەکانی دانوستاندنە سیاسییەکان بکەین:

– دروستکردنی زەوینەیەکی گونجاو بۆ یەکترقبووڵکردن.

– دروستکردنی زەوینەیەکی لەبار بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەکان.

– دروستکردنی زەوینەیەکی لەبار بۆ پێکەوەکارکردن.

– دروستکردنی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ یارمەتیدانی یەکتر لە پرسە ئاڵۆزەکان و تەنگژە سەختەکاندا.

– ڕەواندنەوەی هەوری ڕەشی یەکترتۆمەتبارکردن و یەکترسڕینەوە.

– لێک نزیککردنەوەی ئایدیا و بیر و بۆچوونەکان.

– کەمکردنەوەی مەودای جیاوازییە هزری و سیاسییەکان.

– داخستنی دەرگەی شەڕ و جەنگەکان.

– چەسپاندن و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئارامی.

– چەسپاندنی مەبدەئی پێکەوەژیان.

* – دانوستاندنە ئایینی و مەزهەبییەکان: وەک دانوستاندنی: (پارتە

ئاینییەکان و دەوڵەتە دینییەکان و، ئاینەکان بەگشتی وەک: ئاینی (ئیسلام- مەسیحی)، (ئیسلام-جوولەکە)،(مەسیحی- جوولەکە) هەروەها ئاینزاکان وەک: ئاینزای: (شیعە- سونە، کاسۆلیک- پرۆتیستانت و... تاد). هەروەها دانوستاندنی (خوا _ پێغەمبەران)، (خوا- ئەهریمەن)، (خوا _ فریشتەکان)، (خوا - ئادەمیزاد) و... تاد.

* دانوستاندنە شارستانییەتەکان: وەک دانوستاندنی شارستانییەتەکان لە نێوان: (ئیسلام -رۆئاوا)، (ئیسلام -رۆهەلات)، (رۆئاوا- رۆهەلات).
* دانوستاندنە پەروەردەیییەکان: وەک دانوستاندنی: (پسپۆڕان و چالاکوانان و لێکۆڵەر و توێژەرە پەروەردەیییەکان و، بەستنی کۆڕ و کۆنفرانسە پەروەردەیییەکان... تاد).

هانی سلێمان ئاماژە بەچەند سوودێکی دانوستاندنی پەروەردەیی دەکات و لەم چەند خاڵەدا چڕ دەکاتەوە:

- ستراتیجییەتی بنیاتنانی پێوەندییە ئەرێنییەکان لە نێوان دایبابو منداڵەکان لەلایەک و، منداڵان و کارمەندانی قوتابخانە لەلایەکی ترەوە بەهێز دەکات، چونکە جەخت لەسەر یەکترقبوولکردن و رێزگرتنی هاوبەش و نەهێشتنی ناکۆکییەکان دەکاتەوە.
- منداڵەکان لەسەر ئەوە رادەهێنێ کە هەبوونی جیاوازییەکان بە شتێکی سروشتی بزانن و، بەمەترسی نەژمێرن بۆ سەر ژیانی خۆیان.
- منداڵەکان لەسەر ئەوە رادەهێنێ کە بەها پەسندەکان دەستەبەر بکەن و، کەشوهەوایەکی گونجاویشە بۆ ڕاستکردنەوەی رەفتار و هەڵسوکەوتەکان.
- گەشە بە دەستپێشخەری و کێبەرکێ و حەزی دۆزینەوە و داهێنان دەدات و، پەرە بەگیانی کۆمەڵایەتی دەدات، بۆ زاڵبوون بەسەر ترسی کۆمەڵایەتی و شەرمنیدا، هەروەها کارێکی وا دەکات کە لە داهاتوودا لە بەردەم ئەو ڕەوش و حاڵەتانەدا نەبەز و خۆڕاگر بن.
- دانوستاندن هانی منداڵان دەدات کە لە ڕێگەی کرانەوە و فێربوون، بە

خۆیان هەڵەکانی خۆیان بدۆزنەوە.

– دانوساندن لە نێوان دایباب و مامۆستا و ڕاهێنەران، یان بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە یاخۆ بە شێوەی خستن بەرچەستە دەبێ، ئەمەش گوزارشتکردنە لەو کێشە و ئاریشانەی کە مندالآن بەدەستیانەوە دەناڵێنن وەک: هەستە دوژمنکارییەکان و نیگەرانی و دڵەتەپێ و ترس و ناکۆکییە دەروونییەکان و خەمۆکی، ئەمەش هەلێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و پەرەدان بەگەشەی جۆشخواردن و لێپرسینەوەی هەستەکان و دەرخستنی باڵەکان، ئینجا چارەسەرکردنیان، ئەمەش بڕبڕەی پشتی کرداری ڕێنوێنیکردنە.

– هاوکارە بۆ دەستکەوتەکانی خوێندن.

هاوکاری و یارمەتیی قوتابیان دەدات کەوا دۆست و هاوڕێی نوێ پەیدا بکەن و بدۆزنەوە.

– دانوستاندن هانی کرداری ئاراستەکردن و ڕێنوێنیکردن دەدات .

– یارمەتیی دانوستانکارەکان دەدات بۆ ئەوەی فێرە بوێریی دەروونی بن، کە ڕای بەرانبەر قبووڵ بکەن، ئەگەر هاتو بەڵگەی خستە ڕوو.[٣٣]

* – دانوستاندنە زانستییەکان: وەک دانوستاندنی:(پسپۆڕان و چالاکوانان و لێکۆڵەر و توێژەرانی زانستی و بەستنی کۆڕ و کۆنفرانسە زانستییەکان و... تاد).

* –دانوستاندنە ناوەخۆییەکان: وەک دانوستاندنی: (پارتە چەپڕۆ و ڕاستڕۆکان– پارتە حکومەتی و ئۆپۆزسیۆنەکان– پارتە ڕکابەرەکان و ... تاد).

* –دانوستاندنە هەرێمییەکان: وەک دانوستاندنی: (وڵاتانی سەر بە ناوچە و هەرێمێکی دیاریکراو، بۆ تاوتوێکردنی پرسە هەرێمییەکان، نموونەی دانوستاندنەکانی: (تورکیا– عێراق)، (تورکیا– سووریا– ئێران– عێراق) (سووریا– عێراق) لەسەر پرسی ئاو و دۆزی گەلی کورد.

* – دانوستاندنە نەتەوەییەکان: ئەم جۆرە دانوستاندنە:(زیاتر لە نێوان دوو نەتەوەی جیاواز دروست دەبێ لە پێناو گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشە و تەنگژەکانیان، وەک دانوستاندنی (کورد– عەرەب)، (عەرەب– ئیسرائیل).
* –دانوستانە نێودەڵەتییەکان: وەک ئەو دانوستانانەی بەسەرپەرشتیی un) و رۆئاوا ئەنجام دەدرێن، نموونەی دانوستانەکانی: (تورکیا– قوبرس)، (عەرەب– ئیسرائیل)، (هیندستان– پاکستان) و (کۆریای باکور –کۆریای باشوور) و... تاد).
* – دانوستانە ئابوورییەکان: وەک دانوستانی: (هەشت ولاتە زلهێزە ئابوورییەکەی جیهان، ناسراو بە (گرووپی ٨).
* – دانوستانە ئەدەبییەکان: وەک دانوستانە ئەدەبییەکان کە بەهۆی سەندیکا و مەڵبەند و نێوەندە ئەدەبییەکانەوە بەڕێوە دەچێ، لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی، بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسانەی کە پێوەستن بە رەوشی ئەدەبەوە.
* –دانوستانە دووقۆڵییەکان: وەک دانوستانی: (دوو کەس یا دوو پارت (حزب)، یا دوو دەوڵەت، یا دوو سەرۆک و... تاد).
* –دانوستانە چەند قۆڵییەکان: وەک دانوستانی: (فرە لایەنە لەسەر کێشە و تەنگژەکانی جیهان، نموونەی دانوستانەکانی کۆریای باکور و ئێران لەگەڵ شەش ولاتەکە لەسەر پرسی چەکی ئەتۆمیی کۆریا و ئێران).
* –دانوستانە ڕاستەوخۆکان: وەک دانوستانی: (فەلەستین– ئیسرائیل)، (رووسیا– ئەمەریکا).
* –دانوستانە ناڕاستەوخۆکان: ئەم دانوستانە: (بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت، یاخۆ لایەنی سێیەم بەم کارە هەڵدەستێ، بەمەبەستی لێک نزیککردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی دوولایەنە ناکۆکەکە).
* – دانوستانە کراوەکان: ئەم جۆرە دانوستانانە: (بەبێ سانسۆری

ڕاگەیاندن و چاودێرە سیاسییەکان و چالاکوانە کۆمەڵایەتییەکان و بێ پێچوپەنا و، لە کەشوهەوایەکی کراوەدا ئەنجام دەدرێت، وەک دانیشتنە پەرلەمانییەکانی وڵاتە دیموکراتییەکان، بۆ تاوتوێکردنی پرسە گرینگ و زیندووەکان، هەروەها ڕای گشتی و، جیهان بە تێکڕایی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم جۆرە دانوستانانە بەئاگایە و لە کامێرا و قەڵەمی ڕۆژنامەوانان بزر و شاراوە نییە).

* – دانوستانە شاراوە و داخراوەکان: ئەم جۆرە دانوستانانە: (بەپێچەوانەی دانوستانە کراوەکان بەڕێوە دەچن و، دوورن لە چاوی کامێرا و چاودێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و لە پشت دەرگە داخراوەکانەوە ئەنجام دەدرێن، بەتایبەتی ئەگەر دانوستانەکان لە قۆناغی سەرەتاییدا بن و لە نێوان دانوستانکارەکاندا پانتاییەکی فرە زۆری ناکۆکی هەبێت.

بەڵام ئەم جۆرە دانوستانانە زیاتر لە وڵاتە نادیموکراتییەکان و دیکتاتۆرییەکان پەیڕەو دەکرێت، بۆ شاردنەوەی نەخشە و پیلانە نهێنییەکانیان دژبەری دوژمن و ڕکابەرەکانی خۆیان.

* دانوستانە گەوهەری و کرۆکدارەکان: ئەم جۆرە دانوستانانەن کە دەچنە بنج و بنەوانی بابەتەکە و جەخت لەسەر کرۆک دەکەنەوە و لە ڕووکەش دوور دەکەونەوە و ئامانجی هەردوو لایەنی دانوستانکار، گەیشتنە بەئامانجێکی خوازراو و دیاریکراو.

* دانوستانە ساختە (الزائف)کان: ئەم دانوستانانەن کە تەنیا پشت بە ڕووی دەرەوەی بابەتەکان دەبەستن و ناچنە ناو کرۆک و ناوەڕۆکەوە، واتە پەسندکردن یان ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی تر، بەبێ ئەوەی گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت و شەنوکەو بکرێن.

* دانوستانی چەواشەکارانە: لەم جۆرە دانوستانانەدا لایەنەک بەمەبەستی گورزوەشاندن لە بەرامبەرەکەی پەنا بۆ دانوستاندن دەبات و، گەرەکیەتی لە

پشتەوە، ڕکابەرەکەی لەناوببات، یان زیانی پێ بگەیەنێت و لاوازی بکات.

* دانوستانە نووسراوەکان: ئەم جۆرە دانوستانانەن کە لە ڕێگەی گۆڕینەوەی نامەی نووسراوەوە ئەنجام دەدرێن، بەتایبەتی لە رەوش و حاڵەتی وادا کە لایەنە ناکۆکەکان لە قۆناغی سەرەتایی دانوستانەکانیاندا بن، یاخۆ هێشتا زەوینەیەکی لەبار نەڕەخسابێ بۆ پێکەوەدانیشتن و، تۆوی بڕوابوون بەیەکتری لە نێوانیان نەڕوابێ.

* – دانوستانە زارەکییەکان: ئەم جۆرە دانوستانانە لە ڕێگەی زمانەوە لە نێوان کەس و لایەنە ناکۆکەکاندا ئەنجام دەدرێن و گوێ لە ئاخاوتنەکانی یەکتر دەگرن و، بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن.

والتۆن– (Walton)یش بەم شێوەیە جۆرەکانی دانوستاندن دەخاتە ڕوو:

* دانوستانی یەکتر رازیکردن (الحوار الأقناعي): والتۆن پێی وایە: ئەم جۆرە دانوستانە لە سروشتێکی کێبەڕکێیانە بەهرەمەندە، واتە هەر لایەنێک هەوڵ دەدات لایەنی بەرانبەر رازی بکات بۆ قبوولکردنی بیر و هزرەکانی، بە خستنە ڕووی بەڵگەگەلێکی لۆجیکی و ئەقڵانی.

* دانوستانی گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا (حوارالبحث عن المعلومات): لایەنەکانی دانوستانکار لەم دانوستانەدا زیاتر پەنا بۆ دیمانە و دیدارەکان دەبەن و ڕاوێژ لەگەڵ پسپۆڕ و شارەزایان دەکەن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی شارەزایی (خبرە) و زانیاریی زیاتر و تازەتر.

* دانوستانی تەفاوضی (الحوار التفاوضی): مەبەست لەم دانوستانە رازیکردنی یەکتر نییە، بگرە ئیمزاکردنە لەسەر گرێبەستی پێکهاتن لە نێوان لایەنەکانی دانوستانکاردا، لە کاتی سازش و تەنازولکردن، لە هەندێک دەستکەوت و بەرژەوەندی و، بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوت و بەرژەوەندیی تر.

* دانوستانی لێکۆڵینەوە و گەڕان (حوارالتحقق والبحث): ئەم جۆرە دانوستانانە لەناو بازنەی بەرەنجامەکانی توێژینەوە زانستی و گشتییەکان

و ڕاپرسییەکانی رای گشتی دەخۆلێنەوە.

* دانوستانی مشتومڕانە و جیدالی (الحوار الجدالی): لەم دانوستانەدا هەردوو لایەنی دانوستانکار هەوڵ و تەقەلا دەدەن زۆر بە توندی رەخنە لە یەکتری بگرن و بەگژ یەکتریدا بچنەوە، هەروەها دەکرێ هەردوو لایەنی دانوستانکار لە پێناو بردنەوە و سەرکەوتن و بەچۆکدانانی ئەوی تر، پەنا بۆ سووکایەتی بە یەکترکردن و یەکترشکاندنەوە ببەن، هەروەها هەر لایەنەک لەو لایەنانە، سوور دەبێ لەسەر ڕا و بۆچوونی خۆی و، لە بابەتێکەوە دەچێ بۆ بابەتێکی تر لە پێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن.[٣٤]

کەچی (هانی سلیمان) لە پەڕتووکەکەیدا بەناوی (الحوار)، دانوستاندن دەکا بە دوو بەشەوە: دانوستانی نەرێنی (سلبي) و دانوستانی ئەرێنی (اجابي).

دانوستانی نەرێنی (سلبي)ش چەندان جۆر و شێوەی هەیە، ئاماژە بە هەندێکیان دەکات کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- دانوستانی بەگژیەکداچوون و یەکترخستن: لەم جۆرە دانوستانانەدا، لایەنێک یان هەردوو لایەنی دانوستانکار بێجگە لە نەرێنی و هەڵە و کۆسپ و ئاستەنگەکان هیچ شتێکی تر نابینن، هەروەها ئەم دانوستانانە بەبێ سوود و قازانج تەواو دەبن و، هەردوولا دووچاری دامرکانەوە و بێ ئومێدی دەبن، چونکە بە بونبەست دەگەن و هەموو رێگەیەکی هەستانەوە بەسەریاندا دادەخرێت.

٢- دانوستانی بەپێچوپەنا: هەردوولا، یان لایەنێک لە رووی زارەکییەوە خۆی بەسەر لایەکەی تردا دەسەپێنێ و، چاوپۆشی لە بەروبوومی راستەقینە و کۆتایی ئەو گفتوگۆیە دەکات، ئەمەش جۆرێکە لە خۆسەلماندن بەشێوەیەکی رووکەش.

٣- دانوستانی دووروویانە: لەم جۆرە دانوستانانەدا کەس یان لایەنە دانوستکارەکان بە شێوەیەک دەدوێن کە وتەکانیان لەگەڵ واتاکانیان جیا

بێ و یەک نەگرێتەوە، واتە بە زمان شتێک دەڵێن و، بە دڵ مەبەستێکی تریان گەرەکە، چونکە لە کاتی وشە و پەیڤەکانیاندا چەمک و واتای شاراوە و نادیار هەیە، مەبەستیانە لایەنی بەرانبەر بشلەژێ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە دانوستانانە برێتین لە دوژمنایەتیکردنێکی قێزەون و چڵکن.

٤- دانوستانی بونبەست (طريق المسدود): لایەنێکی دانوستکار یان هەردوو لایەن، هەر لە سەرەتاوە دەست بە نەگۆڕە دژبەیەکەکانەوە دەگرن و هەر لە سەرەتای دانوستانەوە ڕێگەی دانوستاندن دادەخەن، ئەمەش جۆرێکە لە دەمارگیریی هزری و تەسکبینی.

٥- دانوستانی خۆسەپاندن: ئەم جۆرە دانوستانە لەسەر زۆر ئاستی جیاجیادا دەبینرێ، بۆ نموونە: باوک دژی منداڵەکانی (باوکسالاری)، دایک دژی منداڵەکانی (دایکسالاری)، مامۆستا دژی قوتابییەکانی (مامۆستاسالاری)، بەرپرس دژی ژێردەستەکانی (بەرپرسسالاری) و... تاد، ئەمە جۆرێکی توندە لە دوژمنایەتی و بەربەرەکانێ، چونکە لایەنێک بە زەبری هێز و خۆسەپاندن قەوارەی لایەنەکەی تر دادەخات و، لەو ئاستەدا نایبینێ دانوستانی لەگەڵدا بکات، بگرە پێی وایە تەنیا خۆی دەبێ فەرمان بدات و بەرانبەرەکەیشی بەبێ مشتومڕ و بگرە و بەردە، گوێ بۆ فەرمانەکانی شل بکات. ئەم جۆرە دانوستانانە دەبنە هۆی داخستنی قەوارەیەک و سەندنەوەی ئازادی، بۆ بەرژەوەندیی لایەنەکەی تر، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کەس یان لایەنی دەمکوتکراو نەتوانێ داهێنان و ئەفراندن بکات و بەنەرێنی بەسەر هەردوولادا دەشکێتەوە و کۆمەڵگەش بە گشتی لەم جۆرە دانوستانە زەرەرمەند دەبێت.

٦- دانوستانی رووکەش (ظاهری): کاتێک دانوستاندن لەسەر بابەتێکی گەوهەریی دەورەدراو بە بڤە و مەترسییەکان ئەنجام دەدرێت، لایەنێک یان هەردوو لایەنی دانوستانکار لە پێناو سەلامەتیی خۆیان، یان بۆ ڕاکردن لە تێڕوانینێکی قووڵ و لە پێناو رزگاربوون لە نیگەرانییەکانی دەروونی

یان کـۆمـەڵایەتی، پـەنا بۆ دانوسـتـانی رووکـەش دەبەن و ناچنە قـووڵاییی بابەتەکەوە و، لەسـەر لێوارەکانی مەلە دەکەن.

٧- دانوستانی خـودپەرستانە: لەم جۆرە دانوستانانەدا لایەنەک لە لایەنەکانی دانوسـتـانکار مـکوور و سـوور دەبێ لەسـەر بیـرورای خـۆی، هـەر بەمـەش بەس ناکات، بگرە گشت را و بۆچوونەکانی لایەنی بەرانبەر رەت دەکاتەوە و دادەخات، ئـەم جۆرە دانوسـتانانە هـەمـوو نەرێنییـەکانی دانوسـتـانەکانی (خـۆسـەپاندن و بونبـەست)یش دەگـرێتـە خـۆی کـە لە خـاڵەکـانی (٤، ٥) هـاتووە.

٨- دانوسـتانی بورجی عاج: هـەندێ لە رووناکبیـر و رۆشنبیـران کاتێ لەسـەر بابەتێکی فـەلسـەفی یان نیـمـچە فـەلسـەفی گفـتـوگۆ دەکـەن، بابەتەکـەیان دوور و نزیک پێوەندیی بە ژیانی ئیمرۆ و کۆمەڵگەی خۆیانەوە نییە، بەڵام بەمـەبەسـتی خـۆبەزانا دەرخسـتن و خۆ لە خـەڵک جیاکردنەوە پەنا بۆ ئەم جـۆرە دانوسـتـانانە دەبـەن، بەبێ ئەوەی هـەوڵێکی ئەرێنی بۆ چاکسـازی و گۆڕینی کەتوار و ئەو واقیعەی کە هەیە بدەن.

٩- دانوسـتـانی (من) هـەردەم لـەگـەڵـتـدا هـاودەنگم: لـەم جـۆرە دانوسـتـانانەدا لایەنەک دەست لە ئاخـاوتن هـەڵدەگرێ و بۆ لایەنی بەرانبـەر، چاوپۆشی لە مـافی خـۆی دەکـات، بەڵام مـەبـەسـتی لەم کـارە یـان سـووکـایەتیکردنە بەو کـەس و لایەنە، یان لێی دەترسـێ، یاخـۆ دەخـوازێ گشت بەرپرسـیـاریەتیی ئەو دانوستانە بخاتە ئەستۆی ئەوەوە.

١٠- دانوسـتانی پێچەوانە: لەم جـۆرە دانوسـتـانەدا هـەردوولا تەواو دژبەیەکن، بـۆ نموونـە ئـەگـــەر لایـەنەک بـە ئـاراسـتــــەی لای راست هـەنـگـاو بنـێ، هـەنگاوەکـانی لایەنی بەرانبـەر ئاراسـتـەکـەی تەواو هـاودژ و پێچـەوانەیە، پێچەوانەکـەیشی راسـتـە، چونکە هـەردوولا گـەرەکیـانە بەخۆجیاکردنەوە و هـاودژبوون، خـۆیان بسـەلێنن، تەنانەت ئەگـەر لەسـەر حیسـابی گـەوهـەر و کرۆکی راستیش بێت.

١١- دانوستانی دوژمنکارانەییی نەرێنی: لایەنێک بەهۆی کەرب و کینەوە پەنا دەباتە بەر بێدەنگییەکی نەرێنی، بەمەبەستی لەخشتەبردنی لایەنی بەرانبەر، بەبێ ئەوەی خۆی تووشی مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینە بکات.

بە دید و بۆچوونی (هانی السلیمان)یش، دانوستانی ئەرێنی و سوودگەیێن (اجابي و مفید) پێویستە لەم چەند تایبەتمەندییانەی خوارەوە بەهرەمەند بێت:

* پێویستە ئامانجەکە دیار بێ و، لە بابەتەکە تێ بگەن و، لە کاتی دانوستاندا پارێزگاریی لێ بکەن، لەوانەش: پاراستنی کات و کۆششەکان، پتەوکردنی بنەمای ڕێزگرتن لە بەرانبەر.
* هەبوونی ئامادەسازی لە ڕووی دەروونی و ئەقڵییەوە، بۆ بەچاکی خستنە ڕووی بابەتەکە و دان بەخۆداگرتن، گوێگرتن، بیستن، خۆبەکەمزانین و قبووڵکردنی بەرانبەر، هەروەها نەبەزاندنی، یان ریسواکردنی، بوار ڕەخساندن بۆ ئارمانجە دیاریکراوەکان، بۆ پەیرەوکردنی دانوستانێکی ئەرێنی، کە دوور بێ لە مشتومڕ و دەمەقاڵێ و، گەڕان بەدوای دادپەروەری و ڕاستگۆیی و ئەمانەتداری و بابەتییانە و، پەسندکردنی ڕای بەرانبەر، ئەگەر بەڵگەی خستە ڕوو.
* حوکم بەسەر دانوستانکار نەدرێ، تەنانەت ئەگەر هەڵەش بێ، بۆ ئەوەی دانوستانەکە نەبێ بەمشتومڕ و دەمەقاڵێیەکی نەزۆک و بێ سوود.
* تا بکرێ تەنیا دانوستاندن لەگەڵ یەک کەس بکرێ و دانوستانکار لە کاتی دانوستاندا خۆی بە کەسانی ترەوە سەرقاڵ نەکات، تاکو زیاتر بایەخ و گرینگیی پێ بدات و دانوستانەکەش بەرهەمدار بێت.
* پێویستە ڕەچاوی شوێن و کات بکرێ و کات و شوێنەکە بۆ دانوستاندن گونجاو بن و هەردوولا وەک یەک لێی سوودمەند بن و بەدڵ پێی ڕازی بن، هەروەها پێویستە دانوستانکار ڕەچاوی بەرانبەرەکەی بکات، لە کاتی هیلاکبوون و برسیبوون و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و تەنگیی جێگە و

ڕووناکی، پێویستە دانوستانەکە بەشێوەیەک نەبێ پێش وادەی خواردن بکەوێ و دانوستانکارەکەش برسی بێت. یاخۆ دانوستانەکە پێش وادەی پشوودان بکەوێ و دانوستانکار حەزی لە نووستن بێت، یاخۆ دانوستانەکە بخرێتە کاتێکی نالەبارەوە، وەک ئەو خولەکانەی پێش سەفەرکردن، یان بخرێتە کاتێکی وا کە لەگەڵ ئەنجامدانی کارێکی تر هاودەم بێت، بۆیە پێویستە لە گشت ڕوویەکەوە، بە تایبەتی لە رووی ئابووری و تەندروستی و تەمەن و زانستی و جیاوازیی تاکەکەسییەوە بارودۆخی دانوستانکار لە بەرچاو بگیرێت.

* دانوستانی ئەرێنی، ئەو دانوستانەیە کە بابەتییانە بێت و خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان لە یەک کاتدا ببینرێن و کۆسپ و تەگەرەکان دەستنیشان بکرێن و، شیمانەی ئەوەش هەبێ بتوانن بەسەریاندا زاڵ بن.
* دانوستانی ئەرێنی ئەو دانوستانەیە کە گەشبینانە بێ و زێدەڕۆیی تێیدا نەکرێ.
* دانوستانی ئەرێنی، ئەو دانوستانەیە کە لە کانگەی دڵەوە هەڵقووڵابێ و ڕاستگۆیانە بێ و، پەیڤ و بەڵگەکانی دیار و ئاشکرا بن.
* دانوستانی ئەرێنی، ئەو دانوستانەیە کە هاوسەنگ بێ و هەردوولا، دەرفەتی پەیڤین و قسەکردن بەیەکتری بدەن و بتوانن ئازادانە گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن و داهێنانی ڕاستەقینە لە خۆیاندا بەرجەستە بکەن و ڕێز لە بیروڕای یەکتر بگرن و، هەبوونی جیاوازیی بیروڕا لە نێوان مرۆڤەکاندا بە کارێکی ئاسایی و مسۆگەر بزانن و ئادابەکانی جیاوازی لە بەرچاو بگرن و پەسندی بکەن.
* دانوستانی ئەرێنی و ڕاستەقینە، ئەو دانوستانەیە کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ژیانی واقیعیی رۆژانەوە هەبێ و ئەم پێوەندییەش تەسلیمبوون نەبێ بە ئەمری واقیع، بگرە پێوەندییەک بێ لەسەر بناغە و بنچینەی لێک تێگەیشتن و گۆڕان و چاکسازی بنیات نرابێ.

* دانوستانی ئەرێنی، ئەو دانوستانەیە کە ڕاستی و دروستی سەنگی مەحەک بێ بۆ هاوڕابوون یان هاوڕانەبوون لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا.
* ئامانجی کۆتایی لە دانوستانی ئەرێنی و سوودگەیێن ئەوەیە هەردوو لایەنی دانوستانکار ڕاستی و هەقیقەت بە بەڵگە و دیکیۆمێنت بۆ یەکتری بسەلمێنن و بەڵگەکان بخەنە ڕوو، نەک بە هەوا و هەوەسی خۆیان بێت[٣٥].

پێشەوا (شافعی)ش پێی وایە دەبێ دانوستاندن بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت و ڕاستی بێت و هەردوولا بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە پەنا بۆ دانوستاندن بەن، بۆیە لەم بوارەدا وتەیەکی بەنرخی هەیە و دەڵێت: " دانوستانم لەگەڵ هەر کەسێکدا کردبێت، هەرگیز باکم نەبووە ئاخۆ خوا هەقیقەت و ڕاستی لەسەر زمانی من، یاخۆ زمانی ئەو کەسە دەردەخات"[٣٦].

پێشەوا (غەزالی)ش، باس لە دانوستانی ئەرێنی و سوودگەیێن دەکات و دەڵێت: "پێویستە دانوستانکار بۆ دۆزینەوەی هەق و ڕاستی وەک جاڕدەرێک بێت کە بۆ دۆزینەوەی شتێکی ونبوو جاڕ دەدات و، جیاوازی لە نێوان خۆی و ئەوانی تردا نەکات، ئاخۆ خۆی شتەکە دەدۆزێتەوە یا خودی ئەو کەسە کە یارمەتیی ئەو دەدا، واتە وەک یارمەتیدەر دەڕوانێتە ڕکابەرەکەی، نەک دوژمن، هەروەها سوپاسیشی دەکات ئەگەر بۆی ڕوون بووەوە کە خۆی بەهەڵەدا چووە و لەسەر دەستی ئەم، ڕاستیی بۆی دەرکەوتووە و سەلمێندراوە"[٣٧].

## پاڵنەرەکانی دانوستاندن

ئەڵبەتە هیچ دانوستانێک ئەگەر پاڵنەری خۆی نەبێت لەدایک نابێ، یاخۆ بە مردوویی لەدایک دەبێ و بەردار نابێ، چونکە سروشتی ژیان ئەوە دەخوازێ، بۆ نموونە تا مرۆڤ برسی نەبێ بەدوای خۆراکدا ناگەڕێ، تا کەسێک نەخۆش نەکەوێ، سەردانی پزیشک ناکات، تا مرۆڤ هەست بە مەترسیی سەرما نەکات خۆی بە جلوبەرگی گەرم پۆشتە ناکات، ئاخاوتن یان ڕاستتر بڵێم دانوستاندن و گفتوگۆش لە نێوان مرۆڤەکان لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ دەچێتە هەمان خانەوە، مرۆڤ کاتێک پەنا بۆ دانوستاندن دەبات کە لە ناخەوە

هەست بە زەرورەتی هەبوونی ئەو دانوستـــانە بکات لەگــەڵ ئەوی تردا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی هەندێک دەستکەوت، جا ئەو دەستکەوتانە مادی یان مەعنەوی بن، یاخۆ لابردنی هەندێک کۆسپ و لەمپەر و مەترسی لەسەر ژیانی رۆژانەی خۆی و، رزگاربوون لە مەینەتی و کارەسات و مەرگەسات و نەگبەتیی رۆژگار.

بەڵام دانوستانێک پاڵنەری نەبێ و هۆکار و ئامانج و فەلسەفەکەی رۆشن نەبێ و ئادابەکانی لە بەرچاو نەگیرێن، مسۆگەر دانوستانێکی نەزۆکە، بۆیە لەو ڕەوش و حاڵەتانەدا نەبوونی دانوستانەکە باشترە لە هەبوونی، چونکە دەبێتە هۆی کوشتنی کات و ئاڵۆزکردنی هزر و ڕەنجاندنی دڵەکان و لێک دوورخستنەوەی بۆچوونەکان و بەرفراوانکردنی مەودای جیاوازییەکان و... تاد.

لەم سۆنگەیەوە زۆر بەپێویستی دەزانم تیشک بخەمە سەر ئەم تەوەرە و پاڵنەرەکانی دانوستاندن باس بکەم، کە بە ڕا و بۆچوونی بەندە ئەمانەی خوارەوە پاڵنەری سەرەکین.

١- هاوبەشبوونی مرۆڤەکان لە هەست و ویژدان و مرۆڤایەتیبووندا.

٢- هاوبەشبوونی مرۆڤەکان لە بەرژەوەندییە باڵاکانی ژیاندا.

٣- هاوبەشبوونی مرۆڤەکان لەسەر ئەم هەسارەیە و گۆی زەویدا.

٤- هاوبەشبوونی مرۆڤەکان لە نەخۆشی و مەینەتییەکاندا.

٥- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە توانا هزرییەکانی یەکتر.

٦- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە توانا ژیری و ئەقڵییەکانی یەکتر.

٧- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە توانا زانستییەکانی یەکتر.

٨- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە توانا مادییەکانی یەکتر.

٩- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە توانا لۆجستییەکانی یەکتر.

١٠- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە توانا پیشەسازی و تەکنەلۆجییەکانی یەکتر.

١١- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە توانا شارستانییەتەکانی یەکتر.

١٢- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە ئەزموونە دەوڵەمەندەکانی یەکتر.

١٣- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە توانا وەبەرهێنانیەکانی یەکتر.

١٤- نیازمەندیی مرۆڤەکان بە داهێنراو و ئەفراندنەکانی یەکتر.

١٥- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن بەمەبەستی چارەسەرکردنی تەنگژە جۆرەوجۆر و فرە ڕەنگە سیاسییەکان.

١٦- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ سەرکەوتنی پڕۆژە کۆمەڵایەتییەکان.

١٧- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ سەرکەوتنی پڕۆژە نێودەوڵەتییەکان.

١٨- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو کون و قوژبنەکانی ئەم جیهانە پان و بەرینە.

١٩- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن بۆ چارەسەرکردنی تەنگژە ئابوورییەکانی جیهان.

٢٠- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن بۆ چەسپاندنی یاسا نێودەوڵەتییەکان.

٢١- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن بۆ سەرخستنی پڕۆژە بازرگانییەکان.

٢٢- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویست و بەراییەکان.

٢٣- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن بۆ پاراستنی ژینگەی سروشتی لە مادە مەترسیدارەکان، کە مەترسیی لەسەر ژیانی هەموو مرۆڤایەتی دروست کردووە.

٢٤- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و بەرابەری و نەهێشتنی خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی و جەور و ستەم و جیاکاری.

٢٥- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن بۆ لەناوبردنی چەکە کۆمەڵکوژەکان و... تاد.

٢٦- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر چۆنیەتیی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کوشندەکان.

٢٧- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر چۆنیەتیی قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی نەخوێندەواری و نەزانین.

٢٨- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر چۆنیەتیی قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی تۆقاندن و تیرۆر و توندوتیژی.

٢٩- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر چۆنیەتیی قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان.

٣٠- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر چۆنیەتیی قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی برسییەتی و قاتی و قڕی، کە ئیمڕۆ بەسەدان ملیۆن کەس لە جیهاندا بەدەستییەوە دەناڵێنن.

٣١- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر ئەو بابەتە هزرییانەی ناکۆکییان لەسەرە.

٣٢- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر شوێنە جوگرافیاییە جێناکۆکەکان، کە پێوەندیی بە سەربەخۆیی نەتەوە و گەلانەوە هەیە.

٣٣- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر چۆنیەتیی ڕێگەگرتن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی جیهانگیری و شۆڕشی پیشەسازی و تەکنەلۆجی.

٣٤- نیازمەندیی مرۆڤەکان بۆ پێکەوە دانوستانکردن لەسەر چۆنیەتیی کارکردن بۆ پێکەوەژیانی برایانە لەسەر بناغەی برایەتی و یەکسانی و بەرابەری و بەرژەوەندیی هاوبەش.

## میکانیزمەکانی دانوستان

بێگومان جێبەجێکردنی هەر پرۆسەیەکی سەرکەوتوو، پێویستیی بەکۆمەڵێک میکانیزم و فاکتەر هەیە، بەبێ فەراهەمکردنی ئەو فاکتەر و میکانیزمانە مەحاڵ و ئەستەمە بتوانین نیشانەکانمان بپێکین و ئامانجەکانمان بەدی بێنین، ئەڵبەتە جۆری میکانیزمەکان لەگەڵ جۆری دانوستانەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، واتە ڕەنگبێ هەر دانوستانێک پێویستی بەجۆرە میکانیزمێکی هەبێت، ئەڵبەتە ئەو میکانیزمانە دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- فاکتەرە مەعنەوییەکان.

٢- فاکتەرە مادییەکان.

فاکتەر و میکانیزمە مەعنەوییەکان:

* فەراهەمکردنی کەش و هەوایەکی ئارام و دوور لە ترس و تۆقاندن و جەنجاڵ و قەڵەباڵغ بۆ دانوستانکارەکان بەبێ جیاوازی.

* دابینکردنی ئاسایشی رۆحی و دەروونی و جەستەیی بۆ دانوستانکارەکان.

* دابینکردنی مافی پەیڤین و ئاخاوتن بۆ هەردوو لایەنی دانوستانکار بەیەکسانی، لە ڕێگەی زمانەوە بۆ قسەکردن و بەرگری لەخۆکردن و بەمەبەستی گوزارشتکردن لە بیر و ڕا و بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان بە راشکاوی و ڤالابێژانە.

فاکتەر و میکانیزمە مادییەکان:

* دابینکردنی شوێنێکی لەبار و گونجاو بۆ لایەنە دانوستانکارەکان لە رووی دانیشتن و هەبوونی رۆشنایی و ساردی و گەرمی بە پلەیەکی گونجاو.

* سوودوەرگرتن لە کۆڕ و سیمینار و وۆرکشۆپ.

* سوودوەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو و بیسراو و نووسراوەوە.

* سوودوەرگرتن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

* سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیا.

* سوودوەرگرتن لە مێژووی مرۆڤایەتی.

* سوودوەرگرتن لە کولتووری دەوڵەمەندی شارستانییەتەکان.

* سوودوەرگرتن لە ئەزموونی گەلان لە ڕێگەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە کێشە و تەنگژەکان.

لە قەباڵەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا کە لە ساڵی (٢٠٠٠)ز، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دانوستاندن لە نێوان شارستانییەتەکاندا، ئیمزای لەسەر کراوە و خراوەتە بەردەست، کۆمەڵێک هۆکار و میکانیزم دیاری کراون، تاکو وەک ئامرازێک بەکار بهێندرێن بۆ دروستکردنی بڕوا بەیەکترکردن لەسەر ئاستە جۆرەوجۆرەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا، بەمەبەستی بەیەکگەیاندن و چەسپاندنی لێبووردەیی و ئاسایش و پەرەپێدان، هەروەها بەمەبەستی ڕێگەگرتن لە پەنابردنە بەر هێز، لە چوارچێوەی سیستەمێکی نێودەوڵەتیی دادپەروەرانەدا.

هەروەها قەباڵەنامەکە داوای لە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە کە بەندەکانی قەباڵەنامەکە لە بیاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیادا، لە ڕێگەی ئەم هۆکار و میکانیزمانەی خوارەوە جێبەجێ بکەن:

١- بەهێزکردنی کارلێککردن و هاوکاری لە نێوان ڕۆشنبیران و بیرمەندانی سەر بە شارستانییەتە فرە جۆرەکان، بەشێوەیەکی یەکسان و دوور لە خۆسەپاندن و سڕینەوەی ئەوی تر یان پەراوێزخستنی.

٢- هاندانی بڵاوکردنەوەی هونەرەکان و پێک گۆڕینەوەیان، بەو پێیەی گوزارشتکردنێکی هاوبەش و قەشەنگیشە، هەروەها فاکتەرێکیشە بۆ ناساندنی شوێنەوارەکانی هونەری و شارستانیی هاوبەش.

٣- سازدانی کۆنگرە و سیمینارەکان، بۆ قووڵکردنەوەی یەکترناسین و لێبووردەیی و بڵاوکردنەوەی کولتووری دانوستاندن لە نێوان

شـارسـتـانيـيـەتەكـاندا، هەروەها لە ڕێگەی مـامـەڵەیەكی چاك و ڕێزگـرتنی بەرانبەر.

٤- پاراستنی شوێنەوار و دەستنووسەكانیان.

٥- بەرهەمـهێنانی كـەرەستە دیكۆمـێنتیـیەكان كە هەمـوو ئەو كتێب و گوتار و فـیلمـانە دەگرێتـەوە كـە نموونە و وێنەی مـێـژوویی دەخـەنـە بەردەست بۆ كارلێككردنێكی بنیاتنەرانە لە نێوان شارستانییەتەكاندا.

٦- هاندانی گەشتی ڕۆشنبیری و سیاسی.

٧- دانانی پرۆگرامـەكان بۆ ناسـاندنی كولتوور و شـارسـتـانیـیـەتەكان لەنێو سیستەمەكانی خوێندندا، هەروەها فێربوونی زمانەكان و مێژوو و هزری كۆمەڵایەتی و سیاسیی جۆرەوجۆر بۆ گشت شارستانییەتەكان و پەرەدان بە توێژینەوە شـارسـتـانی و كولـتووری و ژینگەیی و بەراوردكارییـەكان، هەروەها هـاندانی گـۆڕینەوەی زانسـتی و زانیـارییـەكـان و دابینكردنی زەماڵەی خوێندن بۆ ئەكادیمییەكان.

٨- هەوڵ و تەقـەلادان بۆ تێگەیشتن لە شـارسـتـانیـیـەتەكان و دیراسـەكردنی هۆكارەكانی بەرەو پێشـەوەبردنی كارلێككردن و تێكگەیشـتنی هاوبەش لە نێوانیاندا.

٩- ڕاسـتكردنەوەی وێنەی شـارسـتـانیـیـەتەكانی تر لـەنێو سـیـسـتـەمـەكانی خوێندندا، هەروەها دانانان بەمافی جیاوازی و ئازادیی هەڵبژاردن.

١٠- برەودان بەئاڵوگۆڕكردنی زانسـتی و تـەكنەلۆجی و، بەرتەسككردنەوە و نەهێشـتنی بۆشاییی زانستی و تەكنەلۆجی، لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی بیاڤە ئەخلاقییەكان بۆ كاركردن لەو بوارانەدا.

١١- هـاوكـاریكردنی یەكـتـر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شـوێنەوار و لایەنە نەرێنییەكانی جیهانگیری (گلۆبالیزم).

١٢- بەكـارخـسـتنی تەكنەلۆجـیـای ڕاگـەیاندن و هۆكـارە جۆرەوجـۆرەكـانی ڕاگـەیاندن و ئینتـەرنێت، بۆ پشـتگـیـریكردن لە پەیامی دانوسـتـانی

شارستانییەتەکان و برەودان بە لێک تێگەیشتنی گەلان.

١٣- ڕەخساندنی هەڵی یەکسان بۆ لێشاوەکانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی برەودان بە کارلێککردنێکی ئەرێنی و هاوکاریکردن لە نێوان شارستانییەتەکاندا.

١٤- جێبەجێکردنی پرۆگرامێک کە ئامانجی پاککردنەوەی ڕۆحی دانوستاندن و لێک تێگەیشتن بێ، هەروەها ئامانجی ڕیشەکێشکردنی توندوتیژی و دەمارگیری بێ لە نێوان گەنجەکاندا.

١٥- پێشخستنی میکانیزمە گونجاوەکان لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و نیشتمانی و هەرێمی، بۆ برەوان بە دانوستاندن لە گشت بوارێکدا بۆ بڵاوکردنەوەی لێک تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان شارستانییەتەکاندا.

١٦- پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت بەکۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ هاندانی دانوستانی شارستانییەتەکان و ئاسانکاریکردن و بڵاوکردنەوەی کولتووری دانوستاندن لەمەڕ چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە گشت بوار و بیاڤێکدا.

١٧- ساڵی ٢٠٠١ ز، تایبەت بکرێت بەساڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ دانوستانی شارستانییەتەکان[٣٨].

## ئامانج لە دانوستانی شارستانییە مرۆڤییەکان چییە؟

بایەخ و گرینگیی دانوستاندن بۆ نەهێشتن و بنەبڕکردن و ڕیشەکێشکردنی کێشە و تەنگژە و ناکۆکی و ناتەباییەکان نەک هەر باشە، بگرە زۆر کارێکی حەیاتی و پێویستیشە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی دەوڵەتان و وەڵاتان و پارزەوینەکان و شارستانییەتەکان، چونکە دەمێکە بابەتی بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانییەتەکان بووەتە جێگەی مشتومڕی بیرمەندان و زانایان و باس و خواسی لێوە دەکرێت.

بەبۆچوونی بەندە گرینگترین سوودەکانی دانوستاندن بۆ کۆمەڵگەکانی

مرۆڤایەتی بەگشتی و، شارستانییەتەکان بەتایبەتی، لەم چەند خاڵەدا کۆ دەبێتەوە:

١- دانانان بەهەبوونی یەکتر، سەرەڕای بیروباوەڕ و بیرکردنەوە و تایبەتمەندییە فرە جۆر و جیاوازەکان.

٢- ڕێگەگرتن لە ئاڵۆزبوون و تەشەنەکردنی پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانییەکان.

٣- ڕێگەگرتن لە ڕوودانی شەڕ و جەنگ و کارەساتە جەرگبڕەکان.

٤- دۆزینەوەی ڕێکاری کرداری و پراکتیکی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژەکان.

٥- ڕێزگرتن لە ئەقڵ و ژیری و لۆجیک.

٦- سوودوەرگرتن لە بەهرە و تواناکانی یەکتر.

٧- ڕزگارکردنی مرۆڤ لە چەقبەستوویی و تاکڕەوی و خۆسەپاندن.

٨- چەسپاندنی ئاشتی و بەرقەرارکردنی ئاسایش بۆ مرۆڤایەتی.

٩- ڕاهێنانی نەوەی نوێ لەسەر دیالۆگ و یەکترخوێندنەوە.

١٠- دروستکردنی پێوەندییەکان لەسەر بناغەی ڕێز و خۆشەویستی و یەکترقبووڵکردن.

لەم سۆنگەیەوە کۆمەڵەی گشتیی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٠، بەپشتبەستن بە کۆمەڵێک پاساو، لە پرۆژەیەکیدا قەباڵەیەکی خستە ڕوو و، بانگهێشتنی لایەنە پێوەندیدارەکانی کرد بۆ ئەنجامدانی دانوستانی شارستانییەتەکان، لەم قەباڵەنامە (الوثیقة) جیهانییەدا، ئەم خاڵە گرینگانەی خوارەوە خرانە ڕوو:

١- قەباڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنچینەی دانوستاندن و لێک گەیشتنی گەلان دامەزراوە، کە جەخت لەسەر یەکەتیی نەژادی مرۆڤی دەکاتەوە، بەها ڕۆحییەکانیش لەنێو گشت ئایین و شارستانییە جیاکاندا جەختیان لەسەر ئەم هەقیقەتە کردووەتەوە و، بووە بە بنەمایەک بۆ

ئەنجامدانی دانوستاندن و لێک گەیشتن و یەکترناسین لە نێوان نەتەوە و شارستانییەتەکاندا.

٢- پەرەدان بەپێوەندیی دۆستایەتیی هاوبەش دەبێتە هۆی بەرفراوانبوونی بواری هاوکاریی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابووری لە بیاڤە نێودەوڵەتییەکاندا، لە ئەنجامیشدا ئارەزووی ئاشتی لە نێوان گەلاندا دروست دەبێت.

٣- هەبوونی کارلێککردن لە نێوان شارستانییەتەکان لە گشت زەمەن و سەردەمەکاندا، سەرەڕای بڵاوبوونەوەی شەڕ و جەنگەکان، بووەتە هۆی ئاوەدانکردنەوەی زەوی.

٤- کولتوور و شارستانییەتەکان تەنیا تایبەت نین بەخودی دەوڵەتەکانەوە، بگرە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیایی و هەرێمایەتی بڵاو دەبنەوە و، وزەیەکی فراوان بۆ کارلێککردن دروست دەکەن، بەدەر لە ئیعتیبارە سیاسییەکان.

٥- دەستکەوتەکانی شارستانییە مرۆڤییەکان دەستکەوتی هاوبەشن و، میراتی هاوبەشی مرۆڤایەتین بۆ هەموو بەشەریەت.

٦- کولتوور و شارستانییەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە مادی و رۆحییە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان، سەرچاوەی دەوڵەمەندی مەعریفە و حیکمەت فەراهەم دێنن.

٧- ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری بەبنەمای بنەڕەتی هەژمار دەکرێن بۆ پەرەپێدانی مرۆڤی و ئاشتی و ئاسایشی هاوبەش و پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوان گەلاندا.

٨- دانوستاندن بۆ ژیانی هاوبەش و هاوکاریی نێودەوڵەتی و، ڕێگەگرتن لە هەژموون (الهمنة) و دوژمنکاری و پاڵنەرەکانی شەڕ و شەڕەنگێزی و تارماییەکانی زەروور و پێویستە.

٩- داهاتووی مرۆڤایەتی بەندە بەبڕوابوونێکی پتەو بە بەها ئەخلاقییەکان و

پابەندبوون پێیەوە، هەروەها بەدڵسۆزانە کارکردن بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش.[٣٩]

هەر لەم قەباڵەنامەیەدا، ئامانجەکانی دانوستاندن لە نێوان شارستانییەتەکاندا دیاری کران و بەم شێوەیە خرانە روو:

١- پەرەدان بەدادپەروەری و بەیەکگەیشتن و لێبووردەیی لە نێوان مرۆڤەکاندا و، هاندانی لێک گەیشتن و رێزگرتنی بەرانبەر بەهۆی کارلێککردن لە نێوان شارستانییەتەکاندا، لەسەر بناغەی ژیری و بەهای میانڕۆیی و فرە جۆرە سیاسی و کولتوورییەکان.

٢- پەرەدان بە ئاڵوگۆڕی شارستانی، لە رێگەی داننان بەدەوڵەمەندیی گشت شارستانییەتەکان و حیکمەتەکانیان.

٣- گەڕان بەدوای زەوینەیەکی هاوبەش لە نێوان شارستانییەتەکان، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تەحەدییە هاوبەشانەی کە گەف و مەترسین لەسەر بەها و دەستکەوتە مرۆڤییەکان.

٤- پارێزگاریکردن لەو میراتە بەجێماوە کولتووری و شارستانییە و، تایبەتمەندییەکانی.

٥- پەرەدان بەمەعریفەی مرۆڤی لە رێگەی دروستکردنی هاوکاری لە نێوان گشت شارستانییەتەکاندا.

٦- پەرەدان بە رابوونە مرۆڤییەکان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی هاوکاری لە نێوان گەلاندا.

٧- پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤایەتی و هەبوونی مافی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین بۆ تاکەکان و گەلان، هەروەها بۆ پاراستنی ناسنامە کولتوورییەکەیان و، رێزگرتن لە بەهاکانی و چاودێریکردنی کەلەپووره شارستانییەکەی، بەتایبەتی کاتێ رووبەڕووی داگیرکاریی بیانی دەبێتەوە، هەروەها پارێزگاریکردن لە قەوارەی خانەوادە، بەو پێیەی بناغەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.[٤٠]

## چۆن ئامانجەکانی دانوستاندن دەستەبەر بکەین؟

راستە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی دەردە درم و کوشندەکان کارێکی بەجێ و باشە، بەڵام دۆزینەوەی دەرمان بۆ ڕیشەکێشکردن و نەهێشتنی ئەو دەردانە کارێکی فرە فەر و پێویستە، چونکە هیچ دەردێک بێ دەرمان چارە ناکرێت، لەم سۆنگەیەوە دەبێ بڕوانینە ئامانجەکانی دانوستاندن و ئەو هەقیقەتە لە بەرچاو بگرین کە تەنیا بەدیاریکردنی ئامانجەکانی دانوستان، خەونە خۆشەکانمان دەستەبەر نابن، بگرە دەبێ بزانین چۆن و بە چ شێوەیەک ئەو ئامانجانە لە سەرزەوینی واقیع بەکردار بسەلمێنین.

هەر لە هەمان قەباڵەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس لە کۆمەڵێک بنەما دەکات و، ئەو بنەمایانە بەپێویست دەزانێ بۆ کاروانی کاری نێودەوڵەتی کە بۆ دروستکردنی زەوینەیەکی لەبار بۆ دەستپێکردنی دانوستانە شارستانییەتەکان تەقەڵا و کۆشش دەکات، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕی کردووەتەوە:

١- ڕێزگرتن لە شکۆمەندیی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی دادپەروەری لە نێوان مرۆڤەکان لەلایەک و، دەوڵەتان لەلایەکی ترەوە.

٢- پابەندبوون بەپرەنسیپی دادپەروەری و ئەخلاقی و یاساکانی نێودەوڵەتی و قەباڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

٣- داننان بە فرەیی کولتووری و فرە جۆریی سەرچاوەکانی مەعریفە، وەک بنەمایەک بۆ پەرەسەندنی مرۆڤایەتی لە رووی مادی و رۆحییەوە.

٤- ڕێزگرتن لە کولتوور و شارستانییەتەکان، بەو پێیەی لە ئەنجامی کارلێکە هاوبەشەکانی مرۆڤەکان هاتوونەتە ئاراوە.

٥- داننان بەمافی گشت شارستانییەتەکان بەپاراستنی میراتی بەجێماوی شارستانی و کولتووریی تایبەت بەخۆیان و پەرەپێدانیان.

٦- پابەندبوون بەهاوکاری و بەیەکگەیشتن و لێک تێگەیشتن وەک میکانیزمێک بۆ پەرەپێدانی بەهای هاوبەش.

٧- تواناداریی گەلان بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیار و ئاڵوگۆڕکردنی بەرژەوەندییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و پێشڤەچوون و ئاسایش[٤١].

## مەرجەکانی دانوستاندن

ئەڵبەتە بۆ ئەوەی کرداری دانوستاندن، ببێتە سەکۆیەک بۆ دانوستانکاران، تاکو لەو ڕێگەیەوە خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێن و کێشە و تەنگژەکان دەستنیشان بکەن و بە شێوەیەکی لۆجیکی و بابەتییانە، ناکۆکی و جیاوازییەکانیان وەلاوە بنێن و لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەریان بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی دانوستاندن بتوانێ ڕێچکەی خۆی بگرێ و ئامانجی خۆی بەجوانی بپێکێ، بە کۆمەڵێک مەرجەوە بەندە، دەبێ لایەنە دانوستکارەکان ئەو مەرجانە بە هەند وەربگرن.

سەرەتا لە (محمد السماك)ەوە دەست پێ دەکەین، کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (مقالات في الحوار الاسلامي المسيحي)دا دەڵێت پێویستە پێشوەختە و بەر لە ئەنجامدانی هەر جۆرە دانوستانێک، دوو کاری بنەڕەتی لە بەرچاو بگرین:

١- دەبێ لێک تێگەیشتنێک لە نێوانماندا هەبێت کە (لەسەر چی) دانوستاندن دەکەین.

٢- دەبێ لێک تێگەیشتنێک لە نێوانماندا هەبێت کە (بۆچی) دانوستاندن دەکەین[٤٢].

هەروەها (هابرماس بۆم)، ئاماژە بەکۆمەڵێک مەرجی پێشوەختە دەکات و بەپێویستی دەزانێ لایەنە دانوستانکارەکان، لە کاتی دانوستانەکەیاندا لە بەرچاوی بگرن، گرینگترینیان ئەمانەن:

* پێویستە دانوستانکارەکان گریمان و حەتمییەتەکانی خۆیان دوا بخەن، ئەمەش بەو مانایە نییە، کە پشتگوێ بخرێن، بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە توانای ئەوەیان هەبێ باس لە چەمکە هاوبەشەکان بکەن.

* پێویستە دانوستانکارەکان وەک فریادڕەس و چاودێر، سەیری خۆیان بکەن، چونکە هەڤپەیڤین دانوستانێکە لە نێوان دوو لایەنی بەرابەر و یەکسان، بۆ گەیشتن بەجۆرێک لە تێگەیشتنی هاوبەش و سەیرکردنی ڕووداوەکان، هەروەها لە پێناو دروستکردنی پێوەندی لە نێوانیاندا، یان بەیەکگەیشتنێکی ڕاستەقینە.

* پێویستە دانوستانکارەکان، بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتاییدا، پێداگری لەسەر ئامانجەکانی خۆیان نەکەنەوە، هەروەها لە بریی دانانی چارەسەر بۆ کێشەکان، سەرەتا لە کێشە و تەنگژەکان تێ بگەن، چونکە ئامانجی سەرەکیی هەر جۆرە دانوستانێکی سەرەتایی، گەیشتن نییە بە بڕیار، بگرە بۆ ئەوەیە بەتێڕوانین و بیر و بۆچوونەکانی یەکتر و کەس و کۆمەڵەکانی تر ئاشنایەتی پەیدا بکەن، ئەمەش بەنۆرەی خۆی یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی لە جیاتیی پەلەکردن لە قەراردان و حوکم سەپاندن بەسەر کەس و لایەنەکاندا، گوێ لەوانی تر بگرن و لێیان فێر ببن و، کۆڵ نەدەن تا بۆیان ڕوون دەبێتەوە ئاخۆ کەسانی تر چ مەبەست و ئامانجێکیان هەیە.

* پێویستە دانوستانکارەکان، بگەڕێنەوە بۆ نیاز و مەبەستەکانی خۆیان، ئاخۆ بۆچی پەنا بۆ دانوستاندن دەبەن و ئەو پاڵنەر و فاکتەرانە کامانەن کە وایان لێ دەکات دانوستاندن ئەنجام بدەن؟ چونکە ئەمە وا دەکات بگەن بە دانوستانێکی راستەقینە و ئەکتیڤ.

* پێویستە دانوستانکارەکان، بۆ بەڵگە نەویستەکان (بەدیهییات) و گریمانەکانی لایەنە دانوستانکارەکان بگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی لایەنگریی بیرۆکەیەک و دژایەتیی بیرۆکەیەکی تر نەکرێ، چونکە لەم ڕەوش و حاڵەتانەدا ئێمە مامەڵە لەگەڵ ڕاستییە واقیعییەکان دەکەین نەک تەنیا بیروڕاکان.

* بەر لە دەستپێکردنی هەر جۆرە دانوستانێک، پێویستە لایەنە دانوستانکارەکان بایەخ و گرینگییەکی تەواو بەو بابەتە بدەن کە چەقی دانوستانەکەیانە، بۆ ئەوەی جۆرێک لە داکۆکی و هۆشیاری و بیستن و

ڕوانینیان هەبێ.

* دەبێ ژمارەی دانوستانکارەکان هاوسەنگ و جۆرەوجۆر بێت.
* دەبێ کاتی دانوستاندن بەش بکات و دادپەروەرانە بێت، واتە بۆ لایەنێک زۆر نەبێ و بۆ ئەوی تریان کەم.
* نابێ هیچ جۆرە سەرکردایەتیکردنێک لە دانوستانەکەدا پەیڕەو بکرێت، واتە کەسێک یان لایەنەک خۆی نەکاتە کوێخا بەسەر لایەنەکەی ترەوە، چونکە رەنگبێ ئەمە ببێتە هۆی خۆسەپاندن و حوکم بەسەردادان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنیی دەبێ بۆ سەر کرداری دانوستان، چونکە پێوەندی لە نێوان لایەنە دانوستانکارەکاندا، پێوەندییەکی یەکسانە و، هەردوولا یەکسان و بەرابەرن.
* دەبێ ڕاستگۆیی و نیازپاکی هەبێ لە بەرپاکردنی کرداری دانوستاندا، چونکە بەبێ هەبوونی مەرجی راستگۆیی و راستی و دروستیی ئەو ئامانج و مەبەستەی کە لەو پێناوەدا ساز کراوە، دانوستانەکە ئەرکی خۆی لە دەست دەدات.
* هەبوونی ڤالابێژی (الصراحة) و گفتوگۆی ڕاشکاوانە و باوەڕ بەیەکترکردن و دوورکەوتنەوە لە گزی و تەڵەکەبازی و تەشویش.
* بۆ ئەوەی دانوستاندن سەرکەوتوو بێ، پێویستە دانوستانکارەکان بەقووڵی گوێ بۆ یەکتری شل بکەن و بەڕاستگۆییش قسە بکەن و ئەوە بڵێن کە راست و هەقیقییە، هەروەها خۆیان لە کاری پاوانکردنی گفتوگۆ بە دوور بگرن، بە نۆرەی خۆیان دەرفەت بە ئەوانی تریش بدەن بۆ ئەوەی بدوێن و قسە بکەن و خۆیان لە ڕۆتین و بێ بڕوایی رزگار بکەن و تێگەیشتنێکی هاوبەش بەرهەم بێنن.
* پێویستە هەوڵ و تەقەلا بدەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دانوستانەوە بگەن بەکۆمەڵێک ئامانج و تێڕوانینی هاوبەش و دۆزینەوەی شتی نوێ بەمەبەستی داهێنان و نوێکاری[٤٣].

(عبدالله على العليان)یش له كتێبەكەیدا بەناوی (حوار الحضرات في القرن حادي والعشرين)، چەند مەرجێك بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە دانوستانێكی ئارمانجدار و بەرهەمدار و سوودگەیێن بەپێویست دەزانێت و، پێی وایە دەبێ مەرجە سروشتییەكان بۆ هەردوو لایەنی دانوستانكار فەراهەم بكرێن، هەروەها دەبێ بواریان بۆ بڕەخسێندرێ بۆ زانینی ئەو بیرۆكەیەی كە بۆ دانوستاندن دەخرێتەڕوو، گرینگترین ئەو مەرجانەش ئەمانەی خوارەوەن:

* یەكسانی و بەرابەری (التكافؤ):
* ڕێزگرتنی ڕاجیایی (المغايرة):
* دیاریكردنی ئامانج و پرسەكانی دانوستان:
* فەراهەمكردنی كەش و سەقایەكی ئارام بۆ دانوستان.
* بەو پرەنسیپ و مەبادئانە دەست پێ بكەن كە هەردوولا لەسەری كۆك و تەبا بن.
* هەبوونی دادپەروەری و بابەتیبوون.[٤٤]

(محمد علي التسخيري)یش دانوستاندن بەیەكێك لە پێداویستییەكانی جیهانی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدات، بەهۆی ئەو ناكۆكی و ناتەبایی و كێشمەكێشمەی كە لە نێوان نەتەوە و كولتوورەكاندا هەیە، ئاماژەش بەو مەرج و هۆكارانە دەكات كە پێویستە لە كاتی بەڕێوەچوونی دانوستاندا لەبەرچاو بگیرێن، وەك:

١- دەبێ بەشێوەیەكی زانستییانە مامەڵە لەگەڵ بابەتی دانوستاندن بكرێت.
٢- دەبێ بەشێوەیەكی ئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ بابەتی دانوستاندن بكرێت.
٣- دەبێ بەچاوێكی واقیعبینانە سەیری دابەشبوونە شارستانییەتەكان بكرێت و ڕەچاوی هۆكارەكانی جیاوازییەكان بكرێت.
٤- هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ئەوی تر و كولتوور و شارستانییەتەكەی.
٥- ڕەخساندنی كەشوهەوایەكی گونجاوی هزری.

٦- رەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو کە هێمنی و ئاسایش بۆ دانوستانکارەکان دەستەبەر بکات.

٧- رەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو کە هەلی یەکسان بۆ دانوستانکارەکان دەستەبەر بکات.

٨- رەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو کە دانوستانکارەکان بتوانن گوزارشت لە بیروڕای خۆیان بکەن.

٩- قبوولکردنی ئەو واقیعەی کە هەیە وەک خۆی[٤٥].

## پێوەر و بنەماکانی دانوستان

بۆ مسۆگەرکردنی دانوستانێکی بنیاتنەرانە و سەرکەوتوو، پێویستیمان بەکۆمەڵێک پێوەر و بنەما هەیە، دەکرێ بیانکەینە بەردی بناغەی ئەم پرۆسەیە و لە گشت قۆناغەکاندا پەیڕەو بکەین.

(د. أمیمە عبود) پێی وایە دەبێ چەندان پێوەری لۆجیکی بۆ هەر جۆرە دانوستانێک هەبێ، کە بە دید و بۆچوونی بەڕێزیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- ئازادی (الحریة): گشت مرۆڤەکان بە ئازادی و بێ پێچوپەنا، مافی ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕینیان هەیە، پێشەوا عومەریش (خوا لێی رازی بێت) وتەیەکی بەنرخی لەبارەی ئازادییەوە هەیە کە دەفەرمووێت" چۆن خەڵک دەکەن بە کۆیلەی خۆتان، لە کاتێکدا ئەوان بەئازادی لەدایک بوون".

٢- یەکسانی(المساواة): گشت هاووڵاتییان لە ئەرک و مافدا یەکسانن.

٣- رێز و کەرامەتی مرۆڤانە (الکرامة الانسانیة): گشت مرۆڤەکان خاوەن رێز و کەرامەتن و، بەهیچ شێوەیەک نابێ رێز و کەرامەتیان پێشێل و لەکەدار بکرێت.

٤- داننان بە هەبوونی ئەوی تر (الاعتراف بوجود الآخر): دەبێ دان بە ئەوی تر یان ئەوانی تر دابنێین و، لەسەر ئەو بناغەیە پێوەندییەکە دابمەزرێت.

٥- ڕێزگرتن: پێویسته ڕێزگرتن هەبێ و ئەم ڕێزگرتنە تا سەر بەردەوام بێ و، بێڕێزی بەرانبەر یەكتری نەكرێ.

٦- لێبووردەیی (التسامح): هەبوونی لێبووردەیی و نەسڕینەوەی بەرانبەر، پێوەرێكی گرینگە بۆ قسەكردن لەسەر ڕاجیایی و جیاوازییەكان، چونكە لێبووردەیی بە بەردی بناغەی گشت دانوستانێك هەژمار دەكرێ و، لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە و ڕەگی داكوتاوە، بۆیە ئەستەم و مەحاڵە ئەو بناغەیە بە پتەوی و موحكەمی بمێنێتەوە بەبێ هەبوونی لێبووردەیی و سینگفراوانی و دانبەخۆداگرتن[٤٦].

(د. محمد سید طنطاوی)یش، لە كتێبەكەیدا بەناوی (أدب الحوار في الاسلام)دا، بەم شێوەیە باس لە بنەماكانی دانوستاندن دەكات:

* دەبێ دانوستاندن لەسەر بنەمای ڕاستی و دۆزینەوەی هەقیقەت بنیات نرابێت و، دوور بێت لە درۆ و سەفسەتە و خەیاڵڕێسی.
* نابێ لایەنە دانوستانكارەكان لە سنووری بابەتەكە دەربچن كە بۆ دانوستاندن دیاری كراوە و، دەبێ پێیەوە پابەند بن.
* خستنە ڕووی بەڵگەی دیار و دەلیلی ڕۆشن و قسەی تەندروست بۆ قەناعەتهێنان بە كەسی بەرانبەر.
* دەبێ لایەنە دانوستانكارەكان مەبەستیان دەرخستنی هەق و ڕاستی بێت لەمەڕ ئەو بابەتەی كە جێگەی ناكۆكییە و مشتومڕی لەسەرە.
* خۆ بەزلنەزانین و دووركەوتنەوە لە لووتبەرزی و پەیڕەوكردنی شێوازی ڕۆشنبیرانە و واڵا لە هەر شتێكی ناشایستە.
* دەرفەتدان بە كەس یان لایەنی بەرانبەر بۆ ئەوەی بۆچوونەكانی بخاتە ڕوو، بەبێ بەرپەرچدانەوەی، یان قسە پێ برینی یان زیانگەیاندن بە كەسایەتییەكەی.
* ڕێزگرتن لە ڕای ئاقڵمەندان.
* نەگشتاندنی فەرمان و حوكمەكان و، وریابوون لە كاتی قسەكردندا و،

دیاریکردنی مەسەلەکان بەوردی.

* بۆ ئەوەی دانوستانەکە لە نێوان خەڵکدا سوودمەند بێت پێویستە لەسەر بنەمای راستییە نەگۆڕەکان دامەزرابێ، نەک لەسەر بنەمای پڕوپاگەندە و بانگەشە ناڕاستەکان.
* دەبێ زانیارییەکان راست و تەواو بن.
* دەبێ چەمکەکان دیاری بکرێن و ئەحکامەکان رێک بخرێن.
* دەبێ بەدڵسۆزی و بابەتییانە و راشکاوی راستییەکان بخرێنە ڕوو، لەگەڵ بەڵگە قانیعکەرەکان، هەروەها لەگەڵ هەبوونی تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ بابەت و ئەحکامە شەرعییەکان[٤٧].

(سیف الدین حسین شاهین)یش، لە کتێبی (أدب الحوار فی الاسلام)دا، باس لە کۆمەڵێک بنەما دەکات و گرینگیی ئەو بنەمایانە بۆ هەموو کەسێک بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

دانوستاندن و ئاخاوتن بنەمای خۆیان هەیە، بۆیە هەر کەسێ گەرەکی بێت بەشداری لە هەر جۆرە دانوستانێکدا بکات دەبێ ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەو بنەمایانە هەبێ و بزانێ چۆن دەچێتە ناو بابەتی دانوستانەوە، هەروەها چۆن و بە چ شێوەیەک لێی دەردەچێت، هەمدیس ئەگەر ویستی بچێتە دەرگەیەک لە دەرگەکانی زانست، دەبێ بزانێ چۆن بچێتە دەرەوە و داخیلی دەرگەیەکی تر بێت، بۆیە دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکات:

١- دەبێ دانوستکار ئاشنا بێت بە نەفسییەتی ئامادەبووان و ئاست و توانای هزرکردنەوەیان بزانێ، بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئاستیان بیاندوێنێت، پێشەوا عەلیش (خوا لێی رازی بێت) لەو بارەیەوە وتەیەکی جوانی هەیە و فەرموویەتی: "بە گوێرەی ئەقڵی خەڵک قسەیان لەگەڵدا بکەن".

٢- نابێ تەنیا مافی قسەکردن بەخۆی بدات و بەرانبەرەکەیشی لەو مافە بێبەش بکات.

٣- دەبێ بیسەرێکی باش بێ و بەباشی و تەواوی گوێ بۆ وتەی ئەوانی تر

ڕابگرێ و لێیان تێ بگات.

٤- نابێ لە کاتی قسەکردندا، قسەی بەرانبەرەکەی ببڕێ، یان بەرپەرچی بداتەوە، بە نیازی شڵەژانی یان تەنگاوکردنی.

٥- نابێ وا دەربخات کە تەنیا خۆی لەسەر هەقە و ئەوانی تر لەسەر هەق نین، تاکو ئەو هەستەی لا دروست نەبێت کە گشت وتەکانی راستن و لە هەڵەوە دوورن، گشت وتەکانی بەرانبەرەکانیشی هەڵە و ناڕاستن.

٦- دەبێ مەبەستی گەیشتن بێ بەراستی و هەقیقەت و دانیشی پێدا بنێ و ملکەچ بێ بۆی.

٧- ئەگەر هەڵەی کرد، دانی پێدا بنێ و راست کاتەوە، چونکە گەڕانەوە بۆ سەر راستی فەزیلەتە.

جارێک ئەمیری موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب (رەزای خوای لەسەر بێت)، ویستی مارەییی ئافرەت دیاری بکات، بەڵام ئافرەتێک هەستاوە سەرپێی و پێی گوت: یا ئەمیری موسڵمانان تۆ ناتوانی مارەییی ئافرەتان دیاری بکەیت، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:" و اتیتم احدهن قنطارا فلا تأخذوا منه شیئا أتأخذونه بهتنا واثمنا مبینا:"سورەتی النساء، ئایەتی (٢٠).

واتە:" ئەگەر ماڵێکی زۆرتان بە(مارەیی) دابێ بەیەکێک لە هاوسەرەکانتان، ئەوە هیچ شتێک لەو ماڵە زۆرە لێی مەسەننەوە، ئاخۆ ئەو (مارەیییە)یان لێ دەسەننەوە بەبوختانکردن و تاوانێکی ئاشکرا بەرامبەر ئافرەتەکە".

عومەر فەرمووی: ئافرەتەکە راستی پێ کا و عومەر هەڵەی کرد.

٨ - دەبێ قسەکانی لە چوارچێوەی بابەتەکە دەرنەچێ و نەپرژێتە سەر بابەتێکی تر کە پێوەندیی بەبابەتی یەکەمەوە نەبێت.

٩- دەبێ خۆی لە لاساری و ورێنەکردن بەدوور بگرێ، هەروەها دەبێ قسەکانی بەڵگەدار و ڕۆشن بن.

١٠- دەبێ دەنگی نە زۆر بەرز کاتەوە نە زۆر نزم، واتە مامناوەندی بێت.

١١- نابێ بەمەبەستی خۆدەرخستن و ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانی تر بۆ لای خۆی، وتە و قسەکانی خۆی جوان و ئارایشت بکات.

١٢- دەبێ بابەتی دانوستانەکە بە تەواوی شەنوکەو بکرێ و، خاڵە نارۆشنەکان روون بکرێنەوە.

١٣- کامە کەس زانا و داناترە، دەبێ سەرەتا ئەو دانوستانەکە دەست پێ بکات.

١٤- دەبێ هزر بکاتەوە، بەر لە وەی وەڵامی بەرانبەرەکەی بداتەوە، واتە فیشەک بە تاریکییەوە نەنێت(٤٨).

سەرنووسیاری کۆواری (النور الاسلامیة المصریة)، (حمدی شفیق)یش کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپ بۆ دانوستاندن بەپێویستی دەزانێ، کە ئەمانە گرینگترینیانن:

١-زانست: زانستێک کە پشتئەستوور بێت بە راستییە نەگۆڕەکان و زانیارییە ورد و دروستەکان و پسپۆڕییەکی پراکتیکی و کردەیی، بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکانی دانوستاندن سەبارەت پرسە گشتییەکانی نێو کۆمەڵگە و دەوڵەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و... تاد، بێت.

٢- ئازادیی بیروڕا: ئازادیی بیروڕا، کە ماف بە هەموو لایەنە دانوستانکارەکان بدات، ئەو بیروباوەڕ و بابەتە جۆرەوجۆرانەی کە دەخرێنە ڕوو پەسند یان رەت بکەنەوە، هەروەها دەبێ ئەوانی تر ڕێز لەم ئازادییە بگرن.

ڕێسایەکی شەرعی هەیە دەڵێت:" هەر کردارێک یان ڕێککەوتنێک لەژێر پاڵەپەستۆ بێتە ئاراوە، نارەوایە (باطل).

٣- دادپەروەری: واتە هەر کەسێک مافی خۆی بدرێتێ. لەم بارەیەوە (محمد ابو زهرە) دەڵێت:"دەبێ ئیمرۆ خەڵک بزانێت کە کاروباری جیهان بەرێوە ناچێت تاکو دادپەروەری نەبێتە میزانی پێوەندییە مرۆڤییەکان لە هەموو کاروبارێکدا، دەبێ خاوەن هێز، جەور و ستەم لە بێدەستەلات نەکات و

مافی پێشێل و پایەماڵ نەکات[٤٩].

٤- یەکسانی: واتە نەهێشتنی جیاکاری لە نێوان نەوەکانی ئادەمیزاد، بەهۆی ڕەنگ یان ڕەگەز، یان ئاین، یان زمان، یان ماڵ یان زانست.

٥- لێبووردەیی: لێبووردەیی خوویەکی ڕەسەنی مرۆڤانەیە، دەبێتە هۆی لەناوبردنی ڕق و کینە و گیانی تۆڵەسەندنەوە.[٥٠]

(م. اردوان مستەفا)ش پێی وایە دانوستاندن بۆ پێشەوەبردنیان و پێکەوەبەستنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە، ڕۆڵێکی مەزنی لەنێو ژیانی کۆمەڵگەکاندا هەیە، جا بۆ ئەوەی دانوستانەکە بەرهەمدار و سەرکەوتوو بێت، ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

١- خۆپڕچەککردن بە زانست و زانیارییەکی باش و تەواو: زانست مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی هەر دانوستانێک و، بەبێ زانست هیچ دانوستانێک سەرکەوتوو نابێت و دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی کات و لەباربردنی هەوڵ و کۆششەکان .

٢- دیاریکردنی ئامانج و ئەو پرسەی دانوستاندن بە دەوریدا دەخولێتەوە: دەبێ دانوستانەکە لەناو بازنەی بابەتێکی دیاریکراو بخولێتەوە، چونکە زۆرێک لە دانوستانەکان دەبن بە دەمەقاڵێی نەزۆک و لەرزۆک، بەهۆی فرە بابەتی و فرە جۆری، ئینجا بەیەکنەگەیشتن و لێک تێنەگەیشتن و ورووژانی هزرەکان.

٣- بەهرەمەندبوون لە خووەڕەوشتە فرە جۆرەکانی دانوستان: پابەندبوون بە خووڕەوشتە باش و ئاکارە بەرزەکان، ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە ئیقناعکردنی بەرانبەر و ڕازیبوونی بە هەق و پەیڕەوکردنی ڕاستی.

خۆڕازاندنەوە بەئینساف و دادپەروەری بەهۆی خووڕەوشتەوە، ئەویش بەگەڕان بە شوێن ڕاستیدا لە هەر کوێ بێت، هەروەها وەرگرتنی هەق لە دوژمن لە ئینسافێکی تەواوەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها خۆپاراستن لە وشە و پەیڤە ناشیرین و ناشیاوەکان لە خووەڕەوشتی بەرزەوەیە.

هەروەها دەبێ دانوستانكار دانبەخۆداگر و نەرمونیان بێت و، خۆی بەدوور بگرێ لە توورەبوون و ڕووچوون و خۆبەزلزانین و دەمارگیری.

٤- شایستە و لێهاتوو بێت بۆ دانوستان: ئەو كەسەی ئەركی ئەنجامدانی دانوستانی دەكەوێتە ئەستۆ دەبێ شایستە و لێهاتوو بێت، تاكو ئەم ڕۆڵە مەزنە بگێڕێ و كەسێك بێت دانا و زانا بەسەردەمی خۆی و تێگەیشتوو لە پرس و كێشەكانی سەردەم، هەروەها بەهێز و خۆڕاگر بێت، دنیای خۆی بناسێ، درك بە پەیامی خۆی بكات، كراوە بێ بە ڕووی ئەقڵدا، دڵزیندوو بێت، ئاسۆی بیركردنەوەی فراوان بێت، زانابێ بە زانستە جۆربەجۆرەكان، تا ئەندازەیەكی زۆریش لە ڕۆشنبیری و شارەزایی و پسپۆڕی و تایبەتمەندی بەهرەمەند بێت.

٥- بوارەكانی دانوستاندن لەگەڵ ئەوی تر: (د.عبدالعزیز بن عثمان التویجری)، پێی وایە هەر شتێك بەرژەوەندیی تاك و كۆمەڵی تێدا بێت، دەكرێ بوارێك بێت بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ لەسەركردن.

٦- قبووڵكردنی فرە كولتووری و ڕێزگۆڕینەوە سەرەڕای هەبوونی ڕاجیایی و جیاوازی: پێویستە لە كۆڕی دانوستاندا جەخت لەسەر ڕێزگرتنی بەرانبەر بكرێتەوە و، هەر كەسێكیش مافی خۆی بدرێتێ و، بە دەربڕینی شایستە بدوێن، بۆ ئەوەی دانوستانەكە نەبێ بە زۆرانبازییەكی بێژەكی، بەتوانج و تەشەر لەیەكتردان و یەكتر بریندارکردن و دووركەوتنەوە و نەپرژانە سەر تاوتوێكردنی پرس و بیروڕاكان، بەهۆی چوونە ناو بابەتی تری لاوەكی، وەك گفتوگۆكردن لەمەڕ كەسەكان، هەڵسوكەوتەكان، گەواهینامەكان و... تاد.

٧- دووركەوتنەوە لە دەمارگیری و خۆسەپاندن: چەمكی دەمارگیری فرە بوار و فراوانە، دەكرێ دەمارگیری بۆ ماڵ بێ یان بۆ منداڵەكان بێت، یان بۆ خانەوادە یان هۆز یان كۆمەڵێك یان حزبێك یان بۆچوونێك و... تاد بێت، بۆیە یەكێك لەو فاكتەرانەی بووەتە هۆی دروستبوونی ئاستەنگ و بەربەست لە نێوان خەڵكدا كە لێك نزیك نەبنەوە و یەكگرتوو و تەبا نەبن،

دەمارگیرییە بۆ ئاینزا و بیروڕا و هزر و کەسەکان.

لەم سۆنگەیەوە دەبێ دانوستانکار دەمارگیری لە خۆی دارنێ، هەروەها دەبێ هەموومان مەبەستمان پێکانی راستی و هەقی بێت، جا راستی لەسەر زاری تۆ بێتە دی یان لەسەر زاری من، هەر کەسێک راستی لە دەمییەوە بێتە دەرێ لێی قبووڵ بکە، جا ئەو کەسە گەورە بێت یان بچووک، دەستەڵاتدار بێت یان بێ دەستەڵات، ئافرەت بێت یان منداڵ[٥].

خستنە ڕووی تایبەتمەندییەکانی دانوستانکار (المحاور)

مرۆڤ لە هەر ئاست و پلەیەکدا بێ، کاتێ لەگەڵ کەسێک یان کۆمەڵە کەسێکی تر دەست بە دانوستاندن دەکات، دەبێ لە چەندان تایبەتمەندیی بەهێز و بەپێز بەهرەمەند بێت و ئەو تایبەتمەندییانە لە کەسایەتیی خۆیدا بەرجەستە بکات، کە لە خوارەوە ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

* هەبوونی زانست و زانیاری سەبارەت بە بابەتەکە.
* هەبوونی دانایی و بەهرمەندی و ژیرمەندی.
* هەبوونی بەڵگە و دیکیۆمێنت بۆ سەلماندنی ڕاستییەکان.
* هەبوونی زمانێکی پاراو بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی.
* هەبوونی دووربینی و وردبینی و قووڵبینی.
* بەهرەمەندبوون لە ئادابەکانی دانوستان.
* تێگەیشتن لە واقیع و ڕاستییەکان.
* خوێندنەوەی بەرانبەر بەشێوەیەکی لۆجیکی و راست و دروست.
* بەهرەمەندبوون لە توانای هزری و هۆشی.
* بەهرەمەندبوون لە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی.
* هەبوونی حیکمەت و لێزانی.
* هەبوونی شایستەیی و کەفائەت.
* هەبوونی لێبووردەیی و نەرمونیانی.



(٥) محەمەدسالح پێندرۆیی

* هەبوونی راستگۆیی و میسداقیەت.
* بەهرەمەندبوون لە دادپەروەری و ئینساف.
* ئاشنابوون بەبنەماکانی دانوستان.
* ئاشنابوون بە ژینگەی دانوستان.
* بڕواهەبوون بە دانوستان.
* رووخۆشی و کراوەیی.
* بینەر و بیسەرێکی باش بێت.

### ئادابەکانی دانوستان

(طارق بن علی حبیب)یش لە پەڕتووکەکەیدا بەناوی (کیف تحاور) باس لە کۆمەڵێک ئاداب دەکات، کە پێویستە دانوستانکارەکان لە کاتی بەڕێوەبردنی دانوستانەکەیاندا پەیڕەو بکەن و لە بەرچاوی بگرن، لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە بە هەندێک لەو ئادابانە دەکەین کە ئەمانەن:

* پێویستە خوازیاری راستی و هەقیقەت بن: پێویستە دانوستاندن لە پێناو دۆزینەوەی راستی و هەقیقەت بێت، نەک لە پێناو دانوستاندن بێ، یاخۆ لە پێناو خۆدەرخستن و نیشاندانی بازوو و ماسوولکە بێت، چونکە ئەمە نە خزمەت بە دانوستانکارەکان دەکات نە بە خودی دانوستانەکەش.
* پێویستە بزانن جیاوازبوون و ڕاجیایی، سروشتێکی مرۆڤانەیە:دەبێ دانوستانکارەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ سروشتی مرۆڤەکاندا هەبێ و، ڕاجیایی و جیاوازی بەشتێکی سروشتی و ئاسایی بزانن، چونکە لە هەموو جیهاندا ناتوانی دوو کەس بدۆزییەوە لە ڕووی جەستەیی و بیرکردنەوە و مامەڵەکردندا وەکیەک بن.
* بەجوانی بۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن و ڕەوانبێژ و زمانپاراو بن: ڕەوانبێژی و زمانپاراوی، بە دوو خەسڵەتی سەرەکیی مرۆڤی دانوستانکار هەژمار دەکرێن، واتە دەبێ هەم بەرەوانی بپەیڤێ، هەم بە پاراوی و زوڵاڵی

وشـــەکـان دەربـبـڕێ، بـۆ ئەوەی نەبێـتـە هـۆی بەدحـاڵـیـبـوون و خـراپ لەیەکگەیشتن و مشتومڕ و کوشتنی کات.

* شوێنێکی گونجاو بۆ دانوستانەکەیان هـەڵبژێرن: پێویستە شوێن و جێگەی دانوسـتـانـدن لە گـشـت روویەکـەوە گـونجـاو بـێ و رەچاوی بەرژەوەندیی هـەردوولا بکرێ و مـافیـان پارێزراو بێ، بۆیە پێویستـە هەڵبژاردنی جێگەی دانوسـتـانەکە بە رەزامـەندیی هـەردوولا بێ، بۆ ئەوەی رەوتی دانوسـتـانەکە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوە بڕوا و ئامانجەکانی بپێکێ.

* خـۆ لـە درێژدادڕی بپـارێزن: پەنـابردن بـۆ درێژدادڕی و زێدەڕۆییکردن لە قسەکردندا، دەبێتە هۆی دروستکردنی بێزاری لای بەرانبەر و دانیشتوان، بۆیە پێویستـە تا بکرێ دانوسـتانکارەکان خۆیان لە درێژدادڕی بپـارێزن و مەبەست و واتای وتەکانی خۆیان بەکورتی و پوختی دەرببڕن.

* لە کـاتی پەیڤین و گـفـتـوگـۆدا، قـسـەکـانی یەکـتـر مـەبڕن: دەبێ لایەنە دانوسـتانکارەکان لە کاتی گفتوگۆدا دەرفەتی قسەکردن بـەیەکتر بدەن و قـسـە بە یەکـتـر نەبڕن، چونکە ئەم کـارە قـێزەون و نـاڕێکە، دەبێـتـە هۆی هـەراسـانکردن و بێزارکردنی ئـەو کـەسـەی کـە قسـەی پێ دەبڕی، هـەروەها کـاریگـەریی نەرێنیـشـی لەسـەر رەوتی رووداوەکـانی دانوسـتـانـەکـە دەبێ، چونکە بەرانبـەرەکەشت قسـەت پێ دەبڕێ و دانوسـتانەکە دەبێتە گۆڕەپانی جـەدەڵ و مـشـتـومـڕ و کـێشـە و بگرە و بەردە و دەمـەقـاڵێ و، بێـجـگە لە بەرهـەمهێنانی زەرەر و زیان، هیچ سوود و قازانجێکی نابێ.

* لە خاڵە هـاوبەشـەکانەوە دەست پێ بکەن: مرۆڤەکان هـەر چەند لە بیروباوەڕا جیاواز بن و بۆچوونی جۆرەوجۆریان هـەبێ، ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ خاڵێکی هـاوبەشیـان لە نێواندا نەبێ، بۆیە پێویستـە لە خاڵە هـاوبەشـەکان دەست پێ بکەن و لەو دەروازەیەوە بچنە نێو باسی گفتوگۆ و دانوستانەکەیانەوە.

* یەکتر بناسن: بـەر لە دەستپێکردنی گفتوگۆ، پێویستـە دانوسـتانکارەکان یەکـتـر بـناسـن و بەسـروشت و خـووڕەوشـتـی یەکـتـر ئاشنـا بن، بۆ ئەوەی لە

کاتی گفتوگۆکردندا ڕووبەڕووی کێشە نەبنەوە و بتوانن باشتر ناخی یەکتر بخوێننەوە و لەسەر ئەو ئەساسە رەفتار و مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن.

* نموونەهێنانەوە و نوکتەگوتن: دانوستانکار پێویستە بایەخ و گرینگیی نموونەهێنانەوە و نوکتەبێژی بزانێ و، لە گفتوگۆکەدا بەکاریان بێنێ، چونکە پەنابردن بۆ نموونەهێنانەوە، بۆ ئەوەیە زیاتر و باشتر بابەتەکە روون بکرێتەوە و لایەنە نادیار و بزرەکان بۆ بیسەران رۆشن بکرێتەوە، هەروەها دانوستانکار دەبێ کەسێکی نوکتەخۆش و نوکتەبێژیش بێ، بۆ ئەوەی هەم خۆی، هەم بەرانبەرەکەیشی، هەست بەجاڕسی و بێزاربوون نەکات و، چێژ و خۆشی بە دڵ و دەروونی ئامادەبووان بدا و، هەوڵ بدات دانوستانەکە لە کەشوهەوایەکی خۆش و بێگەرد و دۆستانەدا بەڕێوە بچێ.

* خۆپاراستن لە راناوی من و تۆ (أنا وأنت): زۆرجار کاتێ ئێمە لەگەڵ پۆلێک دۆست و برادەر پێکەوە بەشداری لە دانوستانێکدا دەکەین، چ بە خودئاگاهانە یان ناخودئاگاهانە، پەنا بۆ راناوی تاکە کەسی دەبەین و، لە جیاتیی ئێمە و خۆمان دەڵێین (من یان خۆم)، بۆیە وا باشە مرۆڤ چ بە تەنیا بێ، یان لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکدا بێ، لە کاتی بەڕێوەچوونی وتووێژ و دانوستاندا، خۆی لە ڕاناوەکانی (من، خۆم یان تۆ، خۆت) بپارێزێ و هەموو کات (ئێمە، خۆمان، ئێوە، خۆتان) بەکار بێنێ، چونکە زۆربەی جار راناوی (من) وا لە مرۆڤ دەکات هەڵبخڵیسکێ و هەست بە لووتبەرزی و خۆبەزلزانی بکات و تەنیا ڕای خۆی بە پەسند بزانێ و ڕای کەسانی تر فەرامۆش بکات و نادیدە بگرێت.

* پشت بە بەڵگەهێنانەوە ببەستن: بۆ ئەوەی ڕاڤە و شرۆڤە و دانوستانەکەمان ئامانجی خۆی بپێکێ و قەناعەت بە بەرانبەرەکەمان بکەین و راستییەکان بسەلمێنین، پێویست دەکات پشت بە بەڵگە و دیکیۆمێنتەکان ببەستین و لە گفتوگۆیەکی رووت و بێ بەڵگە دوور بکەوینەوە و، لە کاتی پێویستدا بەڵگەکان بخەینە ڕوو.

* خۆ لە وەڵامی پرسیارەکان نەبواردن: زۆر کەس هەن، لە کاتی گفتوگۆدا،

کاتێ ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی هەراسانکەر (مزعج) دەبنەوە، هەوڵ دەدەن، خۆیان لە وەڵامی پرسیارەکە ببوێرن و دەرباز بکەن، ئەمەش بە فێڵ و لەخشتەبردن هەژمار دەکرێ، چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دانوستاندن ئەوەیە تۆوی بڕوا بەیەکترکردن بچێنین، بەڵام بەخۆدزینەوە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، گومانی خراپ لای بەرانبەر دروست دەکەین و زیاتر دەیورووژێنین و هەستبزوێنی دەکەین، جا بۆ ئەوەی هەم خۆمان، هەم بەرانبەرەکەمان ڕووبەڕووی بەگێرهێنان و هەراسانکردن نەکەینەوە، وا باشە هەرگیز خۆمان لە وەڵامی پرسیارەکان نەدزینەوە و بە ڕاشکاوی و ڤالابێژی بێینە گۆ.

* ئەمانەتداری: هەبوونی ئەمانەتداری و دەستپاکی و دڵپاکی و زمانپاکی بۆ هەر کەسێک پێویستە، چ جای مرۆڤی دانوستانکار، بۆ ئەوەی بتوانێ لە ڕێگەی ئەمانەتدارییەوە، تۆوی بڕوا و متمانەپێکردن لە دڵ و دەروونی بەرانبەرەکەیدا بچێنێ و بە ڕاستی و دروستی پەیامی خۆی بگەیەنێ و لە ڕێگەی ڕاگوێزینەوە و خستنە ڕووی بابەتەکە و بەڵگە و نموونەهێنانەوەکانی، بسەلمێنێ کەوا کەسێکی ئەمانەتپارێزە و هیچ جۆرە مەبەست و پیلانێکی شاراوە لە ئارادا نییە بۆ لەخشتەبردن و ڕیاکاری و سەرلێشێواندنی دوێنەر(مخاطب)ەکەی.

* ئەگەر شتێکتان نەزانی لە وشەی (نازانم) نەترسن: زۆر جاری وا هەیە، بە تایبەتی لەنێو کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، مامۆستا لەنێو قوتابییەکانی، یان باوک لەنێو منداڵەکانی، یان پزیشک لەنێو نەخۆشەکانی، یان پیشەگەر لەنێو کارێکارەکانی، یان کەسێک لە کۆڕ و مەجلیسێکدا لە بەردەم کۆمەڵە کەسانێکدا، یان بەرپرسێک لە بەردەم ڕۆژنامەنووسێکدا ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی سەخت و دژوار و ئاڵۆز دەبێتەوە، هەرچەندە مەرجیش نییە وەڵامی هەموو پرسیارێک بزانێ، بەڵام کاتێ تووشی پرسیارێکی لەو جۆرە دەبێتەوە و، وەڵامەکەی نەزانی و نەتوانێ بەشێوەیەکی ڕۆشن و شەفاف و زانستی و بابەتییانە وەڵام بداتەوە، بوێری و شەهامەتیی ئەوەی نییە بڵێت

ببوورن (نازانم)، یان بڵێت دەپرسم ئینجا وەڵامتان دەدەمەوە، یاخۆ زانیاریم لا نییە، ئەڵبەتە ئەمە (دانوستانکار)یش دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر خۆی، یان هەر کەسێکی تر، دووچاری هەڵوێستێکی لەو جۆرە هات، نابێ بە پاساویی شەرم و حەیاچوون، یان لەبەر خاتری شوورەت و ناوبانگزڕان، پەنا بۆ درۆکردن ببات و ڕاستییەکان ئاوەژوو بکاتەوە، "جارێکیان لەبارەی چل و هەشت بابەتەوە، پرسیاریان لە (پێشەوا مالیک) کرد، هەرچەندە ئەو زاتە کەسێکی زۆر زانا و داناش بوو، بەڵام لە کۆی ئەو (چل و هەشت) پرسیارە، (سی و دوو) پرسیاری بەنازانم وەڵام دایەوە و، وتی نازانم"[٥٢].

* کەسانی سەرنجڕاکێش بن: دیل کارەنگی دەڵێت: "هەوڵ بدەن سەرەتای بابەتەکەتان بە بەسەرهاتێک دەست پێ بکەن، کە پێوەندیی بە بابەتەکەتانەوە هەبێت، چونکە بەسەرهاتەکان کاریگەریان لەسەر بیسەران هەیە"[٥٣].

بۆیە پێویستە گشت مرۆڤێک بەتایبەتی دانوستانکار و بێژەران، بەردەوام هەوڵ و تەقەلای ئەوە بدەن، سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونی خەڵک بەجێ بهێڵن، جا ئەم سەرنجڕاکێشانە هەم بەهۆی قسەخۆشی و زمانپاراوی و گفتشیرینییەوە دەبێت، بەهۆی جوانبێژی و دروستبێژی و زوڵاڵبێژییەوە، هەم بەهۆی گرینگیدان بە ڕوو و جلوبەرگ و خۆئارایشتکردن دەستەبەر دەبێت، بۆیە پێویست و گرینگە ئێوە بزانن سەرنجڕاکێشان بۆ بیسەر و بینەران چ بایەخێکی هەیە، جا ئەم مەسەلەیە بەهەند وەربگرن و، ئەو خەسڵەتە لە خۆتاندا بەرجەستە بکەن تاکو لە دانوستانەکەتاندا براوە و سەرکەوتوو بن.

* خۆپاراستن لە تووڕەبوون: هیچ کاتێک تووڕەبوون کلیلێک نییە بۆ کردنەوەی دەرگەی کێشە و تەنگژەکان و گرێکوێرەکان، بە پێچەوانەوە، هەموو کات کۆسپێک بووە لە بەردەم گەشەسەندنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و کاریگەری نەرێنیی لەسەر دڵ و دەروونەکان بەجێ هێشتووە، بۆیە پێویستە مرۆڤی دانوستانکار بتوانێ هەستە نەرێنییەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات و بە

لۆجیکی ئەقڵ و بە نەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا بکات، چونکە زۆرجار خۆتووڕەکردن، بووەتە فاکتەرێک بۆ لێک دوورکەوتنەوە و شکستهێنانی دانوستانەکە و کەڵەکەبوونی کێشە و ئارێشەکان، هەروەها دەبێ بزانین بە تووڕەبوون و چاوسوورکردنەوە و دەنگبەرزکردنەوە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێ قەناعەت بەبەرامبەرەکەت بێنێ و کێشەکان چارەسەر بکات.

لەم سۆنگەیەوە دەبێ خۆمان لە تووڕەبوون بپارێزین و تا لە تواناماندا بێت پەنا بۆ ئەو چەکە کوشندەیە نەبەین، چونکە بێجگە لە کوشتنی بەهاکان و شکۆمەندی و خۆشەویستی، هیچی تری لێ سەوز نابێ، بە تایبەتی تووڕەبوونێک کە ببێتە هۆی بەزاندنی سنوورەکان و پێشێلکردنی مافەکان و تۆراندنی دڵەکان و فراوانکردنی مەودای جیاوازییەکان و... تاد.

* دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن: مرۆڤ چەندە زانا و دانا و شارەزا بێت، لە ژیانی ئاسایی خۆیدا هەر تووشی هەڵە دەبێ، چونکە گشت مرۆڤەکان هەڵە دەکەن، تەنیا خوایە هەڵە ناکات، هەڵەکردن عەیب نییە، بەڵام دان بەهەڵەدا نەنان، یاخۆ داپۆشینی هەڵە بەهەڵەیەکی تر، یان بەرگریکردن لە هەڵە، خەوشی و کەموکووڕییە، دەبێ هەموومان بەتایبەتی مرۆڤی دانوستانکار خۆی لێ بپارێزێ و توخنی نەکەوێ، بەڵکو هەر کاتێ زانی بە هەڵەدا چووە، پێش ئەوەی بەرانبەرەکەی هەڵەکەی بۆ راست کاتەوە، یان هەڵەکەی بەسەریدا بشکێتەوە، دەبێ هەڵەکەی راست کاتەوە و لە لۆمە و زەمی ئەم و ئەو نەترسێ، چونکە ئەمە جوانی بەکەسایەتیی ئەو دەدا و دڵ و دەروونی ئاسوودە دەکات و دەبێتە مایەی ڕەزامەندیی دۆست و تەنانەت نەیارانیشی.
* خۆپاراستن لە دەنگبەرزی: یەکێک لەو ئامۆژگارییانەی کە لوقمانی حەکیم ئاراستەی کوڕەکەی دەکات، کە قورئانی پیرۆز لە سورەتی لوقمان، لە ئایەتی[19]دا باسی دەکات، ئەوەیە کە دەنگی نزم کاتەوە و خۆی لە دەنگبەرزی بپارێزی، هەروەک پێی دەڵێت:" واغضض من صوتك× ان أنكر الاصوات لصوت الحمير" واتە لە قسەکردندا، دەنگت نزم بکەوە، بەڕاستی ناخۆشترینی دەنگەکان، دەنگی (سەرەی) گوێدرێژە[54].

بۆیە هیچ پێویست بەوە ناکات مرۆڤی دانوستانکار لە کاتی وتووێژدا، دەنگی خۆی لە ڕادەی پێویست بەرز بکاتەوە، چونکە دەنگبەرزکردنەوە هیچ لە هاوکێشەکە ناگۆڕێ، تەنیا مرۆڤ لە ڕێگەی بەڵگەی ڕاست و باوەڕپێکراوەوە دەتوانێ بباتەوە و بۆچوونەکانی خۆی سەرخات، نەک بە دەنگبەرزکردنەوە و هاتوهاوار و قیژاندن، ئەمەش بەو مانایە نییە کە دەنگی ئەوەندە نزم کاتەوە بەرانبەرەکەی گوێی لێ نەبێت، بگرە لە ئاخاوتندا مامناوەندی بێت و نە شیش بسووتێ نە کەباب.

* ڕێز و حورمەتی یەکتر گرتن: هەر جۆرە پێوەندییەکی ئەقڵانی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤی و... تاد، ئەگەر لەسەر ئەساسی ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی دانەمەزرا بێ، ئەستەم و مەحاڵە پێوەندییەکی تەندروست و ڕاست و دروست و سەرکەوتوو بێت، بۆیە پێویستە هەموومان بەتایبەتی دانوستانکارەکان هەوڵی ئەوە بدەن، پرەنسیپی ڕێز لە یەکتر گرتن لەنێو خۆیان و کۆمەڵگەشدا بچەسپێنن و بەکردەوە بەرجەستەی بکەن، تاکو ئەم ڕێز و حورمەت و خۆشەویستییە ببێتە پردێک بۆ لێک نزیکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی ئەوان و کەمکردنەوەی مەودای جیاوازییەکانیان، چونکە ڕێز لە بەرانبەر گرتن و مەدحکردنی لەسەر هەڵوێست و قسە جوان و ڕاستەکانی، دەبێتە مەرهەم و هەتوان بۆ سارێژکردنی برینەکان و دروستکردنی هێلانەی خۆشەویستی.

* خۆپاراستن لە هێنانەوەی قسەی لابەلا و، تێکەڵ و پێکەڵکردنی بابەتەکە: مرۆڤی دانوستانکار لە کاتی ئەنجامدانی هەر دانوستاندن و گفتوگۆیەکدا، دەبێ خاوەنی بیرۆکە و هزرێکی دیاریکراو و، بەرنامەیەکی پلان بۆداڕێژراو بێت، تا تووشی شڵەژان و سەرلێشێوان نەبێت و پەنا بۆ ئەملا و ئەولا نەبات، یان ناچار نەبێ تێکەڵی و پێکەڵییەک لە بابەتەکەدا بکات بەمەبەستی خۆدەربازکردن یان چەواشەکردنی بەرانبەر، چونکە ئەمە خزمەت بە پرۆسەی دانوستانێکی تەندروست ناکات و دەبێتە فاکتەرێکیش بۆ دوورکەوتنەوە لە کرۆکی بابەتەکە.

* بەهرەمەندبوون لە زانست (العلم): ئەڵبەتە مرۆڤ بەهۆی دەستگرتن بەزانست و زانیارییەوە، توانیویەتی بچێتە نێو قووڵایی دەریا و زەریا و زەوی و ئاسمانەکان و، پەی بە نهێنییەکانی ژیان ببات و هۆکارەکانی بەختەوەربوون و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بۆ مرۆڤەکان فەراهەم بکات، بۆیە ڕەنگە هیچ شتێک بەقەدەر زانست و زانیاری، جوانی و شکۆمەندی بە کەسایەتیی مرۆڤ نەدات، بە تایبەتی کەسایەتیی دانوستانکار، چونکە بەهۆی زانست و زانیارییەوە دەتوانێ قەناعەت بە بەرانبەرەکەی بکات و لایەنە ناڕۆشنەکانی بابەتەکە بەشێوەیەکی زانستی، راڤە و شرۆڤە بکات و خۆی لە هەڵە و کەموکوورییەکان بپارێزێ و کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونی بینەر و بیسەران دروست بکات.

لەم سۆنگەیەوە دەبێ هەردەم بەچەکی زانستەوە بچێتە کۆڕی دانوستانەوە، تاکو بتوانێ هەوری رەشی نەزانین و جەهالەت و نەفامی برەوێنێتەوە و بەردی بناغەی لێک تێگەیشتن بۆ ژیان دابنێ، هەروەها مرۆڤایەتی لە دەست بیرتەسکی و دەمارگیری و نەزانین رزگار بکات و هەوڵ و تەقەلا بۆ بەزانستیکردنی کۆمەڵگە بدات.

هەمدیس دەبێ زانست و زانیاری فاکتەرێک بێت بۆ قەناعەت بەیەکترهێنان و بنبڕکردن و کۆتاهێنان بە ناکۆکی و جیاوازییەکانیان.

* بە جوانی بابەتەکە رووماڵ بکەن: خستنەڕووی بابەتەکە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتییانە، بەڵگە و نیشانەی تێگەیشتن و پێگەیشتنی دانوستانکارانە، بۆیە نابێ بە پەڵەپرووزێ و بەبێ پلان و بەرنامە بچنە نێو بابەتی دانوستانەکەوە، چونکە ناڕێکی و تێکەڵ و پێکەڵییەک دروست دەبێ و هەلی لێک تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان لەبار دەچێ.

لەم سۆنگەیەوە پێویستە دانوستانکارەکان بەشێوەیەکی جوان و بەپێی پێویست خاڵەکانی بابەتەکە ریزبەندی و قۆناغبەندی بکەن، بۆ ئەوەی پێش و پاش نەکرێ و بەجوانی بخرێتە ڕوو و سوود بە پرۆسەکە بگەیەنێ.

* دەبێ بزانن هەر دانوستانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە: دانوستکار دەبێ بزانێ کەشوهەوای هەر دانوستانێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە و جێگەی هەموو وتەیەک تێیدا نابێتەوە، بۆیە دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵە بکات و بزانێت بۆ هەر شوێنێک کام هەڵوێست و بۆ هەر پرسیارێک کام وەڵام و بەرسڤ ئامادە بکات و بخاتە ڕوو، نەک وەک چێشتی مجێوری لێ بکات و بە پێخواسی بەناو بابەتەکان بکەوێ و کارێکی وا بکات نە سەری دانوستانەکە دیار بێ نە بنی، ئەمە میسداقیەتی دانوستانکار دەباتە ژێر پرسیارەوە و بەرانبەرەکەیشی بێزار و شەکەت دەکات.
* لەسەر دیاریکردنی چوارچێوەیەک بۆ دانوستانەکەیان ڕێک بکەون: پێویستە ئەو بابەتەی تاوتوێ دەکرێ و دەبێتە ئامانجی دانوستانەکە، ئاشکرا و دیار بێ و تەوەر و ڕەهەندەکانی دەستنیشان بکرێن و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بخرێنە ڕوو، بۆ ئەوەی بەرچاوڕۆشنییەک بۆ دانوستانکاران و بینەر و بیسەران هەبێ و، بزانن لە چ خاڵێکەوە دەست پێ بکەن و لە کامە خاڵیش کۆتاییی پێ بێنن.
* خۆپاراستن لە هزرپەرتی: هزرپەرتی و داڵغەلێدان لە کاتی دانوستاندا، دەبێتە هۆی پەشێوی و نارێکوپێکی لە قسەکردندا و دوورکەوتنەوە لە کرۆکی بابەتەکە و پەنابردن بۆ هەندێ چەمک و زاراوەی نادیار و ئاڵۆز، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەڵوێستی دانوستانکار بەرانبەر دوێنەرەکەی. بۆیە دەبێ زۆر بە ئەسپایی و هەستیاری مامەڵە لەگەڵ بابەتی دانوستانەکەیدا بکات و لە چوارچێوەکەی دەرنەچێ، ئەگەر دەریش چوو، بەزووترین کات بگەڕێتەوە بۆ ناو کەشوهەوای دانوستانەکە و بە هزر و جەستە ئامادە بێ نەک تەنیا بەجەستەکەی.
* بە ئینساف و ویژدان بوون: هەبوونی ئینساف و دادپەروەری بۆ هەموو بوونەوەرێک، بە تایبەتی بۆ مرۆڤ، بەها و حورمەت و جوانی و ڕێز و خۆشەویستییە، لەنێو مرۆڤەکانیش بۆ دانوستانکار زێدە خاس و پێویستە، چونکە ئەگەر دادپەروەری و ئینساف و ویژدان ڕەچاو بکرێ و بکرێتە بنەما

و پێوەری دانوستانەکە، نە کەس مافی کەسێکی تر دەخوات نە مافیشی دەخورێت، هەروەها پردێکی بەهێز و پتەوی پێوەندیش لەو ڕێگەیەوە دروست دەبێ و خۆشەویستی دەکەوێتە نێوانیانەوە و دانوستانەکەشیان بەرهەمدار دەبێ.

زانایەکی پایەبەرز، بەناوی (حاتم الاصم) دەڵێت: سێ خەسڵەتم هەیە، بەو سێ خەسڵەتە، بەسەر ڕکابەرەکەمدا سەردەکەوم، کە ئەمانەن:

١- ئەگەر ڕکابەرەکەم راستیی پێکا، پێی دڵشاد دەبم .

٢- ئەگەر هەڵەی کرد پێی غەمبار دەبم.

٣- دانیش بە خۆدا دەگرم بۆ ئەوەی لە بەرانبەریدا هیچ نەفامی و نەزانینێک ئەنجام نەدەم"[٥٥].

بۆیە پێویستە دانوستانکاران سوود لەم وتە پڕ بەها و بەنرخانە وەربگرن و سینگیان فراوان و دڵیان کراوە و چاویان ڕۆشن و ڕوومەتیان گەش و دەمیان پڕ لە بزە و خەندە بێت.

* خۆپاراستن لە یەکتربەزاندن: ئەو تایبەتمەندییەی کە دانوستان، لە دەمەقاڵێ و مشتومڕ جیا دەکاتەوە، کارکردنە بۆ بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکان و نەهێشتنی خاڵە جیاوازەکان، نەک یەکتربەزاندن و یەکترگەوزاندن، بۆیە نابێ دانوستانکار ئەم سنوور ببەزێنێ و هەوڵی بەزاندنی بەرانبەرەکەی بدات، چونکە دەبێتە هۆی تووڕەکردنی و چاندنی تۆوی ڕق و قینە لەنێو دڵ و دەروونیدا، هەروەها بیسەران و بینەرانیش هەراسان و جاڕس دەکات، بۆیە دەبێ هەردەم کار بۆ خۆشکردنی زەوینەی یەکترقبووڵکردن و پارێزگاریکردن لە لۆجیکی دانوستاندن و چەسپاندنی پرەنسیپی پێکەوەکارکردن و پێکەوەژیان و ژیانسازی و مرۆڤسازی بکرێ .
* خۆپاراستن لە دەمارگیری: خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ هەر بیروباوەڕ و هزر و ئایدیۆلۆژیایەک، نابێ بگاتە ئەندازەیەک کە بیر و هزر و ئایدیۆلۆجیایەکانی تر بسڕێتەوە، یان لە ١٠٠٪ رەت بکاتەوە، چونکە هەر کەسێک بەو

بیـرکـردنەوەیە دانوسـتـاندن ئەنجـام بدات دەبێـتـە هـۆی کوشـتـنی گـیـانی پێکەوەهەڵکردن و لێک تێگەیشتنی هاوبەش و دۆستایەتی و هاوڕایی و کات بەفیـڕۆدان و رەنج بە خـەسـار بـوون، چونکە بەو لۆجـیکە سـەقـەتـە، ناتوانێ هیـچ بـە هیچ بکـات، بەڵکو زیاتـر بەنزین بـە ئاگـردا دەکـات و هـەمـوو هەڵ و دەرفـەتەکـانی پێکـهـاتن و رێککەوتن و لێک نزیکبـوونەوە لەبار دەبـات، بۆیە ناخی خۆت وا ڕابهێنە شـوێنی هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی تێدا نەبێتەوە، با تەنیـا پێوەر بۆ دانوسـتانەکانت "راستی و دادپەروەری و بەڵگەی زانسـتی و لۆجیک " بێت و خۆت لە حەز و ئارەزوو و هەوا و هەوەس بەدوور بگرە.

* بە پەتی و پاراویی ئاخـاوتن : نابـێ کەسـانی دانوسـتـانکار، بەمـەبەسـتـی خـۆهـەڵکێـشـان و سـینگ دەرپەڕاندن و و مـەیدانخـوازی، زمـانزانی و قسەزانیی خۆیان خراپ بەکار بهێنن، بگرە رەچاوی ئاستی بەرانبەرەکەیان و بینەر و بیسـەرانیش بکەن و، بێ گرێ و پێچوپەنا بابەتەکە راڤە و شرۆڤە بکەن و، خۆیان لە بەکارهێنانی پەیڤ و ڕستەگەلێکی ئاڵۆز و نادیار و نامۆ بپارێزن، هـەروەها بەزمانێکی پەتی و پاراو قسـە بکەن، کە مانا و واتاکەیان بۆ هـەمـوو لایەک ڕۆشن و ئاشکرا بێت و لە هـەر جـۆرە چەواشـەکـاری و سەرلێشێواندن و لەخشتەبردنێک دوور بێت.

* گۆڕینی شـێوازی دەنگ لە کاتی پەیڤین (دەنگسـازی): باشـترین ئامراز بۆ گفتوگۆ و خستنەڕووی هەر بابەتێک (زمان)ە، دانوستانکار لە رێگەی زمان و تەبەقـاتی دەنگەکەیەوە (دەنگسـازی) دەتوانێ بەباشـترین و جـوانتـرین شـێوە مـەبەسـتـەکەی بگەیەنێ و، خزمـەت بە پرۆسـەکە بکات، بۆیە دەبێ بەپێی پێـویست سـوود لە (بەرزی، نزمی، هێـواشی، خـێرایی، سـسـتی، توندی)ی تەبەقاتی دەنگەکەی وەربگرێ .

گونجاندنی جووڵەی ئەندامانی جەستە لەگەڵ سروشتی ئاخاوتن: زۆرێک لە دانوسـتانکاران، لە کاتی وتووێژدا بەشـێوەیەکی نائاسایی، ئەندامانی لەش و جـەستـەی خۆیان دەخـەنە جووڵـەوە، ئەم بزاڤ و جووڵـەیە ئەگەر لە نەخـۆشـیی تیکە دەمـاریەکانەوە* سـەرچاوەیان نەگرتبـێت، شـتێکی ئاسـایی و نۆرمـاڵە،

بەڵام ئەگەر زیاد لە پێویست دووبارە و چەند بارە بووەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسە لە رووی دەروونییەوە دڵتەنگ و نیگەران و شپرزەیە.

بۆیە پێویستە دانوستانکار هەوڵ بدات جووڵەی ئەندامانی جەستەی خۆی لەگەڵ پەیڤینەکەی هاوسەنگ و هەوئاهەنگ بکات و جووڵەکانی بەئەندازەیەک نەبن سەرنجی ئامادەبووان و بینەر و بیسەران بۆ لای خۆی رابکێشێ و کرۆک و ناوەرۆکی بابەتەکەیان لە بیر بچێتەوە.

* رووی ئاخاوتنتان با ئاراستەی هەموو بەشداران بێت: وا باشە پێش ئەوەی دانوستانکار دەست بە قسە بکات، ئەم رێسایە لە بیر نەکات کە دەڵێت: "بێژەرێکی باش، دەبێ بیسەرێکی باش بێت" واتە بۆ ئەوەی بەجوانی و باشی گوێت بۆ شل بکەن، بەجوانی و باشی گوێیان بۆ شل بکە.

لەم سۆنگەیەوە دەبێ کاتی گفتوگۆ، رووی ئاخاوتنەکانت ئاراستەی گشت بەشداران بێت و لەلایەک قەتیسیان نەکەی، چونکە ئەم کارەت بەڵگەیە لەسەر گرینگیدانت بە بەرانبەر، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە بەرانبەرەکەشت باشتر گوێت بۆ رادەگرێ و بیسەرێکی باش دەبێ و جوانتر لە بابەتەکەت تێ دەگات.

* خۆتان لە هەڵەی زمانەوانی بپارێزن: زۆرجار پڕبێژی و درێژدادڕی و زۆرگوتن، هەڵەی زمانی و زمانەوانیی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەنگ و رەنگی بێژەر ناشیرین دەکات و دەبێتە خاڵێکی لاواز لە کەسایەتیی ئەودا، بۆیە زیرەکترین و ژیرترین بێژەر و دانوستانکار کەسێکە بەکورتترین پەیڤ و رستە، جوانترین واتا و مانا بەئاخاوتنەکانی بدا و خۆی لە شێوازی درێژدادڕی بپارێزێ و بەهێنانەوەی بەڵگە و نموونەی پێویست بەس بکات.[٥٦]

(غسان بن عبدالعزیز القین)یش لە پەڕتووکەکەیدا بەناوی (ادب الحوار في الاسلام)، بەم شێوەیە ئادابەکانی دانوستاندن دەخاتە ڕوو:

١ – دەبێ گفتوگۆی دانوستانکاران لەسەر بناغەی ڕاستگۆیی و لە پێناو دۆزینەوەی راستی و هەقیقەت بێت.

٢- دەبێ دانوستانکاران پابەندی بابەتی دانوستاندن بن.

٣ - دەبێ مەبەستی لایەنە دانوستانکاران دەرخستنی راستی بێت لە بابەتەکەدا، کە بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ خراوەتە روو.

٤- دەبێ دانوستانکار خاکی بێت و خۆی بەزۆر نەزانێ و لووتبەرز نەبێت، تەنانەت ئەگەر بەرانبەرەکەی هاوشانیشی نەبێت.

٥- دەرفەتدان بە ڕکابەر یان دانوستانکاری بەرانبەر، بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی بخاتە ڕوو، بەبێ خۆسەپاندن، یان زیانگەیاندن بە کەسایەتییەکەی.

٦- ڕێزگرتن لە ڕای ئاقڵمەندە دڵسۆزەکان.

٧- نابێ حوکمەکان بگشتێندرێن (تعمیم)، بگرە دەبێ بابەتەکان بەوردی دیاری بکرێن و بەدادپەروەری دابەش بکرێن.

٨- دەبێ دانوستانکاران دڵسۆزانە پشت بەشێوازی (ڤالابێژی و خستنەڕوو) ببەستن.

٩- دەبێ دانوستانکاران پشت بە ڕاستییە نەگۆڕەکان و زانیارییە راست و دروستەکان ببەستن، نەک بە وەهم و هەواڵی ئاڵۆز .

١٠- دەبێ لەلایەن دانوستانکارانەوە چەمکەکان دیاری بکرێن.

١١- نابێ دانوستانکاران خۆیان بەشتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکەن.

١٢- دەبێ دانوستاندن لەسەر بابەتێک بکرێت کە واقیعی بێت یان لە ڕوودانەوە نزیک بێت.

١٣- تا بکرێ دانوستاندن لە شوێنێکی چۆڵ و دوور لە جەنجاڵی و قەڵەباڵغی و ئاپۆڕای خەڵک ئەنجام بدرێت.

١٤- خۆپاراستن لە ناکۆکی و هاودژی، بەپێی توانا .

١٥- دانبەخۆداگرتن لە کاتە ناکۆکەکاندا .

١٦- سینگفراوانی.

١٧- دوورکەوتنەوە لەو بابەتانەی فیتنە و ئاژاوە دەنێنەوە.

١٨- له بەكارهێنانی كاتدا بەئینساف بن و كاتەكە بەشێوەیەكی دادپەروەرانە دابەش بكرێت.

١٩- بەباشی گوێ لە یەكتری بگرن.

٢٠- دەبێ دانوستانكاران لە كاتی ئەنجامدانی دانوستانەكەدا ڕژد بن.

٢١- دەبێ بەپێی پێویست قەباڵەنامەكان بخەنە ڕوو.

٢٢- ئەگەر كەسێک یان لایەنێک لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەسازیی ئەوەی تێدا نەبوو بچێتە ناو دانوستانەوە، وەک حاڵەتی دڵتەنگی، یان برسییەتی، یان میزهاتن و... تاد وا باشە خۆی لە ئەنجامدانی دانوستانەكە بەدوور بگرێ.

٢٣- دەبێ دانوستانكار بەپەلە و بەبێ بیركردنەوە وەڵامی بەرانبەرەكەی نەداتەوە، چونكە لە لۆجیک و هزرین دوور دەكەوێتەوە و بە هەقیقەت و ڕاستی ناگات .

٢٤- دەبێ خۆیان لە شێوازی درێژدادڕی بە دوور بگرن، تا جاڕسی و بێزاری دروست نەكات.

٢٥- دەبێ دانوستانكاران خۆیان لەو وشانە بەدوور بگرن كە نامۆن، یاخود زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرن، تا سەرلێشێواوی دروست نەكات.

٢٦- دەبێ كات و شوێنێكی گونجاو دیاری بكەن.

٢٨- دەبێ دانوستانكار بێدەنگ بێ تا نۆرەی قسەكردنی دێت، واتە قسەی لایەنی بەرانبەر نەبڕێ و دەرفەتی پێ بدات پەیڤینەكەی تەواو بكات.[٥٧]

(د. محمد الفاضل بن علي اللافي)یش لە كتێبەكەیدا بە ناوی (تاصيل الحوار الديني)، ئاماژە بە (٥) ئادابی گرینگ دەكات كە پێویستە دانوستانكاران لە بەرچاوی بگرن و ببنە هەوێنی هەر دانوستانێک، كە ئەمانەن:

١- گەڕان بەدوای ڕاستی و هەقیقەتدا.

٢- نیازپاكی و نیازباشی.

٣- تەنیا خوازیاری راستی بن.

٤- ئەگەر هەقیقەت و راستی سەلمێندرا، دەبێ دەستبەجێ و بەبێ زۆرلێکردن قبووڵی بکەن.

٥- بەباشی و جوانی مامەڵە و هەڵسوکەت لەگەڵ یەکتریدا بکەن[٥٨].

(هانی السلیمان)یش لە پەڕتووکەکەیدا بەناوی (الحوار)، باس لە کۆمەڵێک ئادابی دانوستاندن دەکات، کە لە چەند خاڵێکدا کورتیان دەکەینەوە و دەیانخەینە ڕوو:

* هەبوونی نیازپاکی و خۆدوورخستنەوە لە مشتومڕ و دەمەتەقێ و گێچەڵفرۆشتن بە بەرانبەر، چونکە دانوستاندن گۆڕەپانی شەڕ نییە کە تێیدا سەر بکەوین، بگرە مەبەستمان تەنیا خستنەڕووی راستی و هەقیقەتە، بۆیە نابێ دەمەقاڵێ و مشتومڕ جێیان لەنێو دانوستانەکەماندا ببێتەوە.
* جەخت لەسەر نەفسییەتی بەرژەوەندیی گشتی بکەینەوە.
* ئەگەر بمانەوێ دانوستانەکە سەرکەوتوو بێ، دەبێ پابەندی میسداقییەت بین و، راستگۆ بین، چونکە لە کاتی دانوستاندا هیچ بوارێک بۆ درۆ و چەواشەکاری و هەڵخەڵەتان نامێنێتەوە.
* ئارام بین و دەنگمان لە ڕادەی پێویست بەرز نەکەینەوە.
* مافی کەسانی تر بدەین و دەرفەتیان پێ بدەین گوزارشت لە بیر و بۆچوونەکانیان بکەن.
* بیسەرێکی باش بین.
* لە کاتی دانوستاندا بابەتییانە رەفتار و مامەڵە بکەین و ڕای کەسەکان بەلاوە بنێین، چونکە خوا ئێمەی بە جیاواز خوڵقاندووە و، هەموومان وەک یەک بیر ناکەینەوە.[٥٩]

مامۆستا (محمود ئیسماعیل)یش، لە چەند ئادابێکدا، کۆمەڵێک ئامۆژگاریی گرینگ بۆ ئێمە دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی لە کاتی دانوستانەکانماندا

بتوانین کاریگەری لەسەر لایەنی بەرانبەر دروست بکەین، کە ئەمانەن:

١- باشتر وایە شێوازی گفتوگۆ و دانوستاندن لە جیاتیی شێوازی فەرمان پێکردن بەکار بێنین.

٢- پێویستە لە کاتی دانوستاندا بەباشترین شێوە هەستەوەرەکانمان بخەینە کار، چونکە زووتر لە بەدیهێنانی ئامانجەکانمان نزیک دەبینەوە.

٣- دەبێ بەخاڵە هاوبەش و ئەرێنییەکان دەست پێ بکەین و، نابێ بەخاڵە جیاواز و نەرێنییەکان بچینە نێو بابەتەکەمانەوە.

٤- نابێ بەرانبەرەکانمان ناچار بکەین واز لە هزر و بیر و بۆچوونەکانیان بێنن.

٥- نابێ لە کاتی گفتوگۆدا لە چوارچێوەی بابەتی دانوستانەکە دەربچین.

٦- دەبێ خۆمان لە پڕبێژی و درێژدادڕی بپارێزین، چونکە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بیسەران لە دوای (٦٠) خولەکی یەکەم، تەرکیزیان نامێنێ و ساردی و بێزاری روویان تێ دەکات.

٧- پێشکێشکردنی بەڵگە پشتگیرەکان یان بەڵگە دژەکان، زیاتر کاریگەر دەبن بۆ سەرکەوتنی پێوەندی و رازیکردنی بیسەران، ئەگەر ئاستیان بەرز بێت، بەڵام ئەگەر ئاستی خوێندنیان نزمتر بێت، خستنەڕووی لایەنێک لە بابەتەکە بەسیەتی.

٨- دەبێ بایەخ و گرینگی بە پێداویستییەکانی بیسەران بدەین، چونکە زۆرتر و باشتر گوێمان بۆ شل دەکەن.

٩- ئەو خاڵانە دووبارە بکەینەوە کە پێویست و گرینگن، هەروەها خۆمان لە دووبارەکردنەوەی ئەو خاڵانە بپارێزین کە بەشێوەیەکی خۆنەویستانە لە دەممان دەردەچن.

١٠- زۆر هۆکار و فاکتەری کاریگەر بەکار بێنین و تەنیا پشت بە یەک هۆکار نەبەستین.

١١- تێبینیی وەڵامی بیسەران و پەرچەکرداریان و بیروڕای ئەوانی تر بکەین

بەرانبەر بەخۆمان.

١٢- ئەرکـمـانە ئەوانی تر ڕازی بکەین، نەک خـۆمـان، بەڵام هەندێک کـەس تەنیا گەرەکیانە خۆیان ڕازی بکەن، نازانن ڕازیکردنی ئەوانی تر ئەرکی خۆیانە.

١٣- دەبێ پەرۆش بین بۆ بەشدارپێکردنی بیسەران لە گفتوگۆکەماندا.

١٤- ئەگەر هەڵەیەکمان کرد وا باشە لە کاتی دانوستانەکەدا دان بەهەڵەی خۆمان دابنێین، بۆ ئەوەی میسداقییەتی خۆمان لە دەست نەدەین و ڕێز و حورمەتی خۆمان بپارێزین[٦١].

(عبدالله علی العلیان)یش بەم شێوەیە ئادابەکانی دانوستاندن دەخاتە ڕوو:

* بەجوانی بپەیڤین.

* پێشکێشکردنی ڕکابەر و ڕێزلێگرتنی.

* دەبێ هـەردوولایەنی دانوسـتـانکار بڕوایان بەو بنەمـایە هـەبێ کـە دەڵێت: "نابێ هەردەم لایەنێکی دانوستانکار بۆچوونەکانی خۆی بە ڕاست بزانێ و، هی بەرانبەرەکەیشی بە هەڵە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە" واتە مەرج نییە من هەردەم ١٠٠٪ لەسەر هەق بم و، تۆش هەردەم ١٠٠٪ هەڵە بیت".

* بەباشی و جـوانی گـوێگرتن و بیـستن، هەروەها خـۆدوورخـسـتنەوە لە قـسـەپێـبـڕین و هەڕەخـسـاندن بۆ بەرانبـەر، بۆ ئـەوەی گـوزارشـت لە بیروڕاکانی خۆی بکات.

* بەهەق ڕازیبوون و دانـان بەڕاستی و هەقیقەت، دوای سەلماندنی بە بەڵگە لەلایەن بەرانبەرەکەیەوە، هەروەها خـۆدوورخستنەوە لە دەمارگیری بۆ بیروڕای خۆی ئەگەر هاتو زانی لەسەر هەڵەیە(٦٢).

(عبدالرحمن حسن حبنکە المیدانی)یش لە کتێبی(ضوابط المعرفة)دا، باس لە کۆمەڵێک ئادابی دانوستاندن دەکات، کە ئەمانەی خوارەوە گرینگترینیانن:

١-نابێ دانوسـتانکار لەگەڵ کەسێکی خـاوەن هەیبەت و شـان و شـەوکـەت دانوستاندن بکات و دەبێ خـۆی لێ بەدوور بگرێ، بۆ ئەوەی کاریگەریی

لەسەر دروست نەکات و لە پێش چاویدا زەلیل نەبێ و، نەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانێ بەڵگە و دەلیلەکانی خۆی بخاتە ڕوو.

٢- نابێ دانوستانکار وا گومان ببات کە ڕکابەرەکەی کەسێکی کەم و لاواز و ناشایستەیە، چونکە دەبێتە هۆی کەم بایەخپێدانی و زاڵبوونی ڕکابەرەکەی بەسەریدا.

٣- نابێ دانوستانکار وا گومان ببات کە ڕکابەرەکەی زۆر لێی بەهێزترە، تاکو لە بەردەستیدا زەلیل نەبێ و بتوانێ بەڵگەکانی خۆی وەکو پێویست بخاتە ڕوو.

٤- نابێ لە کاتی دانوستاندا، لە رەوش و حاڵەتی دڵەڕاوکێ و شڵەژانی دەروونیدا بێ، یان کەموکوورییەکی وای هەبێ ببێتە هۆی ئەوەی میزاجە هزری و دەروونییەکەی تێک بدات، وەک حاڵەتی برسییەتی، یان تینوویەتی، یان پەنگخواردنی میزەکەی و... تاد.

٥- دەبێ دانوستانکاران لە کۆڕێکدا بەدیار یەکەوە دابنیشن و مەودای دانیشتنیان کەم بێ و ئاستی زانستییان لێک نزیک بێت.

٦- نابێ دانوستانکار پەلە بکات بۆ ئەوەی لە کەمترین ماوەدا ڕکابەرەکەی بێدەنگ بکات. چونکە تێڕوانینە هزرییەکەی دەشڵەژێ و لەو بەرنامە لۆجیکییە بەهێز و ئەو بیرۆکەیەی کە مەبەست لێی گەیشتنیەتی بەهەقیقەت و راستی، دووری دەخاتەوە.

٧- دەبێ هەردوو لایەنی دانوستانکار لە سەرخستنی هەقی و راستی بەشدار بن، تەنانەت ئەگەر لەسەر دەستی ڕکابەرەکەیشی بێت.

٨- دەبێ دانوستانکاران خۆیان لە گاڵتە و گاڵتەجاڕی بەدوور بگرن، یان هەر شتێکی تر کە ڕکابەر هەست بە سووکایەتی بکات، یان ناوبردنی بەنەزانی و گەمژەیی، وەک بزەکردن و ئاماژەکردن بە چاو و برۆ و، تانج و تانە و تەشەرلێدان.

٩- دەبێ دانوستانەکان بە کورتی بخرێنە ڕوو و، شێوازی درێژدادڕی پەیڕەو

نەکرێت، کە هیچ سوود و قازانجێکی نەبێت.

١٠- دەبێ دانوستانەکان دوور بن لە وشەی بیانی و نامۆ، یان وشەگەلێک کە زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرن، بەبێ گەڕانەوە بۆ یەکێکیان کە جێی مەبەستە.

١١- دەبێ دانوستانکاران بە قسە و وتەی گونجاو بێنە ناو بابەتەکەوە و، لێی دەرنەچن.

١٢- نابێ کەس لە دانوستانکاران بەرپەرچی ڕکابەرەکەی بداتەوە تاکو بە تەواوی لە مەبەستی نەگات.

١٣- دەبێ هەر یەکێ لە دانوستانکاران چاوەڕوان بێ تا ڕکابەرەکەی لە قسەکردن دەبێتەوە، هەروەها نابێ قسەی پێ ببڕێ بەر لە کۆتاییهاتنی وتەکەی.

١٤- ئەگەر بەهۆی دانوستانەوە ڕێگەی هەق دۆزرایەوە، دەبێ قبووڵی هەق بکەن.[٦٣]

## کولتووری دانوستاندن

ئەڵبەتە هەر گەل و نەتەوە و شارستانییەتێک خاوەنی کولتوور و فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیەتی، (عەبدال نووری) لەبارەی کولتووری نەتەوەییەوە دەبێژێ: "هەر نەتەوەیەک خاوەنی کولتووری خۆیەتی، ئەو کولتوورەش لە هەبوونی خۆیدا ریالیستی و سەربەخۆیە، مەبەست لێی هەموو ئەو توخمە نەتەوەییانەیە، ئەوانەی دەکەونە چوارچێوەی ڕۆشنبیریی ڕۆحی، وەک: زمان، مێژوو، هونەر، فۆلکلۆر، ئاین، فەلسەفە، رەوشت و بەها و، ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان".[٦٤] بەدید و بۆچوونی (د. سەلام ناوخۆش)یش کولتوور: "دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و زادەی هزری مرۆڤە".[٦٤]

بۆیە ناکرێ کولتوور بەمانا فراوانەکەی، کاریگەری لەسەر پرۆسەی دانوستاندن نەبێ، بەپێچەوانەوە هەر گەل و نەتەوەیەک ڕۆشنبیری و

کولتوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە، چونکە هیچ دانوستانێک بەبێ هەبوونی ئەم کولتوور و رۆشنبیرییە، مەحاڵە سەرکەوتوو و بەردار بێ، بۆیە هەر کەسێک گەرەکی بێ وەک سوارچاکێکی مەیدانی دانوستاندن ئەسپی خۆی تاو بدات و لە هەوڵی ئەوەدابێ ئەو مەودایە دوورەی کە لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا هەیە نزیک بکاتەوە و پردێکی پێوەندی لە نێوانیاندا دروست بکات و ئامانجەکانی دانوستاندن بپێکێ، پێویستە نەک هەر لەگەڵ کولتووری دانوستاندن ئاشنا بێ، بگرە کاریشی پێ بکات و بکاتە بنەما و هەوێنی دانوستانەکە.

بە ڕای بەندە گرینگترین خاسیەتەکانی ئەو کەس و کۆمەڵگەیانەی کە خاوەنی کولتووری دانوستانن، خۆی لەم چەند خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- بڕوایان بە دانوستاندن هەیە وەک بنەمایەکی نەگۆڕ و چەسپاو و کارا لە گشت کات و ساتێکدا.

٢- داننان بە ناسنامەی ئەوانی تری جیاواز لە خۆیان، لە ڕووی بیروباوەڕ و شارستانییەت و کولتوورییەوە و نەسڕینەوەیان.

٣- پەرەدان بە کولتووری دانوستاندن بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانی سەردەم و چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژە سەختەکان.

٤- شۆڕکردنەوەی پرەنسیپی دادپەروەری و یەکسانی بۆ نێو کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکاندا.

٥- لەخۆدادڕینی خەسڵەتی خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و خۆویستی.

٦- کارکردن بۆ لێک نزیکردنەوەی شارستانییە فرە جۆرەکان.

٧- نەبوونی هەستی دەمارگیری و بیرتەسکی و قۆرغکاری.

٨- پەرەدان بەهزری فرە لایەنی و فرە جۆری و فرە ڕەهەندی.

٩- مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهات و پاشهاتەکان بە رۆحێکی سەردەمیانە و دوور لە توندڕۆیی و توندوتیژی.

١٠- کارکردن بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی یەکترقبووڵکردن.

(محمد السماک)یش باس لە سیما و نیشانەکانی کولتووری دانوستاندن

دەکات، کە ئەمانەی خوارەوە گرینگترینیانن:

١- کرانەوە بە رووی ئەوی تردا، بۆ حاڵیبوون لە بیروڕاکەی، ئینجا بۆ لێک تێگەیشتن.

٢- ئیجتیهاد وەک هەر کارێکی تری هزری دەکرێ راست بێت یان هەڵە، هەروەها ئیجتیهاد پیرۆز و رەها(مطلق) و نەگۆڕ نییە، بگرە کارێکی مرۆڤانەیە و سنووردار و گۆڕاوە.

٣- کەس بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە بە رەهایی لەسەر هەق و راستییە، هەروەها بۆیشی نییە ئەوانی تر بەهەڵەدا بنێ، تەنیا لەبەرئەوەی قەناعەتیان پێ بکات کە بۆچوونەکەی جیاوازە .

٤- راستی و هەقیقەت شتێکی رێژەییە و رەها نییە.

٥- دانوستاندن بەر لە هەر شتێکی تر، پێویستی بەوەیە دان بە ئەوی تری جیاواز دابنێین و، نەک هەر رێز لە مافی بگرین لە تەبەنیکردنی ڕا، یان هەڵوێست، یان ئیجتیهادێکی جیاواز، بەڵکو رێز لە مافی بگرین لە بەرگریکردن لەو ڕا یان هەڵوێست یان ئیجتیهادەی کە هەیەتی.

٦- هەقیقەت وا نەبێ تەنیا لای (من) بێ، بەڵکو لەگەڵ (ئەوی تر)دا تەواو دەبێ، تەنانەت لە رێژەیەکەیشیدا، (سارتەر)یش دەڵێت :" ئەوی تر ناوبژیوانە لە نێوان من و نەفسی خۆمدا، چونکە کلیلێکە بۆ تێگەیشتن لە خۆم و هەستکردن بەهەبوونی خۆم"[٦٥].

(م. اردوان مستەفا)یش ئاماژە بە فەلسەفە و کولتووری دانوستاندن دەکات و کۆمەڵێک بنەما دەخاتە ڕوو، کە گرینگترینیان ئەمانەن:

* دانوستانی مرۆڤی ژیر لەسەر بناغەیەکی نەگۆڕ دامەزراوە.

* پشت بە فاکتەر و هۆکاری تەندروست دەبەستێت.

* مەبەست و ئامانجێکی پیرۆزی هەیە.

* پێوەندیی دانوستان، واتە گەڕانەوە لە شتێکەوە بۆ شتێک، ئەمەش فەزیلەتی دان بەهەڵە دانان لە ویژدانی مرۆڤدا جێگیر دەکات.

* جەخت لەسەر بەهابەرزیی ژیانی مرۆڤایەتی دەکاتەوە.
* دانوستاندن بەهایەکە لە بەها شارستانییەتەکان[٦٦].

## سوود و قازانجەکانی دانوستان

بێگومان ئەگەر بەجوانی و ڕێکوپێکی و وردی و بەشێوەیەکی زانستی و بابەتییانە، هەموو پێوەر و بنەما و پێداویستی و ئادابەکانی دانوستاندن لە بەڕێوەبردنی هەر جۆرە دانوستانێکدا بەکار بێنین، گومان لەوەدا نییە ئەو ئامانج و مەبەستانە دەپێکین کە لەو پێناوەدا دانوستانمان لەگەڵ ئەو یتری جیاواز لە خۆمان ئەنجام داوە.

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین دەستنیشانی ئەو سوود و قازانجانە بکەین کە لە ڕێگەی دانوستانەوە بەدەستی دێنین، لە هەمووشیان گرینگتر ئەمانەن:

* ڕەخساندنی زەوینەیەکی لەبار و گونجاو، بۆ باشتر یەکترناسین و یەکترخوێندنەوە.
* ڕەخساندنی زەوینەیەکی لەبار و گونجاو، بۆ پێکەوەژیان و سازان لەسەر گشت ئاستەکاندا.
* ڕەخساندنی زەوینەیەکی لەبار و گونجاو، بۆ داننان بە ئەوی تر و هەبوونی ڕاجیایی و فرە هزری و فرە کولتووری و فرە شارستانی.
* دۆزینەوەی هەڵەی خۆمان و پەیبردن بە ڕاستییە شاراوەکان.
* دروستکردنی پێوەندییەکی پتەو لەسەر بناغەی لێک گەیشتن و پێک گەیشتن.
* گۆڕینەوەی سەرمایەی هزری و زانستیی هەمەجۆر لە نێوان گشت لایەنەکاندا.
* ڕێگەنەدان بەگەشەکردنی هزری تاکڕەوی و خۆسەپاندن و خۆبەزلزانی و یەکترسڕینەوە.
* چەسپاندنی دادپەروەری و یەکسانی و بەرابەری و خۆشگوزەرانی بۆ گشت

مرۆڤایەتی.

* ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردنی هزری توندوتیژی و شەڕ و جەنگ و کارەسات و مەرگەساتەکان.
* پاراستنی بەها بەرزە مرۆڤییەکان و شکۆمەندی و حورمەتی مرۆڤ.
* پاراستنی مافی مرۆڤ لەسەر گشت ئاستەکاندا.
* برەودان بەگەشەی مرۆڤی و کولتووری و شارستانی.
* دۆزینەوەی ڕێکاری دروست و کاریگەر بۆ تەنگژە و کێشە دژوارەکان.
* ڕێگەگرتن لە گشت ئەو ناهەمواری و نەهامەتی و ناسۆرانەی کە بەهۆی لێکترازان و پێکهەڵشاخان و کۆمەڵکوژییەوە جیهانی گرتووەتەوە.
* دۆزینەوەی خاڵە هابەشەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.
* ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو و تێگەیشتن لە ئێستا و ڕوانین بۆ داهاتوو.

سەرچاوەکانی تایبەت بە پەراوێزەکان


١- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لەناو بازنەدا، ساڵی ١٩٩٩، ل٥.
٢- د. أميمة عبود، الحوار مع الغرب، دار الفكر للطباعة و النشر، الطبعة الاولى، ل٧١.
٣- هەمان سەرچاوە، ل ٧٢.
٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٢.
٥- نەوشیروان مستەفا ئەمین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥.
٦- غسان عبدالعزيز، أدب الحوار في الاسلام، ل١٩.
٧- ئەردەوان مستەفا، کۆواری التجديد، ژمارە ٤، ساڵی ٢٠١٠، ل١٥٧
٨- حمدي شفيق، الاسلام و الاخر، ل٢٨.
٩- محمد السماك، مقالات في الحوار الاسلامي المسيحي، ل ١٠٣.
١٠- د. محمد فاضل بن علي اللافي، تأصيل الحوارالديني، دار الحكمة، للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، سنة ٢٠٠٤، ص٣٤.
١١- د. أميمە عبود، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨.
١٢- هەمان سەرچاوە، ل٧١.
١٣- هەمان سەرچاوە، ل٧٢.
١٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٧.
١٥- هەمان سەرچاوە، ل٧٩.
١٦- هەمان سەرچاوە، ل٨٠.
١٧- هەمان سەرچاوە، ل٨٠.
١٨- هەمان سەرچاوە، ل٨٠.
١٩- طارق بن علي الحبيب، كيف تحاور، ناشر مؤسسة حورس الدولية للنشر والتوزيع، الطبع الاولي، ساڵی ٢٠٠٥، ل ٨.
٢٠- قورئانی پیرۆز، سورەتی البقرة، ئایەتی ٣٠.
٢١- مەلا محەمەد مەلا ساڵح، پوختەی تەفسیری قورئان، نشر احسان، چاپی سێیەم، ساڵی ٢٠٠٧، ل٦.
٢٢- قورئانی پیرۆز، سورەتی المائدة، ئایەتی٢٧-٣٠

٢٣- مەلا محەمەد مەلا ساڵح، پوختەی تەفسیری قورئان، هەمان سەرچاوە، ل ١١٢.
٢٤- نايف منير فارس، الاختلاف و آدابة و ضوابطة، دار ابن كثير للنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، ساڵی ٢٠٠٩، ل ٩.
٢٥- هەمان سەرچاوە، ل ٩.
٢٦- د. محمد خليفة حسن، الاسلام والحوار مع الحضارات، سلسلة مركز الدراسات الحضارية، عدد (١)، سنة ٢٠٠٤، ل ١٤٤.
٢٧- سيف الدين حسين شاهين، (أدب الحوار في الاسلام)، ل ٤١.
٢٨- عبدالله علي العليان، حوار الحضرات في القرن حادي والعشرين، ل ١٧٩- ١٨٩.
٢٩- د. محمد سيد طنطاوي، أدب الحوار في الاسلام، الناشر: دار نهضة مصر للطباعة والنشر و التوزيع، سنة ١٩٩٧، ل ٨-١١.
٣٠- عبدالله علي العليان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩-١١٥.
٣١- هەمان سەرچاوە، ل٣١.
٣٢- د. أميمة عبود، الحوار مع الغرب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨١-٨٢.
٣٣- هاني السلمان، الحوار، دار الاسراء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولي، ساڵی ٢٠٠٥، ل ١٢-١٣.
٣٤- د. أميمة عبود، الحوار مع الغرب، هەمان سەرچاوە، ل ٨٦.
٣٥- هاني السلمان، الحوار، هەمان سەرچاوە، ل (٧-٨-٤٠-٤٢).
٣٦- طارق بن علي الحبيب، كيف تحاور، سەرچاوە، ل ١٣.
٣٧- هەمان سەرچاوە، ل١٣ .
٣٨- د. محمد خليفة حسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨-١٣٩.
٣٩- هەمان سەرچاوە، ل١٣٤-١٣٥.
٤٠- هەمان سەرچاوە، ل١٣٥-١٣٦.
٤١- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٦.
٤٢- محمد السماك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.
٤٣- د. أميمة عبود، الحوار مع الغرب، هەمان سەرچاوە، ل٨٣-٨٥
٤٤- عبدالله علي العليان، هەمان سەرچاوە، ل٨٠-٨٧
٤٥- محمد علي التسخيري، كۆواری الاجتهاد، ژمارە٥٢-٥٣، ساڵی ٢٠٠١- ٢٠٠٢. ل٦٥- ٧٣.
٤٦- د. أميمة عبود، الحوار مع الغرب، هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

٤٧- د. محمد سعيد طنطاوي، أدب الحوار في الاسلام، هەمان سەرچاوە، ل١٥- ٨٣.
٤٨- سيف الدين حسين شاهين، هەمان سەرچاوە، ل٩٣-٩٥.
٤٩- حمدي شفيق، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.
٥٠- هەمان سەرچاوە، ل ٢٩-٣١.
٥١- ئەردەوان مستەفا، هەمان سەرچاوی پێشوو، ل١٦٢-١٦٦.
٥٢- طارق بن علي الحبيب، كيف تحاور، سەرچاوە، ل ٣٩.
٥٣- جگەرسۆزپێندرۆیی، هونەرێ پەیڤینێ (چەوا جوان باخڤین؟)، دەزگەها سپیرێز، سالا ٢٠٠٥، چاپا ئێکێ، ل ٦١.
٥٤- قورئانی پیرۆز، سورەتی لوقمان، ئایەتی ١٩.
(*) ئەم تیکانە هەندێک رەوش و حاڵەتی دەمارین، وەک: جووڵاندنی دەستەکان و برۆیەکان و نقوواندنی چاوەکان و سەرسووڕاندنەوە و... تاد)
٥٥- طارق بن علي الحبيب، كيف تحاور، سەرچاوە، ل ٦٤.
٥٦- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٥٧- غسان عبدالعزيز، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤ - ١٠٠.
٥٨- د. محمد فاضل بن علي اللافي، تأصيل الحوارالديني، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٨.
٥٩- هاني السلمان، الحوار، هەمان سەرچاوە، ل٢٠- ٢١.
٦٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٢- ٢٣.
٦١- عبدالله على العليان، هەمان سەرچاوە، ل٩٧- ١٠٧.
٦٢-عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني، ضوابط المعرفة، دار القلم ، سنة ٢٠٠٧، طبعة الثامنة، ل٣٧٢-٣٧٣ .
٦٣- عەبدال نووری، کەلتوور، ناسیونالیزم و بەعەرەبکردن. چاپخانەی هاوار، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٦، ل٢٢-٢٣.
٦٤- سەلام ناوخۆش، زەردەشتییەتی نوێ، لە نێوان کەلتوور ئاین و نەتەوەدا، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٠، ل٨.
٦٥- محمد السماک، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥-٦٧.
٦٦- ئەردەوان مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٥.

## پێڕست


پێشەکی ........ 5
پەیڤی "دانوستاندن" لە زمان و فەرهەنگە جیاجیاکانی جیهاندا ........ 7
مێژووی پەیدابوونی دانوستاندن بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ ........ 10
مرۆڤ بۆچی پەنا بۆ دانوستاندن دەبات؟ ........ 12
مرۆڤەکان بۆچی و لە چیدا جیاوازن؟ ........ 14
مرۆڤ و جیاوازییە فرە ڕەهەندەکان ........ 15
جیاوازییە ئەرێنی و نەرێنییەکان ........ 21
چەند جۆرە دانوستاندن هەیە؟ ........ 30
پاڵنەرەکانی دانوستاندن ........ 42
میکانیزمەکانی دانوستان ........ 46
ئامانج لە دانوستانی شارستانییە مرۆڤییەکان چییە؟ ........ 49
چۆن ئامانجەکانی دانوستاندن دەستەبەر بکەین؟ ........ 53
مەرجەکانی دانوستاندن ........ 54
پێوەر و بنەماکانی دانوستان ........ 58
ئادابەکانی دانوستان ........ 66
کولتووری دانوستاندن ........ 84
سوود و قازانجەکانی دانوستان ........ 87